ڕیکلام
bareaz
COMPANY

نۆزدە هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

ڕۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٩) سێشەممە ٢٠١٠/٩/١٤ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار

# دەستەی نەزاهە بۆ یەکێتیو چاودێریی داراییش بۆ پارتی

**چاوان عەلی**

سەرۆکی دەستەی نەزاهەی هەرێم دەدرێتە یەکێتیو سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییش دەدرێتە پارتیو سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانیش دابەشکردنی ئەو پۆستانە لەنێوان ئەو دوو حیزبە بە کارێکی خراپ دەزانێت.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیارە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا گفتوگۆ لەسەر پەسەندکردنی ناوی (هادی محەمەد کەریم ڕەحمانی) بکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، وتیشی: «ئەم کەسایەتییە کاندیدی پارتییەو لەبەرامبەریشدا یەکێتی ڕازیبووە بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دەستەی نەزاهەی هەرێم».

لە بەرامبەردا، د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان دابەشکردنی ئەو پۆستانە لەنێوان یەکێتیو پارتی بەکارێکی باش نازانێتو دەڵێت: «ئەگەر کەسێکی بێلایەنو سەربەخۆ سەرۆکایەتی ئەو دەزگا هەستیارانە نەکات، ئەوا ئەو دەزگایانە ناتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێبکەن».

هەرچەندە لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی چاودێریی داراییدا، ئەوە نەکراوەتە مەرج کە چەند کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوان خۆیان کاندید بکەنو دواتر باشترینیان دەنگی بۆ بدرێت، بەڵام وەک عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی دەڵێت: «ئەگەر دابەشکردنی پۆستی حیزبیی نییە بۆ سەرۆکایەتی ئەو دەزگایانە، ئەوا لانیکەم دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی دارایی گفتوگۆیان لەسەر کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دیوان بکردایە، ئەوجا بڕیار لەسەر یەک کاندید بدرایە تا دەنگی بۆ بدرێت».

عەونی بەزاز، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان وتی: «ئەگەر ئەو کاندیدەی دەستنیشانکراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییو دەنگی پێویستی بەدەستهێنا، ئەوا لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە مەرسومی بۆ دەردەکرێتو دواتر لە پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخوات».

لەئێستادا دوو دیوانی چاودێریی دارایی لەهەولێرو سلێمانی هەیەو پرۆژەیاسایەکیش ئامادەکراوە بۆ پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی هەرێم.




# (٧) ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ تونێلی ئەزمڕ تەرخاندەکرێت



**ڕۆژنامە**

بە بڕی زیاتر لە (٧) ملیۆن دۆلار، قۆناغی دووەمی تەواوکردنی تونێلی ئەزمڕ دەستپێدەکات، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵی پار لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لەلایەن حکومەتەوە تونێلەکە کرایەوە.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوە لە سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پاش تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی تونێلی ئەزمڕ، قۆناغی دووەمی پرۆژەکە دەستپێدەکات کە بریتی دەبێت لە دانانی سیستمی هەواگۆڕکێو شەبەکەی ڕووناککردنەوەو شەبەکەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاگرکوژێنەوەو دانانی سیستمی چاودێرییو چەند وردەکارییەکی دیکەی پێویست.

قۆناغی یەکەمی پرۆژەی دروستکردنی تونێلی ئەزمڕ، بە بڕی زیاتر لە (١٨) ملیۆن دۆلار جێبەجێکراو بە وتەی بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوە لە سلێمانی، قۆناغی دووەمی تەواوکردنی پرۆژەکەش، لە چوارچێوەی پرۆژە بەردەوامەکاندا بۆ ساڵی (٢٠١٠) بڕی (٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو بڕیاروایە پرۆژەکەش لەلایەن کۆمپانیای ئایزۆپۆلی تورکییەوە بە ماوەی (٨) مانگ جێبەجێبکرێت.

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠)دا بڕی (٨) ملیارو (٣٧٣) ملیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکانی (هەواگۆڕکێو ڕووناکیو ئاگرکوژێنەوەو پێداویستییەکانی دیکەی) تونێلی ئەزمر (پێشڕەو) تەرخانکراوە، کە بەرامبەر بە (٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلارەکەیە.

بۆ ل٢

# ئازادیی ڕۆژنامەگەرییو ڕادەربڕین لەبەردەم مەترسیدان

**ڕۆژنامە**

چاودێرانو ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن؛ کە هەوڵێکی مەترسیدار لە ئارادایە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییو ڕادەربڕین لە هەرێم.

لەئێستادا پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەرییو هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێم لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ئارادایەو پرۆژەی هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەرییش خراوەتە بەردەستی کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی یاسایی، کە لەو هەموارەدا جەخت لەسەر زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسو داخستنو قەدەغەکردنی چاپکراویش دەکاتەوە.

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی، وتی: «دوای ئەوەی دوو کەس لە ڕاگەیاندنی پارتیو یەکێتی تەکلیفکران بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەریی، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، ئێستا ئامادەیان کردووەو تەنیا ئەوەی ماوە لە ڕێگەی پەرلەمانتارەکانی خۆیانەوە لە پەرلەمان بە یاسایی بکەن».

هاوکات ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، بۆ «ڕۆژنامە»، وتی: «هەرێم وەک زۆر وڵاتی تر پێویستی بە ئەنجومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن هەیە، کە موتابەعەی یاسا بکاتو بەشداریی بکات لە پەرەپێدانی میدیادا، بەو حوکمەی ئێستا ئاریشەو لێکدانەوەی جیا بۆ بەرپرسیارێتی جەزائیو مەدەنیی دەکرێت».

هەڤاڵ ئەبوبەکر، چاودێرو پسپۆڕی میدیایی لەوبارەیەوە وتی: «ئەو ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، ڕەنگە ببێتە بوقی دەسەڵاتو ناچاربێت دەهۆڵ بۆ ئەو بکوتێت».

بۆ ل٢ و ٧

## ئازاد چالاک:



# نەوتو ئاسایشی نەتەوەیی کورد

٢٢

# دۆخی کەرکوک لە دیدی سێ نەتەوەکەوە

ل٨ و ٩

# دەتوانرێت خۆراکی (١٠) ملیۆن کەس لە کوردستان بەرهەمبهێنرێت

ل١٩

# حاکم قادر دەچێتە شوێنەکەی ئازاد بەرواری

**بەرهەم خالید**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕایگەیاند: لەکاتی ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، حاکم قادر حەمەجان، بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت لە پشکی یەکێتیو دەچێتە شوێنەکەی ئازاد بەرواری.

ئەو سەرچاوەیەی یەکێتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕێکەوتنێک لەنێوان یەکێتیو پارتیدا هەیە بۆئەوەی پاش ساڵێکی دیکە، پۆستی سەرۆکی حکومەت بدرێتەوە بە پارتیو لەو حاڵەتەشدا، جێگرەکەی لە یەکێتی دەبێتو ئەگەری زۆرە، حاکم قادر حەمەجان، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی، بۆ ئەو پۆستە دیاری بکرێت.

ڕۆژنامە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، پەیوەندی کرد بە حاکم قادرەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی ڕەتنەکردەوەو بێئاگایی خۆیشی لەو مەسەلەیە نیشاندا.

حاکم قادر حەمەجان عەزیز، لە دوایین کۆنگرەی یەکێتیدا کە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو بەسترا، توانیی بە کۆکردنەوەی (٩١٩) دەنگ دووەم دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بەدەستبهێنێتو بوو بە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.



بنەماڵەی سەردەشت جەژنیان نەکرد

ل٢

# ئەگەر هەیە (٢١٠) هەزار دینار بۆ مووچەی کارمەندانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگە زیادبکرێت

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لەسەر داوای لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ زیادکردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ، وەزیرانی (دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ) دەچنە پەرلەمان، هەرچەند دەبوو لە سەرەتای ئەمساڵەوە مووچەی ئەو هێزانە یەکبخرانایە.

بەپێی مادەی (٢٩)ی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا لەپەرلەمان پەسەندکرا، یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو دەزگایانەی کە یەکیاننەگرتووەتەوە لە ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت، دەبێت کاری پێبکرێت‌و هاوکات، لە دانیشتنی (٦/٢٩)ی پەرلەمانی کوردستاندا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش‌و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان کراو دواتر لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی‌و دارایی‌و ناوخۆو پێشمەرگەو پەرلەمانتاران کرا، سەرەڕای کۆتاییهاتنی پشووی هاوینەی پەرلەمان، بەڵام تا ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان دواڕاپۆرتیان لەسەر پرۆژەیاساکە ئامادەنەکردووەو بە وتەی ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ، چاوەڕوانی وەرگرتنی راوبۆچوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکانن.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بە مەبەستی هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی (ناوخۆو پێشمەرگەو ئاسایش)ی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراقیی، لە (٦/٢٦)دا بە نووسراوێک داوامان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە کە هەرسێ وەزیرانی (ناوخۆ، پێشمەرگەو دارایی‌و نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بێنە پەرلەمان‌و بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (٩/٢)دا نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆئەوەی لە ڕۆژی (٩/٢٠)دا وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بێنە پەرلەمان‌و لەگەڵ لیژنەی ناوخۆدا ئەو مەسەلەیە تاووتوێ بکەن.

وتیشی: «خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە کراوەو ئێستاش لەلای لیژنە پەیوەندیدارەکانەو ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ چاوەڕوانی راوبۆچوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکومەتین، پاشان ڕاپۆرتی خۆمانی لەسەر ئامادە دەکەین».

جیاوازی لە دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزەچەکدارەکانی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراقدا هەیە، لە عێراقدا دەرماڵەی خواردن بە بڕی (٢١٠) هەزار دینار دەدرێت بە هەموو هێزەچەکدارەکان، بەڵام لە هەرێم نادرێت، هەروەها جیاوازی لە پلەو پایەی بەرپرسانی ئەمنیی هەرێم لەگەڵ عێراقدا هەیە، جگەلەوەش لە دەرماڵەی مەترسیدا جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە پۆلیسی هاتووچۆ، هەمووکات مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی هەیە، کەچی لە دەرماڵەدا جیاوازی کراوە، تەنانەت جیاوازی لە مووچەی پۆلیسیشدا هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ یاساو بڕیارێک بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە دەرنەچووە.

بە بڕوای نەریمان عەبدوڵڵا: «حکومەتی هەرێم گرنگیی بە هێزەکانی ناوخۆ نەداوەو پشتگوێی خستوون‌و غەدرو ستەمی لێکردوون».

لەگەڵ ئەوەی دەبوو لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، مووچەی هێزەکانی ناوخۆو دەزگاکانی دیوانی چاودێریی دارایی یەکبخرانایە، بەڵام تا ئێستا ئەو هەنگاوە نەنراوەو پەرلەمانیش یەکخستنەوەکە بە پێویست دەزانێت.

پەرلەمانی کوردستان لە (٩/٧)دا، دانیشتەکانی خولی یەکەمی ساڵی دووەمی دەستپێکردەوەو لە وتەیەکیدا د. کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پێویستە لەسەر هەمووان، بەتایبەت لیژنەکان‌و فراکسیۆنەکان هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی دووئیدارەیی لە کوردستاندا نەمێنێت‌و هەر شتێک بۆنی دووئیدارەیی لێبێت، ئەرکی پەرلەمانە بەدواداچوونی بۆ بکات، بە تایبەتی لە یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشدا.

دلێر مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی دارایی‌و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: بەهۆی ئەوەی چەندین پرۆژە یاسا لە پەرلەمان دەرچوون‌و وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ نەکراوە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی وردیان بۆ بکات.

ئەوەشی خستەڕوو: بەپێی گرنگیی کێشەکان، هەر (٢٠)ڕۆژ جارێک وەزیرێک، یاخود بەرپرسێک بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت‌و دەربارەی جێبەجێکردنی یاساکان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.



فۆتۆ: ڕۆژنامە

# پێکهاتەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نادیارە

بەرهەم خالید

تا ئێستا هەیکەلی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نادیارەو جگە لە وەزیرو بەڕێوەبەرێکی گشتی، هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی ئەو وەزارەتە دیار نییە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە هەردوو کابینەی پێنج‌و شەشدا ئەو وەزارەتە دامەزراوە.

پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکاندا، بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکەن‌و پێیوایە، ئەو وەزارەتە بەپێی یاسای وەزارەتەکە، پێکنەهێنراوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی (٥) ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستا لە رووی پێکهاتەوە، بیناو بەڕێوەبەرایەتییەکان‌و هەیکەلی ئیداریی ئەو وەزارەتە نادیارەو پێکهاتەکانی روون نین.

عەبدوڵڵا مەلانوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، ڕایگەیاند: تێبینی‌و گومانیان لەسەر پێکهاتەی ئەو وەزارەتە هەیەو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکاندا، داوا لە وەزارەت‌و سەرۆکایەتیی حکومەت دەکەن، روونکردنەوەیان لەوبارەیەوە پێبدەن، چونکە پێیانوایە، یاسای ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٧) بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکراوەو ئەو وەزارەتە پەیڕەوی ناوخۆی نییە.

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، وتیشی: «وا دەردەکەوێت کە ئەو وەزارەتە بەپێی یاسا دانەمەزراوە، چونکە جگە لە وەزیرو راوێژکارێک، هیچ بەرپرس‌و فەرمانگەیەکی دیکەی ئەو وەزارەتە دیارنین، بۆیە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەین‌و داوا لە وەزارەت‌و سەرۆکایەتیی حکومەتیش دەکەین، روونکردنەوەمان بدەنێ تا ڕاستی‌و دروستی پێکهێنانی ئەو وەزارەتەمان بەپێی یاسا بۆ دەربکەوێت».

# شوێنێک بۆ فرۆکەخانە لە قەزای سۆران دیاریدەکرێت

ئەحمەد باڵەکی

قایمقامی قەزای سۆران ئاشکرای دەکات: لەئێستادا ماستەرپلانی قەزای سۆران لەلایەن دوو کۆمپانیای تورکی‌و فەڕەنسی جێبەجێدەکرێت‌و لەناو ئەم ماستەرپلانەشدا شوێنی فڕۆکەخانەیەکی مۆدێرن لە سۆران دیاریکراوە.

سۆران، گەورەترین قەزایە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێرو لە ئێستاشدا ژمارەی دانیشتووانی تەنیا لەناو سەنتەری قەزای سۆران زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس دەبێت، لەکاتێکدا لەپێش ساڵی (١٩٩١)دا ژمارەی دانیشتووانەکەی لە (٥) هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد.

فراوانبوونی قەزای سۆران دانیشتووانەکەی ناچارکرد کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن قەزاکە بکاتە پارێزگا، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و بەتایبەتیش لیستی کوردستانیی لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنیان دا سۆران بکرێتە پارێزگا، بەڵام هێشتا جێبەجێنەکراوە.

کرمانج عیزەت، قایمقامی قەزای سۆران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سۆران پێداویستی لە بەقەزابوون چووەتە دەرێ‌و پێویستە بکرێتە پارێزگا، هەموو شتێکی بە پارێزگابوونی تێدایە».

لەلایەکی دیکەوە کرمانج عیزەت باس لە ماستەرپلانی سۆران دەکات، کە ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە لەلایەن دوو کۆمپانیای تورکی‌و فەڕەنسی‌و لەناو ئەم ماستەر پلانەشدا شوێنی فڕۆکەخانەیەکی مۆدێرن لە سۆران دیاریکراوە.

# پسپۆڕێک: ئەنجامدانی سەرژمێریی سیاسەتی کورد بەرامبەر مادەی (١٤٠) دەگۆڕێت

بەرهەم خالید

پێکهاتەی فۆرمی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق، نیگەرانیی لێدەکەوێتەوە، شارەزایانی ئەو بوارەش ئاماژە بەوەدەکەن، هەندێک لە زانیارییەکانی فۆرمەکە هەوڵدانە بۆ دابەشکردن‌و پارچەپارچەکردنی کورد لەسەر بنەمای مەزهەب‌و ئایین.

نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی لە عێراق مشتومڕەکان لەسەر ئەو بابەتە توند دەبنەوەو چەند لایەنێک هەوڵی دواخستنی دەدەن، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە فۆرمی ڕاپرسییەکە هەوڵیداوە کورد پارچە پارچە بکات ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردە.

پسپۆڕێکی جوگرافیای هەڵبژاردنیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە پێدەچێت ئەنجامی سەرژمێرییەکە سیاسەتی کورد بەرامبەر مادەی (١٤٠) بگۆڕێت‌و ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە تائێستا کورد بە عاتیفە لەو مادەیەی ڕوانیوە، نەک ئەکادیمی‌و زانستییانە.

وا بڕیارە ٢٠١٠/١٠/٢٥ سەرژمێریی گشتیی لە عێراق ئەنجام بدرێت، کە ئەوەش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە بەوپێیەی (٢٣) ساڵە هیچ سەرژمێرییەکی گشتیی لە هەرێم ئەنجام نەدراوە.

دەرباز محەمەد، چاودێری سیاسیی‌و شارەزا لە جوگرافیای هەڵبژاردنەکان بە گرنگییەوە لەو سەرژمێرییە دەڕوانێت‌و پێیوایە؛ گرنگیی زۆری هەیە بۆ زانینی پێکهاتەو دابەشبوونی دانیشتووان کە ئەوەش بۆ پلاندانان‌و گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان گرنگە، چونکە دەتوانێت ئەوە ساغبکاتەوە، کە کورد چەندی عێراق پێکدەهێنێت‌و قورسایی نەتەوەیی کورد دەردەخات هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە ئامار دەبێتە ستانداردێک بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پارێزگاکانداو بۆ دیاریکردنی بودجەش گرنگیی خۆی هەیە.

بەبۆچوونی ئەو چاودێرە سەرژمێرییەکە بۆ کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) گرنگەو دەریدەخات کە لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا کورد چ ناوچەیەک دەباتەوەو کوێ لە دەستدەدات، بۆیە ڕەنگە سەرژمێرییەکە سیاسەتی کورد بەرامبەر مادەی (١٤٠) بگۆڕێت‌و دانوستان بەدوای خۆیدا بهێنێت‌و وتیشی: «تا ئێستا هێندەی بە عاتیفە کار لەسەر (١٤٠) کراوە، بە ئەکادیمی‌و زانستییانە نەبووە».

لە دانیشتنی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەماندا، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە گرنگیی سەرژمێریی کردو ڕەخنەی لە شێوازی فۆرمی سەرژمێرییەکە گرت، کە تێیدا کوردی لەسەر بنەمای مەزهەب‌و نەتەوە دابەشکردووە، کە ئەوەش لەو ناوچانە کار لەسەر ڕێژەی کورد دەکات.

دەرباز محەمەد، لەوبارەیەوە دەڵێت: پێویستە لە فۆرمی سەرژمێریدا ئایین‌و نەتەوە تێکەڵ نەکرێت، بۆیە ئێستا شیعەکان دەیانەوێت کوردی فەیلی لەسەر بنەمای مەزهەب جیابکەنەوە، ئەوەش نابێت‌و زیان بە کورد دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوە بکرێت دەبێت هەورامی‌و بادینیش جیابکرێتەوە، بۆیە دەبێت نەتەوەو ئایین لێکجیابکرێنەوە.

شێرزاد حافز، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕانیش پێیوایە؛ ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە بۆ مەسەلەی بودجەو ڕێژەی کورد لە ناوچەجێناکۆکەکان‌و ڕێژەی تەواوی کورد لە عێراقدا گرنگەو هەوڵەکانی دواخستنی ئەو سەرژمێرییەشی لە ناوچەجێناکۆکەکان بۆ دژایەتیکردنی کورد گەڕاندەوە، چونکە بە وتەی ئەو: «ئەو لایەنانە نایانەوێت ڕێژەی ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکان دەربکەوێت‌و پێیانوایە بە زیانی خۆیان تەواو دەبێت، پەرلەمانی کوردستانیش لە دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکاندا کار لەسەر ئەو بابەتە دەکات‌و لەگەڵ هەر پێشهاتێکدا هەڵوێستی خۆی دەبێت».



لەبری دوو یاسای نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، کار بە یاسای بەعس دەکرێت 4

## دوو هەڵسوڕاوی گۆڕان لە ئەوروپا گیانیان لەدەستدا

رۆژنامە

لـە گـەڕانـەوەیـانـدا لـە کـۆبـوونـەوەی ئەنجومەنەکانی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەوروپا، دوو ئەندامی ئەنجومەنی گۆڕانی بەریتانیا، لە وڵاتی بەلجیکا گیانیان لەدەستداو سێ کەسی تریش برینداربوون.

دوێنێ لە وڵاتـی نەرویجو لەسەر ڕێی گەڕانەوەیاندا، ئەندامانی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕانی بەریتانیا تووشی ڕووداوێکی هاتووچۆ بوونو بەهۆیەوە هەریەکە لە (سەردار نەمەڵیو زانای حاجی بەکر) گیانیان لە دەستداوەو (فوئاد سەلام، ڕێبوار خالید، شۆڕش حەمید) بە سەختی برینداربوون.

لە پەیامێکیشدانەوشیروان مستەفاهاوخەمیی خۆی بۆ کەسو کارو هاوڕێیانو گۆڕانخوازان ڕاگەیاند.

لە بەشێکی پەیامەکەی نەوشیروان مستەفادا هاتووە: «ئەو برادەرانەی ئێمە لەپێناو ئەرکێکی نیشتمانیی گەورەدا هاتبوونە وڵاتی ئەڵمانیاو بـەشـداربـوون لەگەڵماندا لە کۆبوونەوەو گفتوگۆیەکی گرنگدا سەبارەت بە قۆناغی داهـاتـووی بزووتنەوەکەمان، زۆر بـەداخو دڵتەنگین کە دووچاری ئەو کارەساتە هاتن».

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «لەم کاتەدا کە گوێبیستی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بووین پرسەو سەرەخۆشیی لە خۆمانو کەسوکاری کاکە (سەردار نەمەڵی، زانای حاجی بەکر)و سەرجەم گۆڕانخوازان دەکەین، داواکارین لە خودای گەورە بەهەشتی بەرین جێگەیان بێت، هاوکات هیوای زوو چاکبوونەوەو سەلامەتیش بۆ هەریەکە لە کاکە (فوئاد سەلام، ڕێبوار خالید، شۆڕش حەمید) دەخوازین.

# زیاتر لە (٢٥٠) هەزار گەشتیار هاتوونەتە کوردستان

کوردە جەمال


یەکێک لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان

لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا نزیکەی (٢٦٠) هەزار کەس لە ناوخۆو دەرەوە بـە مەبەستی گەشتکردن سـەردانـی سلێمانیو هەولێرو سۆرانیان کردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لە (١٠)ی مانگەوە لەلایەن بەرپرسانی سنووری ئێرانەوە ڕێنەدراوە هیچ گەشتیارێک بێتە ناو خاکی هەرێمەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لە بازگەکانەوە دەست بەڕێوەبەرێتییەکانی گەشتوگوزار گەیشتووە لە شارەکانی کوردستان، لە ڕۆژانـی جەژنی ڕەمەزاندا نزیکەی (٢٧) هـەزار کەس بۆ گەشت سەردانی سلێمانییان کردووە، کە (٢٠) هەزاریان لە شارەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراقو هەرێمەوە هاتوون، هـەروەک نزیکەی (٧) هەزاریش لەو گەشتیارانە لە وڵاتی ئێرانەوە بۆ گەشت ڕوویان لە شارەکە کردووە.

هەروەها نزیکەی (٦٠) هەزار کەس سەردانی هەولێرو (١٧٢) هەزار کەسیش سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری قەزای سۆرانیان کردووە.

مستەفا حەمە ڕەحیم، بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاریی لە گەشتوگوزاری سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا نزیکەی (٢٧) هەزار گەشتیاری ناوخۆو بیانی سەردانی شاری سلێمانیان کـردووە»، هەروەک نەیشاردەوە، کە ژمـارەی گەشتیاران بەراورد بە جەژنی ساڵانی ڕابردوو کەمی کردووە، ئەوەشی بۆ گەرمیی وەرزەکەو نزیکبوونەوەی کاتی خوێندنو ڕێپێنەدانی گەشتیارانی گـەڕانـدەوە کە لە (١٠)ی مانگەوە لەلایەن بەرپرسانی سنووری ئێرانەوە ڕێ لە هاتنە ناوەوەیان گیراوە بۆ هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە، مەولەوی جەبار، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕۆژانی جەژن نزیکەی (٦٠) هەزار کەس لە بازگەکانەوە سەردانی هەولێریان کـردووە»، بەڵام پێیوایە؛ ئەو گەشتیارانەی بۆ ماوەی (٢٤) سەعات لە هەولێر ماونەتەوەو وەک گەشتیار لە قەڵەم دەدرێن، نزیکەی (٤٠) هـەزار گەشتیار بـوونو وتیشی: «ژمارەکە لە ساڵانی پێشتر زیاتر بووەو ژمارەی گەشتیاران بۆ هەولێر بەردەوام لە زیادبووندایە».

لە جەژنانی ڕابردوودا بەهۆی زۆریی گەشتیارو کەمیی ژمـارەی شوێنی مانەوەیان بەشێکی زۆری گەشتیاران لە پارکو سەر شەقامەکان دەمانەوەو ئەوەش گرفتی بۆ دروستکردبوون.

لەوبارەیەوە مستەفا حەمە ڕەحیم، وتی: «ئەمساڵ گرفتی سەرەکیی نەکردنەوەی بەشێکی ڕێستورانتەکانو نانەواخانەکان بـوو ئینجا کەمیی شوێنی ئوتێل، هەرچەندە پێش جەژن نووسراومان کرد کە سەرجەم ڕێستورانتەکان بکرێنەوە، بۆیە بەنیازین بۆ ساڵانی داهاتوو یەکێک لە مەرجەکانی کردنەوەی ڕێستورانت لە مانگی ڕەمەزاندا پەیوەست بێت بەوەی لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا بیکەنەوە».

هەروەها لەبارەی ئەو گرفتانەشەوە لە شاری هەولێر، مەولەوی جەبار، وتی: «ژمـارەی ئەو گەشتیارانە لە توانای ئوتێلو مۆتێلەکانی ناو هەولێردا نییە، بۆیە ئەمساڵ چادرگەی گەشتیاریمان لە هەولێرو شەقڵاوەو سۆران دانا بۆ لەخۆگرتنی ئەو گەشتیارانەی لە ئوتێلو مۆتێلو کابینەکان جێیان نابێتەوە، بەوەش توانیمان (١٠٠٪) بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵبین، کە لە جەژنەکانی پێشوودا ڕووبەڕوومان بووەوە، لە هەولێر هەموو شەوانی جەژن پێشوازیمان لە نزیکەی (٤٥٠) گەشتیار کردووە، تەنیا لە سۆران کێشە هەبوو، چونکە ژمارەی گەشتیاران زۆر بوون»، ئەوەشی خستەڕوو تەنیا لە شەقڵاوە پارەیەکی ڕەمزیی لە گەشتیاران وەرگیراوە بۆ مانەوەیان لە چادرگەکان.

# پەرلەمانتارێکی کورد نەخشەی ڕێگا بۆ عێراق دەخاتەڕوو

رۆژنامە

پەرلەمانتارێکی گۆڕان نەخشە ڕێگایەک پێشکەش بەلایەنە عێراقییەکان دەکاتو تیایدا داوا دەکات سەرەتا دەرفەت بدرێتە عەلاوی حکومەت پێکبهێنێت گەر نەیتوانی دەرفەت بە مالیکیو دواتریش ئیئتیلافی نیشتمانیی بدرێت ئەگەرنا هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە.

د.لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی گۆڕان هەفتەی ڕابردوو نەخشە ڕێیەکی خستە بەردەستی هەریەکە لە نوری مالیکی و جەلال تاڵەبانی و ئەیاد عەلاوی و مەسعود بارزانی و عەمار حەکیم کە وەک پسپۆڕێکی دەستووریی ئامادەی کردووەو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات؛ لە غیابی ڕێکنەکەوتنی ئیئتیلافی نیشتمانییو دەوڵەتی یاسادا لەسەر یەک پاڵێوراو دەرفەت بدرێت بە ئەیاد عـەلاوی، وەک پاڵێوراوی لیستی عێراقییە، کە حکومەت پێکبهێنێتو گەر لە وادەی دیاریکراوی دەستووریدا کە یەک مانگە نەیتوانی ئەو کارە بکات، دەرفەت بە نوری مالیکی بدرێت وەک دووەم گەورەترین لیستو گەر ئەویش شکستی هێنا، ماف بە ئیئتیلافی نیشتمانیی بدرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتو گەر ئەویش شکستی هێنا هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە.

لەوبارەیەوە د.لەتیف شێخ مستەفا، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە هیچ لایەنێک بە ڕەسمیی وەڵامی پێشنیازەکانیان نەداوەتەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە مادەی (٧٦)ی دەستووری عێراق ئەو شرۆڤەیە هەڵدەگرێت کە دادگای فیدراڵیی بۆیکردووەو مافی داوە بۆ دوو لیستە شیعەکە حکومەت پێکبهێنن، بەڵام تائێستا هاوپەیمانێتیەکەیان وەهمییە بەوپێیەی سەرۆکو پەیڕەوی ناوخۆو تاکە پاڵێوراوی دیارینەکردووەو وتیشی: «لە (٧/١٤)ەوە عێراق لە بۆشایی دەستووریدایەو دەمانتوانی تا ئەو کاتە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پەرلەمانیش هەڵبژێرین، بەڵام نەکرا».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاشکرایکرد؛ کە دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنیش لەدوا هەنگاوی ئەو نەخشە ڕێگایەدا هاتووە: دیموکراسییە تا هاوڵاتییان لە ڕێگەیەوە سزای ئەو بەرپرسانە بدەن، کە نەیانتوانی لەسەر پێکهێنانی حکومەت ڕێکبکەون».

# دەزگایەکی توێژینەوە لە پەرلەمان دادەمەزرێت

شارا عەبدولڕەحمان

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، دەزگایەکی دیراسات دادەمەزرێنێت و لەشێوەی بانکی زانیاریدا، خزمەت بەو پرۆژەیاساو بڕیارانە دەکات کە پەرلەمان دەریان دەکات.

د. کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وتـی: «دەزگایەکی دیراسات بۆ پەرلەمان دادەمـەزرێـتو ئامادەکاریی بۆ کـراوەو شوێنی بۆ ئامادەکراوەو دوای تەواوکردنی کارەکانی، دەستبەکار دەبێت».

فرسەت ئەحمەد، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا، کارەکانی ئەو دەزگایە بەتەواویی دیارینەکراوە، بەڵام ئەوە بیرۆکەیەکی بەهێزەو بیناشی بۆ تەرخانکراوە، دوای ئەوەی کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری لەسەردەدات، دەستبەکار دەبێت».

سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو دەزگایە، لە ڕێگەی بانکی زانیارییەوە، سوودێکی زۆر بە پرۆژەیاساکان دەگەیەنێتو پێویست ناکات پەرلەمان بۆ دیراسەکردنی پـرۆژەیـەک، بـڕوات لـەمـلاولا زانیاریی کۆبکاتەوە.

# بنەماڵەی سەردەشت عوسمان جەژنیان نەکرد


فۆتۆ: پشتیوان جەمال

هەنگاوهاشم– هەولێر

تا ئێستا بکوژانی ڕۆژنامەنووس، سـەردەشـت عوسمان ئاشکرا نەکراونو بەوهۆیەشەوە بنەماڵەکەی بڕیاریاندا، جەژن بەبێ سەردەشت نەکەنو لەیەکەم ڕۆژی جەژندا، مەراسیمێکیان لەسەر گڵکۆی گۆڕەکەی سازکرد.

بنەماڵەکەی، ڕەخنە لەوە دەگرن کە لەماوەی چوار مانگدا، چەندین ڕووداوی دزییو کوشتن ئاشکرا کـراون، بـەڵام هیچ بۆ کەیسی سـەردەشـت عوسمان نـەکـراوە، لەگەڵئەوەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش زانیارییو توانای باشیان لەبەردەستدایە.

کەمال عوسمان، برای شەهید سەردەشت، بۆ ڕۆژنامە وتی: پاش چـوار مانگ لیژنەو لیژنەکاری، بـەڵام تا ئێستا ئەم لیژنەیە هیچ کارێکی نەکردووەو هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ دەستگیرکردنی بکوژانی سەردەشت.

بـاس لـەوەش دەکـات، تەنیا گوێبیست دەبین کە سـەرەداو بـەدەسـت گەیشتوون، تەنانەت لەچەند ڕۆژنامەیەکیش دەستکەوتنی ئەم سەرەداوانە باسیان لێوەکراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە، لیژنەی لێکۆڵینەوەش بێئەنجامەو بێهیواین لە لیژنەی لێکۆڵینەوە.

بەشدار عوسمان، برای شەهید سەردەشتیش، ئاماژە بەوەدەکات: ئەو مەڕاسیمە پەیامێک بوو بۆ دەزگا ئەمنییەکانو دەسەڵاتداران کە چوار مانگ بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنـامـەنـووس، سـەردەشـت عوسماندا تێپەڕیوەو تا ئێستا بکوژانی ئاشکرا نەکراون، بەڵام دەیان ڕووداوی دزییو قۆڵبڕینو کوشتن ڕوویانداوە لەماوەی ئەم چوار مانگەدا کە تاوانبارانیان ئاشکرا کراون، چونکە پۆلیس لەتوانایدا هەیە کە تاوانباران دەستگیربکات.

وتـیـشـی: زانـیـاریـی زۆر لـەبـەردەسـتـدا بـوو دەربـارەی تیرۆرکردنی سەردەشتو دەکرا کاری زیاتری لەسەربکرایە.

ڕۆژی (٢٠١٠/٥/٤) خوێندکارو ڕۆژنامەنووسی لاو، سەردەشت عوسمان لەبەردەم کۆلیژەکەیداو لەهەولێر، لەلایەن چەند کەسێکەوە ڕفێندراو پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی لـەشـاری مـوسـڵ دۆزرایـەوەو هێنرایەوە بۆ هەولێر.

### ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و...

پەیوەندیدار بەو باسە، ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی بەرگریی لە ئازادیی ڕۆژنـامـەوانـیو ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنـامـەنـووسـان، وتـی: «دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن فیکرەی یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستانە، بەڵام پێموانییە هەموو لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە کۆک بن».

وتیشی: «دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە هەوڵێکە بۆ بچووککردنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دەکرێت حیزبێک پێی خۆشبێت ئەنجومەنێک بۆ خۆی دروستبکات، بەڵام ناکرێت لە ڕێگەی ئەو ئەنجومەنەوە ڕۆژنامەکان موحاسەبە بکرێن، یان بۆ بەرتەسککردنەی سنووری ئازادییو مەبەستێکی سیاسییو شاراوە بەکاربێت».

هەروەها وتیشی: «ئازادیی ڕاگەیاندن بەتەنیا هی لایەنێک نییە، بەڵکو بەرهەمی ماندووبوونی هەموو لایـەکـەو خەڵک پێوەی ماندوو بووە، بۆیە لەو بڕوایەدام هێزە لیبڕاڵو شۆڕشگێڕەکان ناچنە ژێر باری پرۆژەیەکەوە بە زیانی ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانی بشکێتەوە».

### (٧) ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ...

بەڵام، لە بودجەی (٢٠٠٩) تەرخانکراوەو هیچی لێ سەرف نەکراوە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوە لە سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد؛ ماوەی پرۆژەکە (٨) مانگەو لە ساڵی (٢٠١٠) بڕی (٤) ملیارو (٣٧٣) ملیۆن دیاری بۆ وەرگیراوە، چونکە لەمساڵدا هـەر ئـەوەنـدە فریادەکەونو (٤) ملیارەکەی دیکە لە ساڵی (٢٠١١)دا وەریدەگرن.

## سەرهەنگ فەرەج، پەرلەمانتاری گۆڕان:

# یاسای نەزاهەمان پێباشە، بەڵام بۆ سەر ڕەفە نەبێت



سازدانی: سەنگەر جەمال

**سەرهەنگ فەرەج پەرلەمانتاری گۆڕان و ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی (رۆژنامە)دا ئاماژە بە پرسی گەندەڵیی دەکاتو کەموکووڕیی‌و هۆکارەکانی چارەسەرنەکردنی دەخاتەڕوو، هەروەک پێیوایە: تائێستا ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز نەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و ئەوەش دەخاتە ئەستۆی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.**

**رۆژنامە: گەندەڵیی لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە، ئایا گەیشتووەتە ڕێژەیەکی مەترسیدار وەک ئەوەی باس دەکرێت؟**

* لە هەموودنیادا گەندەڵیی هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جۆراوجۆر، هەرێمی کوردستانیش لەوە بەدەر نییە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، گەندەڵیی لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر ترسناکدایەو خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، ئەگەر ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بە نموونە بهێنینەوە، کە تێیدا عێراق یەکێکە لە پێشەنگی وڵاتە هەرە گەندەڵەکان لە دنیادا، دیارە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراقو لە پێدانی ئەو ڕیزبەندییەدا پشکی هەبووە.

لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستان گەندەڵیی تێیدا لە قۆناغێکی مەترسیداردایە، ئەوەش کە مرۆڤ بێئومێد دەکات، ئەوەیە تائێستا هەوڵو هەنگاوی جدیی نییە بۆ بەرگرتنو کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتەو بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ گەندەڵیی لە فراوانبووندایە.

**رۆژنامە: هۆکار چییە، کەمیی‌و لاوازیی دەزگاکانی چاودێریکردنە کە بواری گەندەڵیی فراوانکردووە؟**

* نەخێر، چونکە لە کوردستان دەزگای دیوانی چاودێری دارایی هەیەو داواکاری گشتیی‌و پەرلەمانی کوردستان هەیە، بۆیە دەزگای چاودێریکردن هەیە، بەڵام ئەو دامەزراوانە بەتایبەت پەرلەمانو داواکاری گشتیی بە کاری سەرەکیی خۆیان هەڵنەستاون، داواکاری گشتیی ماوەیەکە چەند دۆسیەیەکی گەندەڵیی جووڵاندووە، بەڵام یاسای داواکاری گشتیی پێویستی بە پشتگیریی‌و هەموارکردنە. تائێستا دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانیو هەولێر یەکیان نەگرتووەتەوەو ئەوەش کاریگەریی هەیە لەسەر گەندەڵیی. جگە لەوە یاسای زۆر باش هەیە لە یاسای سزادان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، بەڵام ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزمان نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، لە کا تێکد ا هە ست



## گەندەڵیی لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر ترسناکدایە

دەکەیت گەندەڵیی هەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و ئیداریی ئەم وڵاتەی گرتووەتەوە.

**رۆژنامە: ئەو ئیرادەیە بۆ نییە، لەکاتێکدا بەردەوام دەسەڵاتو لێپرسراوان باس لە پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و میکانیزمەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەکەن؟**

* بەداخەوە ئەوەی هەیە تائێستا قسەیەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش خولانەوەبووە لە بازنەیەکی داخراودا، چونکە مومکین نییە دوای نزیکەی (٢٠) ساڵ حکومڕانیی، بەرپرسێکی باڵا لەسەر گەندەڵیی دادگایی نەکرابێتو سزا نەدرابێت، یان چەندین کەیسو ڕاپۆرتی دیوانەکانی چاودێریی هەیە، بەڵام هەنگاوی عەمەلی بۆ نەنراوە، کێشەکە لەوەدایە لە بابەتی گوتارەوە شتی زۆر جوان لەسەر چارەسەرکردنی گەندەڵیی دەوترێت، بەڵام لە پراکتیکدا هیچ پێشەوەچوونێک نییە، ئەوەش دەریدەخات کە لە بنەمادا نییەتو ئیرادەیەکی جدیی نییە بۆ ئەو مەبەستە.

**رۆژنامە: لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتاوە کۆمەڵێک سەردانو کاری باشی کرد بۆ چاودێری دارایی‌و دادگای ئیداریی‌و داواکاری گشتیی، بەڵام دواتر سست بوو، هۆکارەکانی ئەوە چی بوون؟**

## تائێستا پەرلەمان وەزیرێکی بۆ لێپرسینەوە بانگنەکردووە

* من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان نایەوێت پرسی گەندەڵیی چارەسەر بکات، ئەگینا ئەوەندە ئاڵۆز نییە، کە نەتوانێت هەنگاوبنێت بۆ چارەسەرکردنی، لیژنەی نەزاهە جێی ئومێدی ئێمەش‌و خەڵکیش بوو، ئەو سەردانانەی کردیشمان بەدەمەوەچوونی زۆرباش هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە هەستمان بەوە کرد ڕێگری گەورە هەیە لەبەردەم ئیشوکارەکانی ئەم لیژنەیە، یەکێک لە ڕێگرییەکان سەرۆکایەتی پەرلەمانەکەی خۆمانە، کە هیچ هاوکارییەکمان ناکات، تەنانەت ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی کە دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوامان کرد بماندرێتێ تا لێپێچینەوەیان لەبارەوە بکرێت، بەڵام بەداخەوە بەبیانووی ئەوەی شوێنمان نییە فایلەکانمان نەدرایە، ئێستا شوێنیشمان هەیە، بەڵام یەک فایلمان لەوانە بینیوە، بۆیە ڕێگرییەکان زۆرن، بەڵام یەکەم ڕێگریی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، کە ئێمە نازانین موبەڕیری مەنتیقی چییە بۆ هاوکارینەکردنی لیژنەی نەزاهە، ئەوەش هەر لەو چوارچێوەیەدایە کە ئیرادە نییە بۆ چارەسەری گەندەڵیی‌و هەستدەکەین ئیرادەیەکی سیاسیی لە دەرەوەی پەرلەمان بەسەر پەرلەماندا زاڵەو ئەوەش وایکردووە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو هاوکارییە نەکات.

**رۆژنامە: لەم ساڵەدا لیژنەکەتان چیکردووە؟**

* لیژنەکەی ئێمە هیچی نەکردووە، چونکە کاری لیژنەکەی ئێمە چاودێریی‌و یاسادانانە، واتە کورتکراوەی کاری پەرلەمانە، بەڵام تائێستا لەم دوو کارە هیچیمان نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێک کۆبوونەوەو گفتوگۆمان لەبارەی یاسای دەستەی نەزاهەوە کردووە، ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کارەکانمان تەحجیم کراوە، چونکە سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە بە جیاوازیی فراکسیۆنەکانمانەوە ئیرادەمان هەیە بۆ کارکردن، بەڵام لە دەرەوەی خۆمان هاوکاری ناکرێین‌و ڕێگریشمان دەخرێتە بەردەم، دیارە دەسەڵات ویستوویەتی لیژنەیەکی شکڵیی لەژێر ئەوناوەدا لە پەرلەمان هەبێت.

**رۆژنامە: هۆکار چییە بۆ یەکنەگرتنەوەی دیوانەکانی چاودێری دارایی‌و نەدانی ڕاپۆرتەکانیان بەئێوە، تا چەند بووەتە بەربەست لە بەردەم کارەکانتاندا؟**

* یەکنەگرتنەوەی دیوانەکانی چاودێری دارایی بەربەستێکی گەورەیە، لەکاتێکدا ئەوە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەرچووە، بەڵام کاری پێنەکراوە، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠) ماوەیەک دیاریکرا بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایانەی یەکیاننەگرتووەتەوە، کە یەکێکیان دیوانی چاودێری دارایی بوو، کە دەبوو تا حوزەیرانی ئەمساڵ یەکبگرنەوە، بەڵام نە یاساکە کاریپێکراوەو نە بڕیارەکەی تر، کە ئەوانە دوو خەرقی قانوونی زۆر ڕوونن‌و کارەساتە بۆ پەرلەمانی کوردستان تائێستا قسەی لەسەر نەکردووە، لە کاتێکدا ئەوانە قابیلی قبووڵکردن نین.

بڕیاری یاسایی هەیە بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دیوانانە، بەڵام دیارە بڕیاری سیاسیی هەیە بۆ یەکنەگرتنەوەیان، ئەوەش کاریگەریی سلبیی هەیە لەسەر ئەوەی وەک پێویست لە گەندەڵیی نەپێچرێتەوە.

**رۆژنامە: بابێینە سەر دەستەی نەزاهە، بوونی دەستەی نەزاهە لە هەموو شوێنێک بە گرنگ دادەنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و لێپێچینەوە، هۆکاری ئەوە چییە کە تائێستا دەستەیەکی لەوشێوەیە لە کوردستان نییە؟**

* هۆکارەکە زۆر ڕوونە، کە ئیرادەیەک نەبووە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی.

**رۆژنامە: ماوەیەکە سەرقاڵی پڕۆژەیاسای دەستەی نەزاهەن، ئایا ئەو یاسایە چەند بەهێزەو ڕێگریی‌و لێپێچینەوە لە گەندەڵیی دەکات؟**

* یاساکە وەک فۆرم شتێکی باشە، جگە لەوەی لە وۆرکشۆپە تایبەتەکە کۆمەڵێک پسپۆڕ بانگهێشتکران سەرنجو تێبینی باشمان وەرگرت، فراکسیۆنەکەشمان پێشنیازی کردووە سەرۆکی دەزگاکە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، کە ئەوەش سەرەڕای دەسەڵاتی ئەو دەستەیە دەبێتە خاڵێکی تری بەهێزیی، یاساکە باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ سەر ڕەفە نەبێتو کاری پێبکرێت.

**رۆژنامە: تێڕوانینی گۆڕان بۆ پڕۆژەیاساکە چییە؟**

* لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەیاساکە تێبینی‌و سەرنجی خۆمان داوە بەهەندیش وەرگیراوە، ئەوەی ئێستا هەیە بە خراپی نازانین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو دەستەیە چۆن کاردەکاتو ئەو یاسایە تا چەند جێبەجێ دەکرێت، وەک وتم؛ ئێمە هیوادارین پڕۆژەیاساکە بۆ سەر ڕەفە نەبێت، بەڵکو کاری پێبکرێت.

## دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان نایەوێت پرسی گەندەڵیی چارەسەر بکات

**رۆژنامە: هەندێک پرس دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی لێک نزیککردووەتەوە، ئایا ئەو دووانە لە بوونی دەستەیەکی نەزاهەی بەهێزیشدا کۆکن، کە خاوەن تواناو سەڵاحیەتی لێپێچینەوەبێت؟**

## ئیرادەیەکی سیاسیی لە دەرەوەی پەرلەمان بەسەر پەرلەماندا زاڵە

* هەموو فراکسیۆنەکانی ناو لیژنەکە کۆکین لەسەر ئەوە، بەڵام بەبڕوای من ئەوە لە سەڵاحیەتو قودرەتی لیژنەکەو پەرلەمانیش بەدەرە، ئەوە بڕیارێکی باڵاتری دەوێت، کە پێویستە هەموو پەرلەمانتارانو فراکسیۆنەکان پشتیوانیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بکەین بە هەموو ئالیەتەکان، چونکە تا ئەو ئیرادەیەو ئەو پشتیوانییە دروست نەبێت من بێئومێد دەبم، چونکە حکومەت خۆی نایەت ئەوە بکات، بەڵکو ئەو مەسئولیەتە ئەخلاقییە لە ئەستۆی پەرلەمانەو هیوادارم لەمەودوا بەو ئەرکەی خۆی هەستێت.

**رۆژنامە: زۆر باس لە گەشەسەندنی کوردستان دەکرێت بەراورد بە بەغدا، بەڵام بەغدا لەڕووی نەزاهەو لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران لەپێش کوردستانەوەیە، هۆکاری ئەوە چییە؟**

* بەداخەوە ئەو قسانە دروشمی تێنەپەڕاندوو وەک دروشم مایەوە، تەمەننامان دەکرد بەراوردی کوردستانمان بەرامبەر یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بکردایە، نەک عێراق، بەڵام ئێستا عێراق لە مەسەلەی دەستەی نەزاهەو ڕووبەڕووبووونەوەی گەندەڵیدا زۆر لە پێش هەرێمی کوردستانەوەیە.

ساڵێک تێپەڕیوەو ئەم هەموو کێشەو کەموکووڕییانە هەیە لە وڵاتو کاری وەزارەتەکاندا، بەڵام تائێستا پەرلەمانی کوردستان وەزیرێکی بانگهێشت نەکردووە بۆ لێپرسینەوە، لەکاتێکدا وەزیرمان هەیە لە هەولێر ئاگای لە ئیشوکارەکانی سلێمانی نییە، چ جای ئاگای لە گەندەڵیی‌و سەرپێچیی یاسایی هەیە.

لە عێراقدا هێزێک هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە تائێستا دوو حیزبی سیاسیی گەورە هەبووە، کە قۆرغی دەسەڵاتیان کردووەو حکومەتیان بەڕێوەبردووە، ئەگەر گەندەڵیی‌و خروقاتێک هەبووبێت لەناو ئەو دوو حیزبەدا هەبووەو ئەگەر حکومەت ئیشکالیەتی هەبووبێت، ئەوان لێی بەرپرس بوون، ئەوانە هۆکاری ئەوەبوون تائێستا لێپرسینەوەی جدیی نەکرێت.

بۆیە هەبوونی ویستو نەبوونی هێزێک بووە، کە تائێستا لە کوردستان بەوشێوەیە بووە، ئێستاش ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزمان دەوێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی لە کوردستان، کە تائێستا نییە، ئومێد دەکەین بۆ ئایندە هەمانبێت.

ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی: دەکرێت فراکسیۆنەکان شێوازێکی تازەی کارکردن پەیڕەو بکەن 6

### لە هەرێم سیستمی مەرکەزیی پەیڕەو دەکرێت

# لەبری دوو یاسای نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، کار بە یاسای بەعس دەکرێت

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

نزیکەی ساڵێکە کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزگار بەردەوامەو تا ئێستاش هیچکام لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان، وەڵامی یاداشتێکی ئەنجومەنەکەیان نەداوەتەوەو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پەرلەمانتارێکیش رایدەگەیەنن، کە دەسەڵات کار بە یاسایەکی کۆنی بەعسو سیستمی مەرکەزیی دەکات.

## گەڕانەوە بۆ یاسای بەعس

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، بە بڕیاری (٧١)ی بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکا لە عێراق، هەڵبژاردنی بۆکراو بەپێی ئەو بڕیارەش، سیستمی لامەرکەزیی لە پارێزگاکانی عێراق پەیڕەو دەکرا، بەوپێیەی دەسەڵاتی داوەتە ئەنجومەنەکان، دوای ئەوەش پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٤)ی پارێزگاکانی دەرکرد، بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەوە لە پارێزگاکانی کوردستان، کار بەم یاسایە نەکراوەو ئێستا باس لەوە دەکرێت، دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ کارکردن بەمادەی (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)ی سەردەمی بەعس.

کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەو کاتەوە سەریهەڵدا، کە دوای دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری پێشوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکە، بڕیاری دامەزراندنی پارێزگارێکی نوێی دەرکرد، دوای کێشمەکێشو دروستبوونی بارگرژیی، ئەنجومەن یاداشتی ئاراستەی هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو حکومەت کرد.

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری گۆڕانو ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، لەبارەی دوا گۆڕانگارییەکانی کێشەکەوە بۆ ڕۆژنامە، وتی: «دوای بڕیارەکانی حکومەت بۆ دیاریکردنی پارێزگارو جێگرەکانی، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەری کێشەکەیان، نووسراویان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، بۆ ئەوەی بیانەوێت رای ئەوان بزانن، ئێستاش سەرۆکایەتیی پەرلەمان، نووسراوەکەی ناردووەتە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بۆئەوەی رایان بزانن لەو بارەیەوە، بەڵام بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی وا دەخوێنرێتەوە کە بیانەوێت پارێزگا کار بە مادەی (١٥٩)ی ڕژێمی عێراقی بکات، کە ساڵی (١٩٦٩)دەرچووە».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، بە پێویستی دەزانێت، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستانیش ئەنجامدەدرێت، دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان بە بڕیاری بریمەر کاربکەن، بەوپێیەی هەڵبژاردنەکەیان لەسەر ئەو بنەمایە بووە، وتیشی: «ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەر یاسایەکی پێشووتر، ئەوە کارێکی نایاساییەو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەیەکی دیموکراسییە لە کوردستان بە بڕیارێکی سیاسی، چونکە کارکردن بە بڕیارو یاسای بەعس، واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بە بڕیاری بریمەر دەرچووە، بە پشتبەستن بە یاسایەک کە ئەنجومەنەکە بەوە هەڵنەبژێردراوە».



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

**پێدەچێت بە بڕیارێک، هەرچی دەسەڵات هەیە**

**لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی بسەننەوەو بیدەنە پارێزگارەکان**

### «سیستمی مەرکەزیی پەیڕەو دەکرێت»

کاردۆ محەمەد، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان، یان بەیاسای بریمەر، یان بە یاسای ژمارە (٤)ی پارێزگاکان کاربکەن کە پەرلەمان پەسەندی کردووە، نەک بگەڕێینەوە بۆ دواوەو کار بە یاسای سەردەمی بەعس بکرێت.

چونکە وەک ئەو دەڵێت: «بە گەڕانەوە بۆ ئەو یاسایە، ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵێکی وایان نامێنێت، کە وەک پێویستبنو ئەنجومەنێکی لۆکالی بنو پارێزگایەک بەڕێوەبەرن، لەکاتێکدا ئەوە بەپێی تایبەتمەندیی، ئەو یاسایەیە کە پێی هەڵبژێردراوەو دەبێت لامەرکەزیی ڕۆڵی بدرێتێ لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگاکەدا»، بڕواشی وایە کە ئەوەش «هۆکاری سیاسیو عەقلیەتی زاڵی ناوەندێتییە، کە ئەوەش گرفتێکی زۆر بۆ هاوڵاتییانو بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەو شارانە دروستدەکات، جگە لەوەی کە ویستێکە لە بڕیارە ناوەندییەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسییەکانی مەبەستیانە»، ئەوەشی خستەڕوو کە لەو بڕوایەدا نییە، ئەو کێشەیە بخرێتە بەرنامەی گفتوگۆکانی پەرلەمانو «رەنگە رای لیژنەی یاساییش بەوشێوەیە بێت کە کار بە یاسا کۆنەکە بکرێت».

لای خۆشیەوە، کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دووپاتی کردەوە، کە تا ئێستا نە پەرلەمان، نە حکومەت، وەڵامیان نەداونەتەوەو «سەرۆکی هەرێمیش بێدەنگیی هەڵبژاردووەو تا ئێستا ئەویش وەڵامی نەداوینەتەوەو پێدەچێت بەم نزیکانە بڕیارێک دەرکەن کە هەرچی دەسەڵات هەیە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان بسەننەوەو هەمووی بخەنە دەست پارێزگارەکان»، هەروەک بڕیارێکی لەو شێوەیەش بە پاشەکشەیەکی گەورە دەزانێت لە سیستمی لامەرکەزییو سەپاندنی مەرکەزیی بەسەر وڵاتدا.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، رەخنەی ئەوەی گرت، کە دەسەڵات دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوەو لەبری سیستمی لامەرکەزیی کار بە سیستمی مەرکەزیی بکات، هەروەک ئومێدی بە پەرلەمان نییە بۆ چارەسەری کێشەکەو وتی: «دەسەڵات، لە مەنتیقی هێزەوە بڕوایان بە یاسا نییە، چونکە ئەگەر ئەم وڵاتە یاسای تێدابوایە، ئەو کێشەیە نەدەگەیشت بەو شێوەیە، ئەگەر پەرلەمانیش قسە لەسەر کێشەکە بکات، بە سوودی ئەنجومەنی پارێزگا ناشکێتەوەو بە پێچەوانەوە هەموو بڕیارو دەسەڵاتەکان دەخەنە دەستی پارێزگاری سلێمانی کە ئەوەش پاشەکشەیەکی گەورەیە لە لامەرکەزیی، بۆیە لەبری ئەوەی بەرەو پێشەوە بچین، دەگەڕێینەوە دواوە».



کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

# دەیان هەزار پەنابەری کورد، لەبەردەم هەڕەشەی ناردنەوەدان

راپۆرتی: هەنگاو هاشم- هەولێر

لەماوەی کەمتر لە (١٠)ڕۆژدا، زیاتر لە (١٥٠) پەنابەری کوردی خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی، لە ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغداوە دیپۆرتی هەرێمی کوردستان کراونەتەوەو هاوکات، (٢٥-٥٠)هەزار پەنابەری تری کورد، لەژێر هەڕەشەی بەزۆر ناردنەوەدان.

ئامانج عەبدوڵڵا، سەرۆکی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەران لەهەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ناردنەوەی پەنابەرانی کورد، درێژەی هەیەو لەماوەی کەمتر لە (١٠) ڕۆژدا، دوو وەجبە لەپەنابەرانی کورد دیپۆرت کرانەوە، کە ژمارەیان زیاتر لە (١٥٠)کەسە، لەگەڵ ئەمانەشدا پەنابەران دوچاری ئەشکەنجە بوونەتەوە لەلایەن کۆماندۆی بەریتانیو کارمەندانی پۆلیسی فڕۆکەخانەی بەغداوە، ئەوەش یەکەمجار نییەو دووبارەش دەبێتەوە.

سەرۆکی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەران، ئاماژەی بەوەشدا: پەنابەر هەیە ماوەی (١٠) ساڵە لە دەرەوەی وڵات دەژی، بەڵام لەکاتی کارکردنی، یان لەکاتی شەودا دەیانبەن بۆ کەمپە زۆرەملێیەکانو لەوێ بەبێ ئەوەی بواریان بدەن، لەگەڵ پارێزەرەکانیان قسەبکەن، تەنانەت ناهێڵن لەبانکە حسابییەکاندا پارەی کارکردنەکانیان رابکێشن، ئەمەش پێشێلکاریی مافی مرۆڤە.

ناوبراو ئاماژە بەوەشدەکات: ئەگەر بێتو سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران درێژەی هەبێت، زیاتر لە (٢٥ -٥٠) هەزار پەنابەری کورد لەبەردەم ئەگەری ناردنەوەدان، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ حکومەتی هەرێم.

لەدوای تەواوبوونی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستانو لەکۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە تا ئێستا، گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن، بەڵام وڵاتانی ئەورپا وەک بەریتانیاو نەرویج، بە پاساوی نەبوونی ئیقامەوە، دەیاننێرنەوە وڵاتی خۆیان.

سەباح ساڵح، یەکێک لەو پەنابەرە کوردانەی شاری هەولێرە کە دیپۆرت کراوەتەوە، بۆ ڕۆژنامە وتی: لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر دەستبەسەربووین لە کەمپە زۆرەملێیەکانی بەریتانیا، بەم هۆیەوە بەشێکی زۆری لەپەنابەران توشی نەخۆشیی دەروونیی بوون، دوو لەپەنابەران هەوڵی خۆکوشتنیان داو چەندکەسێکیان خۆیان بریندارکرد.

سەباح، باس لەوەش دەکات: کاتێک ئەوانیان برد بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا، توشی لێدانو ئازارێکی زۆر بوون لەلایەن کۆماندۆکانی بەریتانیو پۆلیسەکانی فڕۆکەخانەی بەغداوەو بەهۆی ئەوەوە بڕیاریاندابوو لەفڕۆکە دانەبەزنو نارازیبوونی خۆیان نیشاندابوو لە بەزۆرناردنەوەیان.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکاندا، بەزۆرناردنەوەی پەنابەران ڕەتدەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ فشارێکی جدیی لە حکومەتی هەرێمەوە بۆ وەستاندنی ئەم پرۆسە نامرۆییە نەبینراوە.

بەفرین حسێن، بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەگەڵ بەزۆرناردنەوەی پەنابەران نین، لەبەرئەوەی لەگەڵ ڕەوشو بنەماکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، چونکە لەجاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا بەڕوونیی ئاماژە بەوە کراوە، مرۆڤ ئازادە کە هەر شوێنێک هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لێی بژی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەکوێدا بیەوێت، بۆی هەیە بژی.

بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەوەش دەخاتەڕوو: لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک پەنابەر بە نایاسایی ڕۆیشتوون بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بەشێک لە پەنابەران کە هاتوونەتەوە بێکارنو توشی نەخۆشیی دەروونیی بوونو باری داراییان زۆر خراپە، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەسیان هەیە، خوێندکار بوونو خوێندنیان بەجێهێشتووە تا گەیشتوونەتە ئەوێ.

باسی لەوەشکرد: لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەفدی فیدراسیۆنی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە، وەفدەکە باسیان لەوەکرد کە ڕێکەوتننامە کراوە لە نێوان حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەم وڵاتانە، بەڵام حکومەتی هەرێم بێئاگایی خۆی لەم بابەت نیشاندا، داوامان لەوەفدەکە کرد بەڵگەو دۆکیومێنتمان دەربارەی ئەم بابەت بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕاستە یان نا، بەڵام تا ئێستا بەدەستمان نەگەیشتووە، تا بتوانین کاری لەسەربکەین.

بۆ وەستاندنی بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانیش، فیدراسیۆنی باڵای پەنابەران، چەندین ڕێگەیان گرتووەتەبەرو بەردەوام لەگفتوگۆدان لەگەڵ حکومەتی عێراقو هەرێمی کوردستانو ئەو وڵاتانەی پەنابەران دەنێرنەوە.

ئامانج عەبدوڵڵا، بەپێویستیشی دەزانێت، سەرۆک کۆماری عێراق فشار بۆ حکومەتی مەرکەزیی دروستبکات تا پەنابەرانی بەزۆر نێردراوە وەرنەگرێتەوەو حکومەتی هەرێم، داوا لەنەتەوەیەکگرتووەکان بکات ئەم سیاسەتە کۆتایی پێبهێنێت، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستانیش، فشار دروست بکات دەرهەق بەو پێشێلکارییانەی ئەنجامدەدرێن.

پێشتریش فیدراسیۆنی پەنابەران، حکومەتی هەرێمی کوردستانو عێراقیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە ڕێکەوتننامەی نهێنیی لەنێوانیاندایە بۆ بەزۆرناردنەوەی پەنابەران، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەمەشی ڕەتدەکردەوە.

بەفرین حسێن، ئاماژە بەوەش دەکات: تا ئێستا پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا نەکردووە، چونکە هیچ بەڵگەو دۆکیومێنتێکیان لەبەردەست نییە کە بیسەلمێنێت ڕێکەوتننامە کراوە لەگەڵ بەغدا، بەمەبەستی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران.



### ڕوونکردنەوە

لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٠/٩/٧ لە ژمارە (٥٩٨) لە ڕۆژنامەکەتان ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە لاپەڕە (٨) چاوپێکەوتنێکتان لەگەڵ من ئەنجام داوە لەژێر مانشێتی ( حکومەتی هەرێم بایەخ بە کەیسی سەرکوتکردنو پاکتاوی نەژادی نادات) بڵاوبووەتەوە دەمەوێت ئەم ڕوونکردنەوە بخەمە ڕوو:-

١- ئەم چاوپێکەوتنە پێشی (٢١) ڕۆژ ئەنجام دراوە پێش ئەوەی بڵاوبکرێتەوە ئاگاداری سازدەری چاوپێکەوتنەکەم کردووە بەڕێز (هەنگاو هاشم) لە ئۆفیسی خۆم لە هەولێر کە پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە ئیمێلێک بۆ من ڕەوانە بکات تاکو بەدواداچوون بکەم وە ڕاستکردنەوە بکەم، بەڵام نەینارد بۆمو پابەندنەبوو بەو داواکارییەی من بەتایبەتی ڕۆژنامە ڕۆژنامە هەفتانە دەردەچێتو لەو ماوەیەدا بەڕێز (د.مەجید حەمەدئەمین)م بینی وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/٩/٢، کە بەڵێنی دا خەرجیی پێویست بۆ شاندی لاهای بخاتە ئەستۆ ئەگەر دوو دەفتەریش خەرج بکرێت.

٢- مەبەستمان نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە بەغدا، نەک حکومەتی هەرێم لە کوردستان، کە بایەخ نادات بە کەیسەکان وە بە بەشێکی نازانێت لە ئەرکەکانی خۆی بۆ نموونە هۆتێل ڕەشید لەژێر نۆژەنکردنەوەدایە کە شوێنی حەوانەوەی ئێمەیە لە زەمانی کەیسی ئەنفالدا لە ٢٠٠٦/٨/٢١ تاکو ئێستا، بەڵام بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە دەبێ بەجێی بهێڵن، چونکە پێشوازیی لە میوانان ناکەن، وە لەدوای جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز ڕاستەوخۆ دانیشتنمان هەیە لەسەر هەردوو کەیسی پاکتاوی نەژادی ٢٠١٠/٩/١٥ وە سەرکوتکردنی ڕاپەڕین ٢٠١٠/٩/١٩، بۆیە دەبێت ئەم کێشە چارەسەر بکرێت، نەک بۆ کەیسەکانی ئێمە، بەڵکو بۆ کەیسەکانی تری وەک (بارزانییەکان، کوردە فەیلییەکان). لەگەڵ ڕێزماندا

**پارێزەر/ عەبد وڕەحمان حاجی زێباری**

**سەرۆکی دەستەی داکوکیکار لە هەردوو کەیسی پاکتاوی نەژادیو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی (١٩٩١).**

### ڕوونکردنەوە بۆ بەڕێز عەبدولڕەحمان زێباری

١_ بەهیچ شێوەیەک کاک عەبدولڕەحمان پێی نەوتوم پێش ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دابەزێت بۆمی بنێرەوە، تەنها لەدوای چاوپێکەوتنەکە ئەدرەسی خۆمان ئاڵوگۆڕکرد.

٢_ سەبارەت بەدواکەوتنی چاوپێکەوتنەکەش، نەخێر ١٤ ڕۆژ نیە ئەنجامدراوە بەڵکو لە ٨/٢٨دا ئەنجامدراوە کە تاوەکو دەگاتە ئەو ژمارەیەی بڵاوبۆوە ١٠ڕۆژ دەکات واتە تەنها یەک ژمارەی ڕابردوو نەتوانرا بڵاوبکرێتەوە ئەویش لەبەر کەمی دەرفەتی بڵاوکردنەوە لەو ژمارەیەدا لەگەڵ ڕێزمان

**هەنگاوهاشم/ ئەنجامدەری چاوپێکەوتنەکە**

## رۆژنامەگەریی لەژێر نەشتەری دەسەڵاتدا

# ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە هەرێم دروستدەکرێت

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای رۆژنامەگەریی‌و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە هەرێم، رۆژنامەنووسان دووچاری ترس لە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان دەکاتەوەو پارتی دیموکراتیش وەک بکەری هەوڵەکان، بۆ رێکخستنی کاری میدیایی دەیگێڕێتەوە.**

گۆڕانکارییەکانی دوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی (٢٠٠٩) لە دەرکەوتنی هێزی نوێ لە جەستەی سیاسیی هەرێم‌و زیادبوونی کاریگەریی میدیای ئەهلیی لەو چوارچێوەیە بەدەستبردن بۆ بەشێک لەو



**هەڤاڵ ئەبوبەکر:**
**ئەنجومەنی راگەیاندن ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێتە رەنگە ببێتە بوقی دەسەڵات**

زانیارییە نهێنییانەی پێشتر لە چنگی حیزبە باڵادەستەکان دەرنەدەهاتن، بەرە بەرە دەسەڵاتی بەرەو مەوقیفی ئیحراجبوون ئاراستە کرد، لێرەوە چاوەڕوانکراوە ئەوانەی زیانمەند دەبن لە دەستکراوەیی میدیای ئازادو ئەهلیی، میکانیزمێک بسازێنن بۆ چاوخشاندنەوە بە گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی رۆژنامەنووسان لە یاسای رۆژنامەگەریی ساڵی (٢٠٠٧)دا بەدەستیانهێناوە.

### هەمواری یاسای رۆژنامەگەریی

لە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: «ئەوەی بەناوی ئازادییەوە دەکرێت فەوزایە، بەناوی ئازادییەوە بێ بەڵگە هێرش دەکرێتە سەر یەکێک‌و بە مافی ئەویش نازانرێت بەپێی یاسا بەرگریی لەخۆی بکات، ئەوە فەوزای خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادییەی هەرێمە نابێت چیتر قبوولبکرێت».

پێشتریش بەشەکەی تری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەیادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەشکەوتی جاسەنە ئاماژەی بە هەمواری یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەریی کرد.



**ئاری هەرسین:**
**ئەو یاسایەی ئێستا هەیە تەنیا بۆ رۆژنامەیە، پێویستە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ رێکخستنی کاری رادیۆو تەلەفزیۆن‌و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانیش**

رەنگدانەوەی ئەو گوتارانەو پاشهاتەکانی رۆژانی دواتر، لە بەریەککەوتنی زیاتری دەسەڵات‌و میدیا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنەی تەواو گرژ کرد، بەشێوەیەک جگە لە گەرمبوونی بازاڕی تۆمارکردنی داواو سکاڵای یاسایی لەسەر چەندین رۆژنامەو گۆڤار پرۆژەیاسایەکیش بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن هاتووەتە بوون، کە لەکاتی بەرپرسیارێتی یاساییدا جەخت لەسەر دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس‌و داخستن‌و قەدەغەکردنی چاپکراویش دەکاتەوە.

کەمال رەئوف، سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی، باس لەوە دەکات: دوای ئەوەی دوو کەس لە راگەیاندنی پارتی‌و یەکێتی تەکلیفکران بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای رۆژنامەگەریی، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئێستا ئامادەیان کردووەو تەنیا ئەوەی ماوە لە رێگەی پەرلەمانتارەکانی خۆیانەوە لە پەرلەمان بە یاسایی بکەن.

سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوو ساڵە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکان بیریان لەوە کردووەتەوە میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادییەی لە بواری رادەربڕیندا هەیە، ئەوان پێیانوایە وتنی شتەکان‌و دەرخستنی کەموکورتییەکانیان لەڕووی جەماوەرییەوە زیانیان پێدەگەیەنێت، بۆیە دەسەڵات‌و بەتایبەت سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر ئەوە کۆکن ئەم یاسایە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت».

لای خۆشیەوە ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، بڕوای وایە: سیاسەتی دژایەتیکردن‌و توندوتیژیی دەرهەق بە میدیای ئازاد سەرناگرێت، بۆ ئەمەش بۆچوونەکانی لەسەر چەند خاڵێک راگیردەکات‌و دەڵێت: «لە پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆنی بەهێز هەیەو توانای دروستکردنی گوشاری هەیەو لەناو فراکسیۆنی کوردستانیش تایبەتتر پەرلەمانتارەکانی یەکێتیی نیشتمانی رایەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ئازادییەکانی رۆژنامەگەریی سانسۆر نەکرێت. لەئاستی جەماوەرییشدا راستە پارتی خاوەنی زۆرینەیە، بەڵام ناتوانێت سیاسەتی رەهای خۆی بسەپێنێت، چونکە لەناو ئەوانیش تەیاری نێچیرڤان بارزانی بەپێچەوانەی باڵی سەرۆکەوە بیردەکاتەوە، هەروەها چاوی هێزە دەرەکییەکانی ئەمریکاو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکار لە ئازادیی‌و ئازادیی رۆژنامەگەریی ئەو بەربەستانەن کە سنوورکێشانی ئازادییەکانی هەرێم کاڵدەکەنەوە».

میرە کە زیاتر رووی دەمی لە پارتییە، ئاماژە بەوەش دەکات: ئەو سیاسەتەی لە هەرێم بەرامبەر رۆژنامەگەریی جێبەجێدەکرێت، سیاسەتی جینۆسایدی ئازادییە، بۆیە ناکرێت هیچ هێزێکی سیاسیی رەوایەتی بەخۆی بدات بۆ پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە، وەک ئەو وتی: «دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە تاکڕەوییە، باجی قورسی بەدواوەیە».



**ئەحمەد میرە:**
**ئەو سیاسەتەی لە هەرێم بەرامبەر رۆژنامەگەریی جێبەجێدەکرێت، سیاسەتی جینۆسایدی ئازادییە**

بە بڕوای هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای رۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی: ئەوەی رێگرە لەبەردەم دانانی کۆت‌وبەند بۆ کایەی رۆژنامەوانیی لە یاسای رۆژنامەگەرییدا، هەبوونی دۆخێکە کە ئەگەری ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی بەرچاوە، دەڵێت: «ئەم بابەتە پەیوەندیی بەوەوە نییە کێ لە دەسەڵاتدایە، بڕواناکەم ئەوان بوێرن لەناو یاسادا جێ بۆ کۆت‌وبەندی رۆژنامەوانیی بکەنەوە، چونکە یاساکان بۆ زەمەنی درێژخایەن کاردەکەن‌و پەیوەندیی بەوەوە نییە کێ حاکمە، رەنگە ئەوانەی ئەمڕۆ لە دەسەڵاتن بەیانی ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن‌و ناچاربن ئەوکات لەگەڵ میدیای ئەهلیی ئیش بکەن».

هەڤاڵ روونیدەکاتەوە، هەوڵەکان بۆ هەمواری یاسای رۆژنامەوانیی‌و توندکردنی سزاکان بەردەوام هەیە، زۆرجار دەبینین لەناو حیزبە عەلمانییەکان‌و ئیسلامییەکانیش سەرزەنشتی سەرکردەو کاربەدەستانی خۆیان دەکەن، کە لێدوانیان بە کەناڵەکان دەدەن، بەڵام بە پشتبەستن بە دەستووری هەمیشەیی عێراق‌و پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێم پشتیوانن لە نەگونجاندنی رێکخستنی یاسایەک بۆ دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم ئازادییەکان.

بە پێچەوانەی بۆچوونی سەرنووسەری هاوڵاتی‌و لڤین، بەرپرسی راگەیاندنی پارتی



**کەمال رەئوف:**
**دوو ساڵە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکان بیریان لەوە کردووەتەوە میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادییەی لە بواری رادەربڕیندا هەیە**

لە سلێمانی، ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەک بۆ رۆژنامەگەریی بۆ رێکخستنی ئامرازەکانی بیستراوو بینراوو خوێنراو دەگێڕێتەوە، نەک کەمکردنەوەی سنووری ئازادییەکان.

ئاری هەرسین وتی: «ئەو یاسایەی ئێستا هەیە تەنیا بۆ رۆژنامەیە، ئێستا پێویستدەکات میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ رێکخستنی کاری رادیۆو تەلەفزیۆن‌و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانیش، واتە ئەمە بە مانای بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەوانیی، یان ئەوە نییە ئێمە وەک پارتی لە ژوورێکی تاریک دانیشتبێتین‌و لە هەوڵی قۆرغکردنی ناوەندی راگەیاندن‌و ساحەی راگەیاندن بین».

هەرسین پێی سەیرە! خەڵکانێک هەبن دژی ئامادەکردنی پرۆژەیاسا بن، بەشێوەیەک دەڵێت: «ئەگەر پرۆژەیەک ئامادەکرابێت خۆ دنیا تێکناچێت، پرۆژەیەو بۆمان هەیە قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر دەشڵێن سەپێندراوە، راست نییە، چونکە نەکراوەتە یاسا».

لەبارەی تەداخولاتی سەرۆکی هەرێمیش، بەرپرسی راگەیاندنی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: رای جەنابی سەرۆک ئەوەیە، سەرۆکایەتی هەرێم تەداخولی ناکات، ئێمەش وەک پارتی ئیجازە بە خۆمان نادەین ببینە دەمڕاستی هەموو خەڵکی کوردستان، بێئەوەی پەرلەمان ئاگای لێبێت لەپشت دەرگای داخراوو لە ژووری تاریکەوە پرۆژەیاسا بنووسین‌و رێکبکەوین لەسەری، چونکە وەک ئەو وتی: «ئەگەر وابکەین، جیاوازیی نامێنێت لەنێوان ئێمەو سیستمێکی دیکتاتۆردا».

یەکێک لەو شانازییانەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆرجار بە بەرگی خۆیدا دەکات، ئەو پەراوێزە ئازادییەیە لەناو یاسای ژمارەی (٣٥)ی رۆژنامەگەرییدا جێی بۆ کراوەتەوە، بۆیە ئەوانیش لە حاڵەتی هەمواری ئەو یاسایەدا قسەیان هەیە.

ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەمواری یاسا ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییەو نابێت قبوولبکرێت، هەر جۆرە پاشەکشێیەکە لەو ئازادییانەی بۆ کایەی رۆژنامەوانی بەدەستهاتووە، واتە ئێمە پشتگیریی هەموارێک ناکەین بە زیانی ئازادیی رۆژنامەوانی بشکێتەوە».

### ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن

بۆبەدواچوونی یاسای رۆژنامەگەریی‌و چاودێریکردنی کایەی رۆژنامەوانی، لەسەرەتای ئەمساڵەوە چەند کادیرێکی دیاری راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بیرۆکەی دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنیان خستووەتە بەرچاو، بەپێی بۆچوونی شارەزایان کاریگەریی ئەم ئەنجومەنە راستەوخۆ گرێدراوە بە سیستمی سیاسییەوە، واتە دەکرێت لە سیستمی کراوەدا خزمەتێکی باش بکات‌و لە سیستمێکی ناسەقامگیریشدا بە ئارەزووی دەسەڵات بەکاربهێنرێت.

ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، لە چاوپێکەوتنێکی «رۆژنامە»دا کە دەقەکەی لەم ژمارەیەدا دابەزیوە دەڵێت: «هەرێم وەک زۆر وڵاتی تر پێویستی بە ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن هەیە، کە چاودێریی یاسا بکات‌و بەشداریی بکات لە پەرەپێدانی میدیادا، بەو حوکمەی ئێستا ئاریشەو لێکدانەوەی جیا بۆ بەرپرسیارێتی جەزائیی‌و مەدەنیی دەکرێت».

بەڵام ئاری هەرسین هەر قسەکردنێکی ئێستا لەسەر ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن بە زیاد دەزانێت، چونکە پێیوایە ئەو باسە تەنیا دەنگە، واتە هێشتا دروستنەبووە، ئەگەریش دروستبوو پێویستە بە وردیی لێی بکۆڵدرێتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن بە بابەتێکی هەستیار دەزانێت‌و پێیوایە: ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، رەنگە ببێتە بوقی دەسەڵات، واتە لەمجۆرە سیستمە سیاسییەدا کێ لە دەسەڵات بێت، ئەنجومەنەکە ناچاربێت دەهۆڵ بۆ ئەو بکوتێت، بەتایبەت کە ئەو ئەنجومەنانە دەسەڵاتی یاساییان نابێت‌و تەنیا رۆڵی چاودێریی‌و رێنماییکردن دەبینن».

پەیوەندیدار بەو باسە، ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، روونیدەکاتەوە: دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن فیکرەی یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستانە، بەڵام پێیوانییە هەموو لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە کۆک بن.

وتیشی: «دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە هەوڵێکە بۆ بچووککردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان، دەکرێت حیزبێک پێی خۆشبێت ئەنجومەنێک بۆ خۆی دروستبکات، بەڵام ناکرێت لە رێگەی ئەو ئەنجومەنەوە رۆژنامەکان موحاسەبە بکرێت، یان بۆ بەرتەسککردنەوەی سنووری ئازادیی‌و مەبەستێکی سیاسیی‌و شاراوە بەکاربێت».

ئەندامەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسان زیاتر دەدوێت‌و دەڵێت: «ئازادیی راگەیاندن بەتەنیا هی لایەنێک نییە، بەڵکو بەرهەمی ماندووبوونی هەموو لایەکەو خەڵک پێوەی ماندوو بووە، یەکێک لەو شانازییانەی هەرێم هەیەتی، ئازادیی رۆژنامەگەرییە، بۆیە لەو بڕوایەدام هێزە لیبراڵ‌و شۆڕشگێڕەکان ناچنە ژێر باری پرۆژەیەکەوە بە زیانی ئازادییەکانی رۆژنامەوانی بشکێتەوە».



**ئەنوەر حسێن:**
**هێزە لیبراڵ‌و شۆڕشگێڕەکان ناچنە ژێر باری پڕۆژەیەکەوە بە زیانی ئازادییەکانی رۆژنامەوانی بشکێتەوە**

ئەوەی بۆچوونی زۆربەی شارەزایانی ئەم راپۆرتەی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، نیشانەیە بۆ بەرگریکردنی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ئازادییەکانی رادەربڕین‌و ئامرازەکانی راگەیاندن.

کەمال رەئوف، سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی، پەیامێک ئاراستەی پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات: پێویستە پەرلەمانتاران بە رۆڵی مێژوویی خۆیان هەستن‌و دەنگ بە هیچ پرۆژەیاسایەکی رۆژنامەوانیی نەدەن، کە بڕگەکانی لەگەڵ سیستمێکی مۆدێرن‌و هاوچەرخ ناگونجێت.

دۆخی کەرکوک لە دیدی سێ نەتەوەکەوە 8



## ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی:

# دەکرێت فراکسیۆنەکان شێوازێکی تازەی کارکردن پەیڕەو بکەن

سازدانی: ئارام محەمەد

**ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتیو وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: کە پێویستە یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەریی هەمواربکرێتو لەو رووەوە دەڵێت: کوردستان وەکو زۆر وڵاتی تر پێویستیی بە ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن هەیە، کە موتابەعەی یاسای راگەیاندن بکات.**
**هەروەک دەڵێت: لەگەڵ ئەوەدام کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەگوێرەی ئەو ریزبەندییەی بۆ پرۆژەیاساکانی کردووە، هەفتانە (٢-٣) کۆبوونەوە بکاتو لە هەر هەفتەیەکیشدا، رۆژێک بۆ وەزارەتێک لە وەزارەتەکان دابنێتو تیایدا لەئەدای ئەو وەزارەتەو پرۆژەو خزمەتەکانی بکۆڵرێتەوە.**

**رۆژنامە: قسەیەک هەیە کە گوایە پەرلەمان یاسای رۆژنامەوانیی هەموار دەکاتەوەو بەتایبەت پەرلەمانتارانی پارتی مەیلیان بەلای ئەوەدایە، ئەو بابەتە چۆنە؟**

* بەڕەسمیی، جارێک پرۆژەیەکی لەم بابەتە لە گۆڕێدا نییە، پاشان لە کوێ پەرلەمانتارانی پارتی زۆر جەختیان لەوە کردووەتەوە؟، ئەگەر پرۆژەیەکی واش لە لای فراکسیۆنی کوردستانیی سەبارەت بە راگەیاندن گەڵاڵە بوو، ئەوا بەئاشکراو بەشێوەی ئوسولی خۆی دەیدەین بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێتو دوا قسەش بۆ پەرلەمەنتاران خۆیانە.

بەڵام ئایا یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا پێویستی بە هەموارکردنەوەیە، یان نا، ئەوە بە بڕوای من، بەڵێ، چونکە ئەو یاساە، گشتگیر نییەو لە جێبەجێکردنیشدا دەرکەوت کە ناتەواویی تێدایە، ئایا کاری میدیایی لە بواری رادیۆو تەلەفزیۆن، لە بواری میدیای ئەلیکترۆنیدا پێویستیی بە رێکخستنە، یان نا، ئەی بڵاوکردنەوەی «رێکلام» هەروا بێ بنەماو رێسا بەجێبهێڵرێت؟ کوردستان وەکو زۆر وڵاتی تر پێویستیی بە ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن هەیە، کە موتابەعەی یاسای راگەیاندن بکاتو بەشداریی لە پەرەپێدانی میدیادا بکاتو پاشان حاڵی حازر رۆژانە دەبینین، ئاریشەو لێکدانەوەی جیا بۆ بەرپرسیارێتی جەزاییو مەدەنیی دەکرێت سەبارەت بە پێشێلکردنی ئیلتیزاماتی یاسای، جا لە هەر لایەنێکەوە بکرێت.

پــاشــان، دەبــێــت مــەبــەســت لە هەموارکردنەوەی یاسای ئێستای کاری رۆژنامەگەریی، یان دەرکردنی یاسایەکی تری راگەیاندن، رێکخستنەوە بێت، بۆ نەهێشتنی نــاڕوونــیو ئــەو تەمتومانە بێت کە هەیە، بۆ پاراستنو رێکخستنی ئازادییەکانو راگرتنی باڵانسە لەگەڵ بەرپرسیارێتیدا.

**دەکرێت پەرلەمان تەکانێک بە چاودێریی بەسەر ئەدای حکومەتدا بدات**

**رۆژنامە: ئەو ململانێیەی کە ئێستا لەناو پەرلەماندا هەیە، شتێکی تەندروستە، بەتایبەت لەنێوان فراکسیۆنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا؟**

* ئەگەر مەبەست لە ململانێ، بوونی راوبۆچوونی جیاواز بێت، ئەوە شتێکی ســاغو دروســتــەو بــارە ئاساییەکەیە. پەرلەمان، ئەو بنمیچەیە کە هەموو بیرورا جیاوازەکانی نــاو کۆمەڵگەی ئێمەی بەیەکەوە کۆکردووەتەوەو لەوێ وتووێژو دانوستاندن دەکرێتو چوارچێوەیەکیش هەیە کە هەموومان تێیدا هەڵدەسووڕێین، کە گەرەنتییە بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی حوکمڕانیی بەشێوەیەکی ئاشتییانە لە هەرێم بەئاقاری زیاتری بەدامەزراوەییکردنو دیموکراتیزەکردندا.

لەهەمانکاتدا، ئەگەر سەرنجی بەرنامەی فراکسیۆنە جیاجیاکان بدرێت، چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان لایەنەکاندا هەن، ئەگەر مەبەستیش، تاقیکردنەوەی یەک ساڵەی کاری پەرلەمانیی بێت، ئەوە بێ شک، جێگەی هەڵوەستەیە، دەکرێت لە ساڵی نوێدا شێوازێکی تازەی کارکردن پەیڕەو بکرێت، بەڵام وەک دەڵێن، چەپڵە بەیەک دەست لێ نادرێت، ئێمە هەرگیز لە هەماهەنگی لەگەڵ لیستەکانی تردا سڵ ناکەینەوەو حوکمی پێشوەختەمان لەسەر هیچ فراکسیۆنێک نییە.

**رۆژنامە: پێتوایە، لەم خولەی پەرلەماندا شێوازی کارکردنی پەرلەمان بگۆڕدرێت، بەتایبەت کە ئێستا گرژییە سیاسییەکانی نــێــوان ئۆپۆزسیۆنو دەســەڵات بــەرەو هێوربوونەوە رۆیشتوون؟**

* سەرەتا، دەبێت هەمووومان پابەندبین بە دەستوورو یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، ئەوە وەکو پرەنسیپ، بەڵام سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنەکان کاردەکاتو پێویستە خشتەیەکی چڕوپڕ بۆ بەلاداخستنی پرۆژەیاساکان دابنێت، بەڵێ، دەکرێت تەکانێک بە چاودێریی پەرلەمانیی بەسەر ئەدای حکومەتدا بدەن، ئەگەر مەبەستیش لیژنە هەمیشەییەکان، یان فراکسیۆنەکان بێت، دیسان لەوەشدا بەڵێ، دەکرێت چاوێک بە ئەدای کارکردنی خۆماندا بخشێنینەوەو بێ شک، خاوبوونەوەی گرژیی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا، کە حاڵی حازر جۆرێک لە هێوربوونەوەی پێوە دیارە، خزمەت بەو هەماهەنگییە دەکات کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

بەشێکی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئــەســتــۆی لایــەنــەکــانــی ئۆپۆزسیۆن، بەمانایەکی تر، ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا چۆن رەفتار دەکات، میدیای خۆیو میدیای بەناو «ئەهلی» چۆن تاودەدات، دەنگدەری خۆی بە چ ئاقارێکدا دەباتو لە کوێی پرسە چارەنووسسازەکان دەوەستێت، بێ شک لەمڕووەوە پارتیو یەکێتیش وەکو دوو حیزبی حوکمڕان، بەرپرسیارێتییەکی زۆریان دەکەوێتە ئەستۆ لە ئیدارەدانی ئەو ململانێیە لە چوارچێوەی یەکێتییەکدا کە هەمووان کۆدەکاتەوە.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێــت، فراکسیۆنی گۆڕان هەر پرۆژەیەک پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی نەبێتە دەستکەوت بۆ ئەوان، ئەگەر پرۆژەکە باشیش بێت، ئەوا فراکسیۆنی کوردستانیی دەنگ بە پرۆژەکە نادات؟**

* هەقە فراکسیۆنی گۆڕان لەوە حاڵی بێت کە (زۆرینەو کەمینە)ی پەرلەمانیی یانی چی، زۆرینە بەدوای کەمینەدا راناکات، لە گــۆڕانو غەیری گۆڕانیش دیــارە کە ئێمە کار بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆمان دەکەینو هەرچیش لە پەرلەمان کرابێت، بەتەنیا بەهی خۆمانمان نەزانیوەو لە بەرنامەی خۆماندا قامکمان بۆ کۆمەڵێ بوار راکێشاوە، کە دەبێت بە یاسا رێکبخرێن، یان پێداچوونەوە بە یاسای ئاوا بکرێتەوەو لیستی کوردستانیی چەند ئەو ئەرکەی خۆی لە ساڵی یەکەمدا کــردووە، جێگەی قسە لەسەرکردنو هەڵسەنگاندنە.

بــەلای مــنــەوە لــەگــەڵ کــاری بەپەلەپڕۆزێو بلەز نیم، جا هەر کێ بیکات، راستە یاسادانان، لە کۆتادا سیاسەتەو هەر فراکسیۆنە کار بۆ خۆی دەکاتو ئایندەی خۆی لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام یاسادانانیش، نیمچە سەربەخۆییەکی خۆی هەیە. با فراکسیۆنی گۆڕان، لە خاڵە هاوبەشەکانەوە دەست پێ بکات، با لە رێگەی لیژنەکانەوە، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گــۆڕان، یان غەیری ئەوان، هەوڵی ئەوە بدەن پــرۆژەی هاوبەش گەڵاڵە بکەن، لە جیاتی ئەوەی باس لە «پرۆژە باران»و نازانم چیو چیدیکە بکەن، ئەگەر ئێمە نەهاتینە پێشەوە، ئەوە ملمان لە مویەک باریکترە، بــەڵام سەیر بکەن، چۆن فراکسیۆنی گــۆڕان ملی پرسێک بەو ئاقارەدا با دەدات، کە خزمەت بە گۆڕان بکات لە رووی سیاسییەوە. فەرموون، کاک عەدنان عوسمان، سەرۆکی تازەی فراکسیۆنی گۆڕان، سەبارەت بە هەڵای ئاودیوکردنی نەوت دەڵێت: «حکومەت هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنو رای گشتی بکات، ئەوە دەستکەوتی ئۆپۆزسیۆنە». ئەگەر ئــەوە کارکردنی فراکسیۆنی گۆڕان بێت، چۆن لیستی زۆرینە بەدەم پرۆژەکانی گۆڕانەوە دەچێت، ئەوجار دەبێت فراکسیۆنی گۆڕان، چ بە خەڵک بڵێت؟



**هەقە فراکسیۆنی گۆڕان لەوە حاڵی بێت کە (زۆرینەو کەمینە)ی پەرلەمانیی یانی چی**

لەگەڵ کــاری هاوبەشو کارلێکو ساتوسەودام، نەک وەک دەڵێن «مرۆڤ (تۆ بڵێ فراکسیۆن) نابێت هەر منی منی بێت، دەبێت منی منۆخیش بێت»، مـن ئــەوەم لــەگــەڵ یــەک دوو بــرای پەرلەمانتاری گۆڕانیش باسکردووە، ئایا گــۆڕان، لەسەر هەمان سکەی ساڵی رابردوو دەڕوات، ئەوە گۆڕانو سەرۆکایەتییە تازەکەی فراکسیۆنی ناوبراو وەڵامی ئەو پرسە دەدەنەوە، با بزانین.

**رۆژنامە: دوای پشووی خولی یەکەمی پەرلەمان، دانیشتنەکان بۆ دوای جەژن دواخــرا، هــەســت نــاکــەیــت ئــەوە کــات بەهەدەردانە، لەکاتێکدا پەرلەمان ئاوا بێت، دەبێت دامودەزگاکانی تر چۆن بن، ئەوە نابێتە هۆی گەندەڵیی؟**

* زۆر لە پەرلەمانتاران پێیان باش بووە دوای جەژن دەست بەکار بکەینەوەو سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش ئەو بۆچوونەی بەهەند وەرگرتووە، پاشان لەم پشووی هاوینەشدا لیژنەکان کــەمو زۆر کارێکیان کــردووەو لێی دانەنیشتوون، کۆمەڵێک راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساو بڕیارەکان ئامادەکراونو دراونەتە سەرۆکایەتییو ماوەتەوە ئەوەی بخرێنە بەردەم پەرلەمەنتارانو قسەی دواییان لەسەر بکرێت، هەروا سەردانی دامودەزگاکانی حکومەتیش کــراوە، یــان کــۆڕو سیمینار لەسەر پرۆژەیاساکان بەبەشداریی خەڵکی پسپۆڕ ســازکــراون، ئایا دواخستنی کۆبوونەوەی ئاسایی بۆ دوای جەژن، دەبێتە هۆی گەندەڵیی، لە راستیدا چەند سەر دێنمو دەبەم، نازانم چۆن!

لەگەڵ ئــەوەدام کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەگوێرەی ئەو ریزبەندییەی بــۆ پــرۆژەیــاســاکــانــی کــــردووە، هەفتانە(٢-٣) کۆبوونەوە بکاتو لە هەر هەفتەیەکیشدا، رۆژێــک بۆ وەزارەتێک لە وەزارەتەکان دابنێتو تیایدا لەئەدای ئەو وەزارەتــەو پــرۆژەو خزمەتەکانی بکۆڵرێتەوە، موتابەعەی جێبەجێکردنی ئەو یاسانەش بکرێت کە لە پەرلەمانەوە دەرچوون، بەتایبەتی پێکهێنانی «دەستە سەربەخۆکان»ی مافی مرۆڤو ژینگەو ناوچە کێشەلەسەرەکان، کە هیوادارین لە ماوەیەکی نزیکیشدا، «دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو راپرسیی گشتی لە هەرێمی کوردستان»یشیان بچێتەسەر، ئەگەر ئەوەمان کــرد، قــەرەبــووی ئەوە دەکەینەوە کە ئێوە ناوتان لێناوە «کات بەهەدەردان».

**رۆژنــامــە: بۆچوونی تۆ لەمەسەلەی جێگۆڕکێ لەپۆستی ســەرۆک وەزیراندا چییە، کە دیارە پارتی و یەکێتی لەم رووەوە پێشتر رێککەوتنێکیشیان هەیە ؟**

* هەڵبەت لە کابینەی پێنجەمدا ئەو رێککەوتنە وەکو خۆی جێبەجێ نەکرا، چونکە کە دوو ساڵەکەی پارتی تەواو بــوو، بەڕێز مام جــەلال خۆی بە باشی زانی کە بۆ دوو ساڵەکەی تریش، کاک نێچیرڤان بارزانی هەر لە پۆستی سەرۆکی حکومەتدا بمێنێتەوە، دەنا سەرکردایەتیی پارتی هیچ لاریی لە جێگۆڕکێکەدا نەبووە، ئەگەر جێگۆڕکێ لە پۆستی ســەرۆک وەزیراندا بکرێت، ئەوا ئەو جێگۆڕکێیە لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانیشدا دەکرێت، بەڵام ئایا ئەوە بەکردەوە دەکرێت، یان نا، ئەوە پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی هەردوو حیزبی هاوپەیمانەوە هەیەو جارێ ساڵێکی ماوە تا بکەوێتە بەرباس.

هێندەی رێککەوتن لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانو بەرنامەی هاوبەش گرنگە، هێندە ئەو پۆست بۆ منو ئەو پۆست بۆ تۆ گرنگ نییە، هەردوو حیزب لەسەر هێڵە گشتییەکانی بەڕێوەبردنو حوکمڕانی لە هەرێمو لە عێراق کۆکن. راستە پارتیو یەکێتی دوو حیزبی سیاسیی جیان، بەڵام یەک ئیئتیلافی سیاسیی حوکمڕانو یــەک بەرنامەی هاوبەشی رێککەوتن لەسەرکراویان بۆ ئێستاو بەلانی کەمەوە بۆ سێ ساڵی داهاتوو هەیە.

بەرنامەی لیستی کوردستانیی، کە پــارتــیو یەکێتی لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا، زۆرینەیان پێ بەدەستهێنا، تا هەڵبژاردنێکی تری پەرلەمانیی وەکو خۆی دەمێنێتەوەو پارتیو یەکێتی لە بەرامبەر خەڵکدا لێی بەرپرسیارن، سەرۆکی حکومەت پارتی بێت، یان یەکێتی، دەبێت بەو بەرنامەیە پابەندبێت.

**رۆژنــامــە: ئایا دوو ســاڵ بەسە بۆ ئەوەی کە حکومەت بتوانێت پلانێکی باش جێبەجێ بکات؟**

* ئەگەر جێگۆڕکێ لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا بکرێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لــەســەر پــلانو بــەرنــامــەی هاوبەشی هەردوولادا نابێت، کە ببێتە مایەی ئەوەی وەکو دوو کابینەو دوو بەرنامەی جیای لێبێتو رەنگە لە هەندێک وردەکاریدا گۆڕانکاریی رووبداتو ناکرێت کەسایەتیی ســەرۆک وەزیــران لە وردەکارییەکاندا نادیدە بگرین، بەڵام هێڵی گشتیی هەر ئەوەیە کە لە بەرنامەی لیستی کوردستانیدا جێگیرکراوە. بەهەرحاڵ، ئەگەر جێگۆڕکێش بکرێت، ئەوا یەکتر تــەواو دەکــەن، نەک شتێکی تر، وەک چۆن کابینەی شەشەم خۆی بە درێژەپێدەرو تەواوکەری کابینەی پێنجەم دادەنێت.

**رۆژنامە: ئایا ئەگەر سەرۆکی حکومەت بــگــۆڕدرێــت، ســەرۆکــی پــەرلــەمــانو جێگرەکەشی دەگۆڕدرێن؟**

* پێموایە، ئــەو دووانــە بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

**رۆژنــامــە: باس لەوەدەکرێت گۆڕین لە سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانییو جێگرەکەیدا دەکرێت، ئەو بابەتە چۆنە؟**

* لەراستیدا ئاگام لەو وردەکارییانە نییە، بەڵام ئەگەر واش بێت چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، خۆ بە جێگۆڕکێی کەسەکان وەک لە سەرەوە وتم، بەرنامەکەو رێککەوتنی نێوان هەردوولا سەراوژێر نابن.

**یاسای رۆژنامەگەریی پێویستی بە هەموارکردنەوەیە**

**سەرۆک وەزیران بگۆڕدرێت، سەرۆکی پەرلەمانیش دەگۆڕدرێت**

# ــــدی سێ نەتــەوەکــەوە

## ــــی ئەهلیی لێدەکەوێتەوە

> ئێمە لەگەڵ دەستێوەردانی دەرەکین

لە کەرکوک بکرێت، بەڵام دەبێت بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەندەکانی مادەی (٢٣) جێبەجێبکرێت، بەتایبەت چاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران، کە بە بڕوای من زیادکردنی زۆری تێدایە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیاریکراو، من لەگەڵ لایەنەکان قسەم کردووەو پرۆژەیەکم هەیە، کە ئەگەر بمانەوێت بەزوویی هەڵبژاردن لە کەرکوک ئەنجامبدەین لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا بێت کە خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە، یان دەبێت پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەراندا بکرێت لەماوەی شەش مانگ یان ساڵێکدا، یان بە سیستمی کۆتا هەڵبژاردن بکرێت بۆ یەک خول بە دیاریکردنی (١٠) کورسی بۆ هەریەک لە نەتەوەکانی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و (١) کورسی بۆ مەسیحییەکان، دوا پێشنیازیشم ئەوەبوو لیستێکی هاوبەشی کوردی تورکمانی عەرەبی‌و بە بەشداریی کلدو ئاشوورییەکان دروستبکرێت، کە کارنامەکەی تەنیا لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریدا بێت‌و دوور بێت لە سیاسەت‌و دروشمی نەتەوەیی‌و سیاسییەوە تاکو سەرجەم نەتەوەکان دەنگی پێبدەن.

**ڕۆژنامە: چی مەترسییەک لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبینن لە کەرکوک کە بێتە ئاراوە؟**

* سەرجەم هێزە سیاسییەکان لەعێراقدا مەترسییان هەیە لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەگشتیی هێزە سیاسییەکان لەوبڕوایەدا نین سوپای عێراق بتوانێت لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەقامگیریی بەرپا بکات‌و کۆنترۆڵی ڕەوشی ئەمنیی بکات، سەبارەت بە کەرکوکیش پێموایە هاوسەنگیی هێز لەناو پێکهاتەی ئەمنیدا بوونی نییەو پێویستە بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هاوسەنگی هێز بکرێت، لەدژی دروستکردنی هێزی هاوبەشی ئەمریکی‌و پێشمەرگەو سوپا بووین‌و وەک پێشبینیمان کرد ئەو هێزە شکستیخوارد لە پاراستنی ئاسایشی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان، بڕوامان وایە دەبێت هێزێک کەرکوک بپارێزێت کە لە سەرجەم نەتەوەکان پێکهاتبێت.

**ڕۆژنامە: بەردەوام هەوڵدەدەن کێشەی کەرکوک بە نێودەوڵەتی بکرێت، پێتان وانییە ئەوە دەچێتە خانەی ڕاکێشانی دەستی دەرەکیی‌و کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات؟**

* بابەتی کەرکوک سێ باگراوندی هەیە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، یەکەم، کێشەی کەرکوک بابەتێکی نیشتمانییە، دووەم، بابەتێکی ئیقلیمییەو سێیەم، بابەتێکی نێودەوڵەتییە، ناکرێت بەبێ گفتوگۆی ئەم سێ لایەنە چارەسەر بکرێت، بەڵام لەسەر ئێمەی کەرکوکی پێویستە بگەینە ڕێکەوتن‌و مۆدێلێکی هاوبەش بە ڕەچاوکردنی هەرسێ باگراوندەکە، کەرکوک دووەم سەرچاوەی داهاتی نەوتی عێراقە لەدوای پارێزگای بەسرەو خاوەنی ڕێژەی (٦٪)ی یەدەگی نەوتی جیهانە، بەوپێیە بۆ وڵاتانی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی گرنگە، ئێمە لەگەڵ دەستوەردانی دەرەکین، بەمەرجێک دەستوەردانێکی ئیجابیی بێت.

**ڕۆژنامە: کێشە خزمەتگوزارییەکانی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندان، پێتوایە وەک ئەنجومەن‌و ئیدارە سەرکەوتووبوون لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک؟**

* من کە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگام، خەجاڵەتم بەرامبەر هاوڵاتییانی شاری کەرکوک، لەبەرئەوەی بەدرێژایی حەوت ساڵی ڕابردوو شتێکمان پێشکەشی خەڵک نەکردووە، هەندێک لە کێشەکان پەیوەندییان بە بەغداوە هەیە، بۆ نموونە کێشەی کارەبا تەنیا پەیوەندیی بە ئیدارەی کەرکوکەوە نییەو ئەوە کێشەی هەموو عێراقەو لەئەستۆی بەغدایە بەر لە ئیدارەی کەرکوک، لەکاتێکیشدا بودجەیەکی زۆر بۆ کەرتی کارەبا خەرجکراوەو کێشەکە چارەسەرنەکراوە، هەروەها ئێمەش وەک ئیدارەو ئەنجومەن کەمتەرخەمیمان هەیە لە بەرامبەر خزمەتکردنی هاوڵاتییان، تائێستا ئیدارە کۆنترۆڵی تەجاوزاتی نەکردووەو خزمەتگوزاریی شارەوانی باش پێشکەش نەکراوەو کۆبوونەوەی ئەو هەموو زبڵ‌و خاشاکە لەگەڵ دەوڵەمەندیی شارەکەدا یەکناگرێتەوە، بەگشتیی خزمەتگوزاریی بەپێی پێویست پێشکەش بە هاوڵاتییانی شارەکە نەکراوە، کە هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان کوردو عەرەب‌و تورکمان لە ئەنجومەن، هەروەها مانەوەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان کە بە درێژایی حەوت ساڵە لە پۆستەکانیاندا ماونەتەوەو سوودیان لە ناکۆکییە سیاسییەکان وەرگرتووەو شکستیشیان خواردووە لە بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانیان،

> خەجاڵەتم بەرامبەر هاوڵاتییانی کەرکوک، بەدرێژایی حەوت ساڵ شتێکمان پێشکەشیان نەکردووە

## راکان سەعید (عەرەب): ژێرخانی کەرکوک هەرەسی هێناوە



**ڕۆژنامە: جگە لە ئەندامێتیت لە ئەنجومەن تۆ جێگری پارێزگاریت، دەکرێت بزانین لە بواری خزمەتکردنی هاوڵاتییان‌و ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا ئیدارە چی کردووە، لەکاتێکدا خەڵک نیگەرانە لە خراپیی ئاستی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان؟**

* منیش لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕازی نیم، چونکە ئەو بودجەیەی لە چوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ کەرکوک دیاریدەکرێت، بودجەی ساڵێک بۆ گەڕەکێک خەرج بکرێت هێشتا وەک پێویست نییە، چونکە ژێرخانی کەرکوک بە گەڕەک‌و قەزاو ناحیەو گوندەکانیەوە سفرە، بۆ کێشەی کارەباش ئێمە لە ئیدارە هەموو هەوڵێکمان خستووەتە گەڕو بەردەوام فشارو هەوڵمان هەیە لەسەر وەزارەتی کارەبا، بەڵام هەوڵەکانمان بێئاکام بووە، هەفتەی ڕابردوو ئەنجومەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بڕیاریدا پارەی پترۆ دۆلار بۆ بواری دانانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج بکرێت، سەبارەت بە چارەسەری کێشەی ئاویش کێشەیەکی ئاڵۆزەو تەنیا بۆ چاککردن‌و گەیاندنی ئاو بۆ ناوچەکانی باشووری کەرکوک پێویستمان بە (٨٠-٩٠) ملیار دینارەو بۆ تەواوی کەرکوک پڕۆژەیەکمان داوە بە وەزارەت‌و بڕیارە بەبڕی (٢٠٠) ملیار دینار ئاوی کەرکوک چارەسەر بکرێت، هەروەها کەرکوک خاوەنی ئاوەڕۆ نییەو ڕەزامەندیمان بۆ ئاوەڕۆ وەرگرتووەو لە ئێستادا لە قۆناغی ڕاکێشانی تەندەردایە، هەروەها لە بواری شارەوانیشدا شارەوانی کەرکوک لە توانایدا نەبووە بەتایبەت چارەسەری کێشەی زبڵ‌و خاشاک بکات لەگەڵ ئەوەی دوو شوێنی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی زبڵ لە کەرکوک دروستکراوە، بەگشتیی کێشە خزمەتگوزارییەکان هۆکارەکەی هەرەسهێنانی ژێرخانی شارەکەیە.

> لیستی برایەتی هیچ دەسەڵاتێکی لە بڕیاردانا نییە

**ڕۆژنامە: لەدوای حەوت ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس‌و هاتنەکایەی دۆخێکی نوێ، هەڵسەنگاندنت چییە بۆ دۆخی ئەم چەند ساڵەی دوای پرۆسە لە کەرکوک؟**

* بەبۆچوونی من سەرەتای دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلایەن ئەمریکاوە هەڵەبوو، چونکە تەنیا لایەنگیریی حیزبە کوردییەکانی دەکرد، هەروەها دەستێوەردانی هێزی حیزبە کوردییەکان لە کێشەی کەرکوک‌و مانەوەیان بەشێوەیەکی نایاسایی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە، ئەمەش کاری کردە سەر پێکەوەژیان لە شارەکەدا، دواتر لەبیرمان نەچێت کە کۆمەڵگەی عەرەبی لە کەرکوک تووشی سووکایەتی‌و دەستگیرکردن بوونەوە لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا جگە لە شاردنەوەو ڕفاندنی خەڵکی ناوچە عەرەبییەکان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردەوە، کە ئەمانە کاریگەریی خراپیان کردە سەر پێکەوەژیانی ئاشتیانەو داهاتووی پێکەوەژیان لە کەرکوک.

**ڕۆژنامە: ئەو مادەو بڕگە دەستوورییانەی تایبەت بە کەرکوک دەرکران، بۆچی نەتوانرا جێبەجێ بکرێن، ئایا نەبوونی ئیرادەی سیاسیی هۆکارەکەی بوو؟**

* ئێمە بەشدار نەبووین لە نووسینەوەی دەستوور، بەڵام ئەوانەی کە نوێنەرایەتی عەرەبی کەرکوکیان دەکرد لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا دوورخرابوونەوەو لەگەڵ ئەو بڕگەو مادانەدا نەبوون کە تایبەت بوون بەکەرکوک‌و بەگشتیی ئێمە دەستوورمان ڕەتکردەوەو ئەو لایەنانەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٤و ٢٠٠٥) جێبەجێکاری دەستوور بوون تەنیا بۆچوونی خۆیان لەلا مەبەست بوو، مادەی (١٤٠)یش تەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیاریکراوی تێدا ڕەچاوکرابوو، دواتر مادەی (٢٣) لە ئەنجامی بەردەوامیی جیاوازییە سیاسییەکان دروستبوو و نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە لایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئەمریکا چاودێربوون، بەڵام ئەوان جێبەجێکردنیان بۆ عێراقییەکان جێهێشت.

**ڕۆژنامە: بۆچی دژایەتی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان دەکەن لە کەرکوک؟**

* لەگەڵ دژایەتیکردنی سەرژمێریدا نین نە لە عێراق، نە لە کەرکوک، بەڵام دەمانەوێت میکانیزمی دروست هەبێت بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی لە کەرکوک، کەرکوک دووچاری گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بووەتەوەو زیادەڕۆیی هەیە لەسەر موڵکی گشتیی‌و موڵکی خەڵکیی، دەستکاریی لە تۆماری ناوی دەنگدەران‌و تۆماری نفوس‌و کۆبۆنی خۆراک کراوە، ئەم گۆڕانکارییانەش پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، هەر بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک پێکهێنرا لە مادەی (٢٣) بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەڵام دەرئەنجامی نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کێشانە تائێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو هۆکارەکەشی بوونی مادەی (١٤٠)ە، بۆیە ئێمە دەڵێین نابێت سەرژمێریی بکرێت‌و ماف بەوانە بدرێت، کە زیادەڕۆییان کردووە یان بەوانەی کە دەستکاریی لە ڕێژەی دانیشتووانی کەرکوک دەکەن، یاسای (١٦)ی ئەنجومەنی نوێنەران، کە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩) پێ ئەنجامدرا دەڵێت: دەبێت پێداچوونەوە بکرێت لە تۆماری ناوی دەنگدەراندا، هەرکات ئەو کارانە کران پێداچوونەوە لە تۆماری ناوی دەنگدەران‌و نەمانی زیادەڕۆیی‌و پێداچوونەوە لە تۆماری نفوس دوای هەموو ئەمانە ئەوکات ڕەوشێکی ئارام دەخولقێت بۆ سەرژمێریی، بەڵام ئێستا وای دەبینم کە ئەو میکانیزمانەی کە سەرژمێریی پێ دەکرێت یاسایی نین.

**ڕۆژنامە: بەهۆی کێشەو جیاوازیی سیاسییەوە نەتوانرا لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامبدرێت، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنن، یان نا؟**

* لەڕاستیدا ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن مەترسیی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دیموکراسی‌و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دروست دەکات، ئێمە دەمانەوێت هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت‌و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکرێت‌و ئەنجومەنێکی نوێ هەڵبژێردرێت، پێموایە ئەو کاتەی هەڵبژاردن ئەنجامدرا کاتێکی لەبارنەبوو تاوەکو گەل ئەوەی خۆی دەیەوێت هەڵیبژێرێت، لەڕاستیدا هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەوەبوو کە ساڵی (٢٠٠٨) نەتوانرا پێداچوونەوە لە تۆماری دەنگدەراندا بکرێت، دەبوایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش یاسایەکی تایبەتی داڕشتایە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک، بەڵام نەیتوانی ئەو یاسایە دەربکات، دەرنەکردنی ئەو یاسایەش هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی هەڵبژاردن بوو، ئاشکراشە کوتلەی گەورەی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نایانەوێت هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، چونکە ئەو جێگەی کە ئێستا هەیانە نایانەوێت لەدەستی بدەن، ئەگەر پێداچوونەوە لە تۆماری ناوی دەنگدەراندا کراو بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکخرا، کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بن، ئەوکات ئاساییە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

**ڕۆژنامە: هێشتا کێشەی کەرکوک یەکلایی نەبووەتەوەو هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشە دەکەن، پێشبینی چی دەکەیت؟**

* ئێمە نامانەوێت هێزی داگیرکەر لە کەرکوک بمێنێت، بەڵام با واقیعی بین ئەمریکا کێشەیەکی زۆری دروستکرد لە کەرکوک‌و ئێستاش دەیەوێت لێی هەڵبێت، ساڵێک لەبەردەمدا ماوە تاوەکو هێزی ئەمریکاو سیاسییەکانی ئەمریکا بتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە خۆیان دروستیانکرد، لە ڕاستیدا نە برایانی کوردو نە عەرەب‌و نە تورکمان کێشەی کەرکوکیان دروست نەکرد، بەڵکو ئەمریکییەکان بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە لەگەڵ پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکاین، بەڵام دەبێت بنەمایەک هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک پێویستمان بە دەستێوەردانی ئەمریکی هەیە لە کێشەی کەرکوک، بەڵام من بەدووری دەبینم کە بتوانن ڕۆڵی ئیجابیی ببینن لە چارەسەرکردن.

**ڕۆژنامە: چارەسەری کێشەی کەرکوک بەدەستی کێیە، لای کەرکوکییەکان، یان شوێنی دیکە؟**

* ئەگەر کەرکوکییەکان خۆیان ڕێکبکەون بەشێوەیەک کە هەموولایەک ڕازی بن، ئەوانی دیکە ناتوانن ڕێگربن لەسەر ئەوەی کە کەرکوکییەکان لەسەری ڕێککەوتوون‌و

> ئەمریکا کێشەیەکی زۆری لەکەرکوک دروستکردو ئێستاش دەیەوێت لێی هەڵبێت

دەتوانن بە ڕێککەوتن بەرامبەرەکانیان ڕازی بکەن، بەڵام ئەگەر ڕێکنەکەوتن ئەوە لایەنێک ناتوانێت حکومەتی مەرکەزی، یان ئەنجومەنی نوێنەران ڕازی بکات، بۆیە باوەڕبوون بە یەک ئیدارەیی‌و بەشداریکردنی هەموان‌و پێکەوەژیان‌و گرەنتی پاراستنی مافی هەموان، پێموایە ئەمە بنەمای چارەسەرە.

**ڕۆژنامە: تاچەند دەستوەردانی دەرەکیی لە کێشەی کەرکوکدا هەبووەو کاریگەرییەکانی چۆن بووە؟**

* ئێمە لە کوتلەی عەرەبی لەژێر کاریگەریی دەستێوەردانی دەرەکیی نەبووین‌و هیچ لایەنێک فشاری لەسەرمان نەبووە بە ئاراستەی شتێکی دیاریکراو لەوانەیە هەندێ لایەنی دیکە هەبێت فشاریان لەسەر بووبێت وەکو تورکمان‌و هەروەها سیاسییەکانی ناو لیستی برایەتیش هیچ دەسەڵاتێکیان نییە لە بڕیارەکانیاندا هەمیشە بۆ بڕیاردان دەگەڕێنەوە بۆ لای سەرکردەکانیان لە هەردوو حیزبە کوردییەکە، بۆیە پێدەچێت سەرکردەکانیش ئەجێندای تایبەتیان هەبێت.

«دەستەی نەزاهەی بەغدا مافی هەیە چاودێریی هەرێم بکات» 10

# دۆخــی کــەرکـوک لەدیـ

هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کەرکوک (کورد، تورکمان، عەرەب) کە لەناو ئیدارەی پارێزگاکەدا نوێنەرایەتی نەتەوەکەیان دەکەن. بۆچوونیان سەبارەت بە گیروگرفتەکانی بەردەم ئاڵۆزبوونی کێشەی کەرکوک و کێشە خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتییانی شارەکە دەخەنەڕوو. ئەمە جگەلەوەی هەر لایەنە ئەوی دیکە تۆمەتباردەکات بە درێژەکێشانی کێشەی شارەکە.
لەبارەی پرۆسەی سەرژمێریی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا، کورد لەگەڵ ئەنجامدانیاندایەو عەرەب و تورکمانیش بۆ هەریەک لەو پرسانە داوای جێبەجێکردنی مادەی (٢٣) دەکەن، لەبارەی رۆڵی ئەمریکا لە رابردوو داو کشانەوەی هێزەکانیان لە ئێستادا لە کەرکوک و عێراق، کورد پێیوایە؛ رۆڵیان ئیجابی بووەو عەرەب پێیوایە؛ ئەوان دروستکەری کێشەکانن و ئێستا دەیانەوێت لێی هەڵبێن و تورکمانیش پێیوایە؛ پێویستە بەر لە گەڕانەوەیان هاوسەنگیی ئەمنیی بۆ کەرکوک بگەڕێننەوە

ئامادەکار: ئارام جەمال

## محەمەد کەمال (کورد): کەرکوک پێویستی به ئەنجومەنێکی نوێیە کە لە ئاستی ئەم قۆناغەدا بێت

**رۆژنامە: لە رابردوودا چەندین مادەو برگەی دەستووریی تایبەت بە کەرکوک دەرکران، هۆکاری جێبەجێنەکردنیان چین؟**

* کەیسی کەرکوک کەیسێکی زۆر ئاڵۆزە، چونکە رژێمی بەعس (٣٥) ساڵ دۆخی ئەم شارەی تێکدا، ئەگەریش مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرایە رەنگە یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکە ئاسانتربوایە، بەڵام لەبەرئەوەی ئیرادەی سیاسیی و بڕیاردەری سیاسیی لە بەغدا لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەبوون و بەردەوام بیرکردنەوەی شۆڤێنیی لەناو بەرپرسانی بەغدا کۆسپ بوون لەبەردەم مادەکە، ئەمە هۆکاری جێبەجێنەکردنی مادەو بڕگە دەستووریی و یاساییەکانە، چەندین کۆبوونەوەو کۆنفرانسی تایبەت بە کەرکوک لەم ساڵانەدا لە وڵاتانی دەرەوە سازکراون، کە من لە زۆربەیاندا بەشداربووم بەئاشکرا دەرکـەوتـووە لایەنی بەرامبەری کـورد نایەوێت کەیسی کەرکوک یەکلاییبکرێتەوە، یان مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرێت، یاخود کوردستانیەتی کەرکوک دانی پێدا بنرێت، بەپێچەوانەوە ئێمە بـەردەوام لەگەڵ کەیسی کەرکوک دەبین، وە لە ٢٠٠٨/٧/٣١ یشدا بە ئیمزای (٢٥) ئەندامی ئەنجومەن، کە زۆرینەبووین لەناو ئەنجومەنی پارێزگادا یاداشتێکم خوێندەوە، کە داوامان کردبوو ئەگەر حکومەتی بەغدا وابەستە نەبێت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک، ئەوا بڕیاری گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدەین.

**رۆژنامە: بڕیارە مانگی (١٠) پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجامبدرێتە لەکاتێکدا لایەنەکانی عەرەب و تورکمان دژایەتی پرۆسەکە دەکەن لە کەرکوک، رای تۆ لەوبارەیەوە؟**

* بـەڕای من سـەرژمێریی پرۆسەیەکی زانستییە، نەوەک سیاسیی و کارێکی پێویستە بۆ پلاندانان، سەرژمێریی بۆ ئەوە نییە بزانی لێرە ژمارەی کوردو عەرەب و تورکمان چەندە، بەڵکو کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ مەبەستی خزمەتگوزاریی و بەرچاوڕوونیی حکومەت بۆ هەموو بوارەکان، ئێمە لەگەڵ ئەوەین سەرژمێریی لە کات و ساتی خۆیدا لە کەرکوک بکرێت، ئەوانەی لە دژی ئەنجامدانی سەرژمێرین بە هەر بیانوویەک بێت، ئەوانە لەگەڵ هیچ پرۆسەیەکی سیاسیی نین و نایانەوێت عێراق بەرەو پێش بچێت، ئەوانە لەکاتی خۆیدا کۆمەڵێک ژمارەیان داوە، بۆ نموونە میللەتی تورکمان من رێزم بۆیان هەیە لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا ژمارەیان (٥) ملیۆن نەبووە، لە عێراقدا وتوویانە (٥) ملیۆن یان (٣) ملیۆنین، بەڵام ئێستا کە هاتووەتە سەر واقیع ئەو ژمارانە نایەن بەدەستەوە، بۆیە ئەوانەی ئەو ژمارانەیان داوە لەگەڵ ئەوەنین سەرژمێریی لە کەرکوک ئەنجامبدرێت، یاخود بیانووی ئەوە دێننەوە کە کورد لە کەرکوک زیادیکردووە، راستە بەڵام لە سەردەمی بەعسدا زیاتر لە (٧٠٠) گوندی کەرکوک خەڵکەکەی راگوێزراوەو بەسەدان خێزانی دیکە لەناو شاری کەرکوک دەربەدەر کراون و ئێستاش دوای پرۆسە هەلی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان هەبووە بۆچی حەرامە، ئەی بۆ ناپرسن لەماوەی ساڵی (٢٠٠٥ تاکو ٢٠١٠) لە موسڵ (١) ملیۆن و (١٠٠) هەزار کەس زیادیکردووە، ئەوە لەکوێوە هات، بۆیە بە بڕوای من سەرژمێریی ئەمڕۆش نەکرێت هەردەبێت بکرێت، دژایەتی ئەو لایەنانەش بیانووی لاوازن.

**رۆژنامە: تائێستاش وادەیـەک دیارینەکراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و جۆرێک لە ساردبوونەوەش لەناو ئەندامانی ئەنجومەندا بەدیدەکرێتە، هەڵبژاردن بۆ کەرکوک بەپێویست نازانن؟**

* کەرکوک پێویستی بە هەڵبژاردنێکی نوێ هەیە، ئـەو ئەندامانەی ئێستا لە ئەنجومەنن ماندوون، کە ماوەی (٥) ساڵە لەوپۆستەدان و هەیانە دوو خولە ئەندامی ئەنجومەنە، کەرکوک پێویستی بە هەڵبژاردنەو پێویستی بە ئەنجومەنێکی نوێ هەیە، کە لە ئاست ئەم قۆناغەدابێت، جگەلەوە ئێمە تائێستا بە یاسای (٧١)ی سەردەمی پۆل بریمەر کاردەکەین، بەڵام ئەنجومەنە نوێیەکان بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨) کار دەکەن، کە دەسەڵاتێکی فراوانیان هەیەو دەتوانن گوند بکەن بە ناحیەو ناحیە بکەن بە قەزاو بەپێچەوانەشەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، دەبێت پەرلەمانی عێراق یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربکات، ئەوەش پەرلەمانی عێراقە کە دەیبینن لە مانگی (ئـازار)ەوە نەیتوانیوە کێشەی کورسییەک چارەسەر بکات.



» لایەنی بەرامبەر کورد هیچ کات نەیویستووە کەیسی کەرکوک یەکلایی بکرێتەوە «

**رۆژنامە: ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان لەرێگەی نوێنەرایەتی سیاسییەوە لە کەرکوکدان، رۆڵـیـان چی بــووە لە چـارەسـەری کێشەکانی شارەکەدا؟**

* رۆڵی ئەمریکییەکان لە کەرکوک ئیجابیی و گرنگ بووە بەتایبەت لە ساڵانی رابردوودا، ئەوان بەتەنیا بەرژەوەندییان لە کەرکوک نییە، بەڵکو لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا بەرژەوەندییان هەیە، ئەگەریش بەرژەوەندییان لە عێراقدا نەمێنێت ناتوانن بەتەنیا پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانیان لە کەرکوک بکەن، بۆیە من پێموایە یۆنامی و ئەمریکاش رۆڵێکی باشیان هەبووە، بەتایبەت لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە لەنێوان پێکهاتەکاندا، جگە لـەوەش لـەڕووی ئەمنییەوە هێزەکانی ئەمریکا رۆڵێکی گرنگیان هەبووە.

**رۆژنامە: لەکاتێکدا کێشەی کەرکوک چارەسەر نەکراوە، هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە، پێشبینی چی دەکەن رووبدات؟**

* بەبڕوای من لەو ناوچانەی وەک کەرکوک کێشەیان لەسەرە ئەمریکا دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەو مانەوەیە بەتەنیا هێزەکانی ئەمریکاش نەبێت لە چوارچێوەی هێزی هاوبەشی پێشمەرگە-سوپا بێت، یاخود لەگەڵ یۆنامی بێت دەمێننەوە، چونکە لەو بڕوایەدان نابێت لەدوای خۆیان کێشە بەجێبهێڵن و وا بەئاسانیی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان جێناهێڵن.

**رۆژنـامــە: خەڵکی کـەرکـوک لـە ئاستی ئـەدای بەرپرسانی شارەکەو چارەسەری کێشە خزمەتگوزارییەکان ناڕازین، نەدەکرا ئەو کێشانە چارەسەر بکرانایە؟**

* ئیدارەی کەرکوک بەپێی توانا و کاری خۆی رۆڵـی بینیوە، ئەوەشی کە پێی نەکراوە بەغدا بەربەست بـووە لەبەردەمیدا، بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان هەبووەو لەپاڵ ئەوەشدا چەندین میزانییەی دیکە هەبووە، وەک میزانییەی وەزارەتەکان کەرکوکی لێ بێبەشکراوە، بودجەی هەرێمەکانیش بەشێوەیەکی ئەوەندە خراپ هاتووە، کە نە توانراوە سوودی باشی لێببینرێت، کە شەش مانگی یەکەمی ساڵ بودجەکە ناگات لە شەش مانگی دووەمیشدا داوا دەکەن بودجەی ساڵەکە بەتەواوی خەرج بکرێت، کە بەو پەلە پەلە ناتوانرێت خزمەتی باش بکرێت، بۆنموونە من ئەندامی ئەنجومەنم بۆ راستاندنی پرۆژەکان و فریاکەوتنی خەرجکردنی بودجەکە زۆرجـار ناتوانین هەموو لایەنێکی پرۆژەکان خوێندنەوەی بۆ بکەین و بەناچاریی دەنگی پێدەدەین تاکو بودجەکە لەدەست نەچێت، کە ئەمەش ئەنجامەکەی پرۆژەی خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆ کێشەی کارەبا کە ماوەیەکە نارەزایی زۆر هەیە لەلایەن هاوڵاتییانەوە، کە ئەوە مافی خۆیانە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کارەبا مەرکەزییەو لە بەغداوەیە هەموو عێراق ئەو کێشەیەی هەیە، من دەڵێم؛ ئەگەر مالیکی یان هەر بەرپرسێکی بەغدا بهێنی لە کەرکوک پارێزگار بێت کێشەی کارەبای بۆ چارەسەر ناکرێت، ئەگەر کێشەکە لەسەر ئاستی عێراق چارەسەر نەبێت، ئێمە لە کەرکوک خاوەنی چوار وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباین و زیاتر لە (٥٠٠) مێگاوات کارەبا لە کەرکوک بەرهەم دێت، بەڵام دەدرێـت بە شارەکانی دیکەو کەرکوکی لێ بێبەش دەکرێت، پاکانە بۆ ئیدارەی کەرکوک ناکەم، کە دەکرا ئەدای ئیدارەی کەرکوک لەوە باشتربێت، بەڵام هەموو ئەو کێشانەی کە دروست دەبن بەغدا بە ئەنقەست دروستیان دەکات، دۆخی خزمەتگوزاریش بەپێوەرە سیاسییەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**رۆژنامە: لەڕابردوودا دەستوەردان و ئەجێندای دەرەکیی تاچەند کاریگەریی سلبیی هەبووە لەسەر کێشەی کەرکوک؟**

* بێگومان دەستی دەرەکیی وڵاتانی دراوسێ بەخۆیان و هەواڵگرییان و سامانیانەوە لەناو کەرکوکدا بوون و دەستوەردانیان هەبووەو کێشەکەشیان ئاڵۆزترکردووە، کەس ناتوانێ نکۆڵیی لەمە بکات، بەڵام بەبڕوای من ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ دەوروبەردا ئەمانە رۆڵی خۆیان دەبێت بۆ کەمبوونەوەی ئەو دەستە دەرەکیانە، بڕواشموایە چارەسەری کێشەی کەرکوک، کەرکوکییەکان و هەرێمی کوردستان و بەغدا لێی بەرپرسیارن، ئەگەر ئەم سێ لایەنە بەشداربن لە چارەسەرکردنی کێشەکە، من بەباشی دەیبینم و دەگەینە ئەنجام.

**رۆژنامە: لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لیستی عێراقییە پلەی یەکەمی لە کەرکوک بەدەستهێناو ژمارەی کورسییەکانیشی بەرامبەر کورسی کــوردە، ئەم هاوکێشە نوێیە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئایندەی شارەکە؟**

* لە یاسای هەڵبژاردنەکەدا بڕگەیەک هاتووە، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە کاریگەریی لەسەر ئایندەی سیاسیی کەرکوک نابێت، مانای وایە بەپێی دەقی یاساکە یەکسانبوونی هاوپەیمانیی کوردستان و عێراقییە لە کەرکوک هیچ کاریگەرییەکی نییەو پێوەرنییە بۆ داهاتوو، جگە لەوە هەڵبژاردنەکە شەفاف نەبوو کە ئەنجامەکەی شەش بە شەش بوو، دواتر یاساکە یاسایەکی خراپ بووەو کەموکورتی زۆری تێدابووە، کە لایـەن هەبووە بە نزیکەی (٤٠) هـەزار دەنگ کورسی بەدەستنەهێناوە کاندیدیش هەبووە بە (٢) هەزار دەنگ کورسی بەدەستهێناوە، بەپێی هەموو راستییە مێژووییەکانیش لە رابردوو و ئێستاشدا کـورد هەمیشە لەنیوە زیاتری دانیشتووانی کەرکوکی پێکهێناوەو داهاتوو هەڵبژاردنێکی دیکە ئەو راستییە دەسەلمێنێتەوە.

## حەسەن تۆران (تورکمان): راپرسیی لەکەرکوک، جەنگـ



**رۆژنامە: خوێندنەوەت چییە بۆ دۆخی سیاسیی کەرکوک، لەکاتێکدا دوای حەوت ساڵ لە پرۆسەی ئازادیی عـێـراق، کێشە سیاسییەکەی بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە؟**

* دۆخی کەرکوک کە بەمجۆرەی ئێستا گەیشت ئەنجامی نەبوونی متمانە بوو لەنێوان پێکهاتەکانیدا، هۆکاری ئەمەش نەبوونی ئیدارەیەکی هاوبەش بوو لەنێوانیاندا، چونکە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کورد هەیمەنەی خۆیان بەسەر پارێزگاکەدا سەپاندو یاساش بەرقەرار نەبوو، لەوکاتەدا هەندێک بەرپرس تەجاوزاتی زۆریان کردە سەر زەوی و موڵکی شارەکەو ئەو هەموو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیایەی بەر لەساڵی (٢٠٠٣) و دوای ساڵی (٢٠٠٣) ئەم دۆخەی خوڵقاندو کێشەی کەرکوکی هێندەی تر ئاڵۆزکرد، هەروەها بێتوانایی و شکستی ئیدارە، کە هەردوو حیزبەکە دەسەڵاتی خۆیان بەسەردا سەپاندو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە هاوڵاتییان، جگە لەوەش داواکاریی و پــرۆژەی سیاسیی نـەتـەوەکـان، بەجۆرێک کورد هەوڵی گەڕانەوەی کـەرکـوکـی بـۆ سـەر هـەرێـمـی کوردستان داوە، تورکمان هەوڵیداوە هەرێمێکی سەربەخۆ بێت و عەرەبیش ویستوویەتی سەر بە بەغدا بمێنێتەوە، کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

» تائێستا گفتوگۆ لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە نەکراوە «

**رۆژنامە: ئەو گفتوگۆو دانیشتن و یاساو مادانەی بۆ چارەسەری پرسی کەرکوک کــراون، بۆچی ئاکامیان نەبووە، ئەوە پەیوەندیی بە چییەوە هەیە؟**

* بە بڕوای من کێشەی کەرکوک پێویستی بە حیکمەت و هێمنی و وردبینییە بۆ چارەسەرکردنی، هەموو لایەنەکان وابەستەن بە راو پرۆژەی خۆیان و ئامادەنین تەنازول بۆ بەرامبەر بکەن، بەبێ تەنازولاتیش کێشەکە چارەسەر نابێت و پێویستە کـوردو تورکمان و عـەرەب لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن بۆ گەیشتن بە چـارەسـەر، کە بە بـڕوای من تائێستا ئەم نەتەوانە دانەنیشتوون بـۆ چـارەسـەری کـێـشـەکـە، من بـەبـاشـی دەزانـم نـەتـەوەکـانـی کەرکوک دەستبکەن بە گفتوگۆی راستەقینە بەبێ سەپاندنی مەرجی پێشوەخت و ئەو گفتوگۆیانەش لەژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەنجامبدرێت و خاڵی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان کـاری لـەسـەر بکرێت، ئێمە دژی ئەنجامدانی راپرسین لەسەر داهـاتـووی کـەرکـوک، کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە راپۆرتەکەی دیمستۆرادا ساڵی رابـردوو هەمان ئەو خاڵەی باسکردووە، کە راپرسی لەسەر ئایندەی کەرکوک نەکرێت، چونکە هۆکار دەبێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی تایفی لە کەرکوک، بە بڕوای من بـەرلـەوەی راپـرسـی لـەسـەر کەرکوک بکرێت، دەبێت چارەسەری کێشەی کەرکوک بکرێت، بەجۆرێک کە سەرجەم نەتەوەکان پێی رازی بـن، نـەک چـارەسـەرێـک لەلایەن نەتەوەیەکی بەهێزەوە بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنرێت.

**رۆژژنـامـە: کەواتە تۆ لەگەڵ ئەنجامدانی راپرسیت لەسەر ئایندەی کەرکوک؟**

* من دەڵێم راپرسی چارەسەری کێشەی کەرکوک ناکات، چارەسەر تەنیا رێکەوتنی سیاسییە لەنێوان کـوردو عـەرەب و تورکمان، دوایی رێکەوتن لەسەر مۆدێلێک یان نموونەیەکی دیاریکراو دەکرێت، هــەرجــۆرە راپـرسـیـیـەک یان رێکەوتنێکی دیکە بە چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت لەسەر چارەنووسی کەرکوک، بەڵام بەبێ چــارەســەرو بـەم دۆخــەی ئێستا راپرسی جەنگی ئەهلیی لێدەکەوێتەوە، کە ئێمە ئەوەمان ناوێت.

**رۆژنامە: مانگێکی دیکە وادەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتییە لە عێراقدا، ئێوەش هەڵمەتێکی دژایەتیتان بۆ پەکخستنی ئەو پرۆسەیە لە کەرکوک دەستپێکردووە، بۆچی لەدژی دەوەستن؟**

* هیچ عێراقییەکی ژیر لەدژی سەرژمێریی نییە لە هەر ناوچەیەکی عێراق بێت، ئێمە دەڵێین سەرژمێریی زۆر گرنگەو بە بڕوای ئێمە واقیعی دانیشتووانی کەرکوک واقیعێکی ناسروشتییە، چونکە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە هەردوو حیزبی کوردی گۆڕانکاریی گەورەیان لە دیمۆگرافیای کەرکوکدا کـردووە، ئێمە دەڵێین با مادەی (٢٣) جێبەجێبکرێت، کە لە بەندەکانیدا هاتووە پێداچوونەوە بە گۆڕانکاریی دیمۆگرافیادا بکرێت بەر لە پرۆسەو لەدوای پرۆسە، هەروەها پێداچوونەوە بە تۆماری نفوس و دەنـگـدەرانـدا بکرێت و تەجاوزات لاببرێت، ئێمە نامانەوێت ئەنجامی سەرژمێریی ئایندەی کەرکوکی لەسەر بونیاد بنرێت، کە هەندێک حیزبی کورد پێیانوایە سەرژمێریی قۆناغی دووەمــی مــادەی (١٤٠)ە، من دەپرسم: ئەگەر سەرژمێریی بۆ مەبەستی گەشەپێدان و پلاندانانە، بۆچی پرسیاری نەتەوەیی تێدایە؟، ئێمە دەمـانـەوێـت ئـەو پرسیارە لاببرێت، چونکە دەقۆسترێتەوە بۆ مەبەستی سیاسی.

**رۆژنامە: رات لەسەر ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک چییە؟**

* ئێمە پێویستی جدیمان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگایە، یاسای (٢١) لە هەموو پارێزگاکانی عێراق جێبەجێدەکرێت تەنیا لە کەرکوک نەبێت، من داوا دەکەم لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەڵبژاردن

### بەپێی ڕاپۆرتی دەزگایەکی عێراقیی؛

# کەناڵی (عێراقیە) لایەنگری مالیکی کردووەو (شەرقیە)ش زۆرترین لادانی هەبووە

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراق، کەناڵی ئاسمانیی شەرقییە لە ریزبەندی یەکەمی ئەو کەناڵە ئاسمانییە عێراقیانەیە کە لادانی ئەنجامدانەوە لە بنەماکانی ڕێکخستنی پەخشی ڕاگەیاندنو کەناڵی عێراقییەش، کە کەناڵێکی حکومییە لایەنگریی مالیکی کـردووە، هاوکات سەرۆکی ڕوانگەی ئازادیە ڕۆژنامەوانییەکانی عێراقیش دەڵـێـت: «دەسـتـەی نـاوبـراو ناتوانێت دەسەڵات بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بسەپێنێت».

دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراق ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی ڕاگەیاند، کە لەسەر ئەدای (١٥) کەناڵی ئاسمانیی عێراقی وەک نموونە ئەنجامیداوەو ماوەی نێوان (٢٠١٠/٧/٢٢-٢٠١٠/٨/٩)ی گرتووەتەوە هەریەک لە کەناڵەکانی (شـەرقـیـە، عێراقییە، حوڕییە، بەغدادییە، سومەرییە، فەیحا، ڕەشید، ڕافیدەین، بیلادی، ئافاق، بابلییە، مەسار، سەڵاحەدین) لە لایەن دەستەی ناوبراوەوە چاودێریی کارەکانیان کـراوە لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییو بنەمایانەی دەستەی ناوبراو بۆ ڕێکخستنی پەخشی ڕاگەیاندنی کەناڵە عێراقییەکان دەریکردوون.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، کەناڵی شەرقییە، کە بە کەناڵێکی ئۆپۆزسیۆن وەسف دەکرێت زۆرترین لادانی لەو بنەمایانە لەسەر تۆمارکراوە لە یەکەمی ریزبەندیی ئەو (١٥) کەناڵەدایەو ڕێژەی لادانەکانی بە (٤٣,١٪) هاتووەو بەدوایدا کەناڵی ڕافیدەین دێـت، کە بە ڕێـژەی (٣٧,٩) لادانەکانی هەڵسەنگێنراوە، دواتر کەناڵی بابلییە دێت، کە بە ڕێژەی (١٢,١٪) لایداوەو دواتر کەناڵەکانی ئافاقو عێراقییە دێن، کە یەکەمیان بە ڕێژەی (٥,٢٪)و دووەمیشیان بە ڕێژەی (١,٧٪) لادانیان لە بنەماکانی ڕێکخستنی پەخشی ڕاگەیاندن لەسەر تۆمار کراوە.

دەسـتـەی نـاوبـراو کـە لـە ساڵی (٢٠٠٤)دا وەک دەستەیەکی سەربەخۆ دامەزراوە، ئەرکی ڕێکخستنی فریکوێنسی تەلەفزیۆنو کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنو پشتیگریکردنی پرۆفیشناڵییە لە کاری ڕۆژنامەوانیداو لەم ڕاپۆرتەیدا کە (٢٧) لاپەڕەیە زۆرترین تێبینییەکانی لە ماوەی (٢٠١٠/٧/٢٢-٢٠١٠/٨/٩) لەسەر کەناڵی شەرقییەیە، کە (١٩) تێبینی جوراوجۆرە لـەسـەر لادانـەکـانـی لـە ڕاستگۆییو پەیڕەوکردنی پرۆفیشناڵییو تەشهیرو ناوزڕاوندنو هاندانی توندوتیژیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو تێبینیانەش لە هەواڵو ڕاپۆرتەکانیەوە تا بەنامەو پەیوەندیی تەلەفۆنیو ئیمەڵەکانی گرتووەتەوە.

لە بەرامبەردا کەناڵی عێراقییە، کە کەناڵێکی حکومییەو سـەر بە تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقیەو لەلایەن حکومەتەوە پارەدار دەکرێتو پێویستە سەربەخۆیانە کـار بکات، لە ڕاپـۆرتـەکـەی دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراقدا وەک لایەنگریکەری نوری مالیکی، سەرۆک وەزیـرانـی عێراق، نـاوزەنـدی دەکـاتو دەنووسێت:

«لە (٢٠١٠/٨/٢)دا کەناڵی عێراقییە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقدا ئەنجامداوە لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا سێجار ئەو چاوپێکەوتنە لێدراوەتەوەو بەشێوەیەکی بـەردەوام بینەرانی لە ڕێگەی شریتی هـەواڵـەوە لە کاتی پەخشکردنی ئەو چاوپێکەوتنە ئاگادار کردووەتەوە».

ڕاپۆرتەکە ڕاشیدەگەیەنێت: «تێبینی ئێمە لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە ئەوەیە، کە کەناڵی عێراقییە بەو شێوە فراوانەوە ریکلام بۆ هیچ چاوپێکەوتنێک ناکات، کە لەگەڵ بەرپرسانی تـری عێراقدا ئەنجامیدەداتو گرنگییەکی زیـاد لە پێویستیشی بە نـوری مالیکی داوە، هەر بۆیە ئەو کەناڵە لایەنگیریی مالیکی بووەو پانتاییەکی فراوانی بە بەراورد بە بەرپرسانی تر بە مالیکی داوە، ئەوەش لەگەڵ بێلایەنی یەکناگرێتەوە، کە پێویستە کەناڵی عێراقییە کە سەر بە دەوڵەتی عێراقییە بیگرێتەبەر.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتەدا، پرسیارەکان لەسەر دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراق زیادیکرد، بەتایبەت کە هەندێک پێیانوایە؛ ئەو دەستەیە جۆرێک لە سانسۆر بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عێراقەوە جێبەجێ دەکات.

لەوبارەیەوە زیاد عگێلی، بەڕێوەبەری ڕوانگەی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکانی عـێـراق، تـایـبـەت بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «نابێت دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراق دەسەڵاتی بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بسەپێنێتو کاری بۆ ئـەوەش نـەکـردووە، بەڵکو ئەرکی ڕێکخستنی کـاری ڕۆژنامەوانییە لە عێراقدا».

عگێلی، ئاشکرایکرد؛ لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا داوەتنامە ئاراستەی بەرپرسانی سەرجەم کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنی عێراق دەکرێت، تا لە ڕێگەی ڕوانگەی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکانەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی عێراقدا گرێ بدەن بۆ ڕێکخستنی کارەکانیو کارکردن بۆ دەرکردنی یاساکانی پێویست بە بواری ڕاگەیاندن بە سوودوەرگرتن لە یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو.

### وتەبێژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی:

# نازانرێت داواکارییەکانی کورد جێبەجێدەکرێت، یان نا

سازدانی: کاروان عومەر



حەمید موعلە

حەمید ڕەشید موعلە، وتەبێژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، ئاماژە بەوە دەکات؛ هەندێک لە پێشنیازەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێویستیان بە گفتوگۆ هەیەو نازانرێت سەرجەم پێشنیازەکان دەتوانرێت جێبەجێبکرێت، یان نا، وتیشی: «کورد ئازادە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کێ دەکات».

مـوعـلـە لـە دیـمـانـە ڕاپـۆرتـێـکـی ڕۆژنـامـەدا ئـەوە ڕەتدەکاتەوە، کە لە فیدراڵییەت پاشگەز بووبێتنەوە، بەڵام دەڵێت: «لە ئێستادا ئەنجومەنی باڵا داوای پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە ناکات».

(١٩) خاڵەکەی وەرەقەی دانوستانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئـاراسـتـەی ئـەنـجـومـەنـی بـاڵای ئیسلامیش کـراوە، کە لەلایەک یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئیئتیلافی نیشتمانییو لەلایەکی تریشەوە تاکە پاڵێوراوی ئیئتیلافی ناوبراو، کە عادل عەبدولمەهدیەو لەو حیزبەیە، سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجومەنی باڵا لەسەر داواکارییەکانی کـورد، حەمید موعلە، وتەبێژی ئەو ئەنجومەنە ئاماژە بەوە دەکات؛ پێشنیازەکانی کورد هەندێکییان دەستوورینو دەستووریش چارەسەری بـۆ دۆزیـونـەتـەوەو کـۆکـن لەسەر جێبەجێکردنیو هەندێکی تریشیان پێویستیی بە گفتوگۆ هەیەو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڵام ناتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سەرجەم پێشنیازەکانی کورد دەتوانرێت جێبەجێبکرێت، یان نا».

مـوعـلـە، وێـڕای ئـامـاژەدان بە پاڵێوراوەکەیان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیـران، گەشبینە لـەوەی کە چانسی بەدەستهێنانی ئەو پۆستەی زۆرەو لەو بارەیەوە دەڵێت: «عادل عەبدولمەهدی، تاکە پـاڵـێـوراوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، ناوبراو چانسی زۆری هەیە ئەو پۆستە وەربگرێت».

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد؛ پەیوەندیی کـوردو ئەنجومەنی بـاڵای ئیسلامیی پەیوەندییەکی ستراتیژییەو لە ئاستێکی زۆر باشدایەو هیوای خواست کە کورد پاڵپشتیی لە عادل عەبدولمەهدی بکات، بەڵام وتی: «بەدەستهێنانی ئەو پۆستە پەیوەستە بەوەی عەبدولمەهدی تا چەند جێگەی ڕەزامەندیی لایەنەکانی تر دەبێتو کوردیش ئازادە لەگەڵ کێ هاوپەیمانێتی ئەنجامدەدات، کە بگونجێت لەگەڵیدا».

لە تێڕوانینی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو وەفدە دانوستکارەکەیدا پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان پاڵپشتیکردنی سـەرۆک وەزیـرانو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هەیە، کە کورد لە کۆی (١٩) خاڵەکەیدا بە هێڵی سووری دادەنێت، لەو بارەیەشە وتەبێژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سوورن لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، ڕاشیگەیاند: «عادل عەبدولمەهدی لە مـاوەی وەرگرتنی پۆستی جێگری سـەرۆک کـۆمـارو وەک ئەندامێکی دەسـتـەی سەرۆکایەتی سـوور بووە لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم برگە دەستوورییەکان، چونکە جێبەجێکردنی تاکە دڵنیاییە بۆ مانەوەی عێراقی نوێو سەرجەم دامەزراوە دەستوورییەکان».

گـرێـی بـە فیدراڵیکردنی عێراق لـەڕووی سیاسییو ئیدارییەوە یەکێک بووە لەو کێشانەی کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کورد لەگەڵ ئەنجومەنی باڵاو هەندێک لە لایەنە شیعەکانی تردا بووەتە کێشە، بەشێوەیەک کە هەندێک پێیانوایە؛ سـەرەڕای چەسپاندنی لە دەسـتـووردا، شیعەکان بەتایبەت ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لەو بیرۆکەیە پەشیمان بوونەتەوەو تائێستا هەنگاوێکی عەمەلییان نەناوە بۆ بە فیدراڵیکردنی عـێـراق، سـەرەڕای ئـەو ڕەخنانەش حەمید موعلە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەوان لە فیدراڵیبوونی عێراق پەشیمان بووبێتنەوەو وتی: «بیرۆکەی چەسپاندنی فیدراڵییەت لە عێراقو جێبەجێکردنیان لە ناوچەکانی تری عێراق نەگۆڕیوە، چونکە ئەو پرسە دەستوورییەو لە دەستوور ئاماژەی پێکراوە، کە عیراق وڵاتێکی فیدراڵییەو پرسی پەیڕەوکردنیمان گەڕاندووەتەوە بۆ گەلی عێراق، بەڵام لە ئێستادا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بانگەشەو داوای پەیڕەوکردنی سیستمی فیدراڵیی ناکات».

موعلە، ئاشکراشیکرد؛ ڕەوتـی سەدریش دژی پەیڕەوکردنی سیستمی فیدراڵیی نییە، بەڵکو ئەوان داوای ئەوە دەکـەن قۆناغ بە قۆناغ ئەو سیستمی فیدراڵییە لە عێراقدا جێبەجێبکرێتو پێیانوایە جێبەجیکردنیشی لە ئێستادا مەترسیی هەیە بۆ سەر یەکپارچەیی عێراقو وەکو بنەما دژایەتی فیدراڵییەت ناکەن».

»لە فیدراڵیی پەشیمان نەبووینەتەوە بەڵام لە ئێستادا کاری بۆ ناکەین«

تورکیا دەنگی بە «بەڵێ»داو دیاربەکر بۆ ئامێزی بەدەپە گەڕایەوە 12



## سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق:

# دەستەی نەزاهەی بەغدا مافی هەیە چاودێریی هەرێم بکات

سازدانی: رۆژنامە



سەباح ساعدی

سەباح ساعدی، سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات: دەستەی نەزاهەی عێراق مافی هەیە چاودێریی دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، بەوپێیەی دەستەی ناوبراو فیدراڵییە.

ساعدی لە دیمانە راپۆرتێکی رۆژنامەدا، حیزبە بەشداربووەکانی حکومەتی عێراقی بە رێگرتن لەبەردەم لێپرسینەوە لە بەرپرسە گەندەڵکارەکان تۆمەتبار دەکاتو دەڵێت: «لە غیابی بوونی دەستەیەکی نەزاهەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا کێشەی دروستکردبوو، سەبارەت بە ئەگەری مافی یاسایی‌و دەستووریی دەستەی نەزاهەی عێراق لە کارکردن لە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا کە بەغدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەستەی نەزاهەکەی وەک دامەزراوەیەکی فیدراڵیی بۆی هەیە بوونی یاسایی لە هەرێمدا هەبێت، هەرێم ئەو بوونە بە نادەستووریی لەقەڵەمدەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە رەشنووسی پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەی عێراقدا ئاماژە بە کردنەوەی نووسینگەی ئەو دەستەیە کراوە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

لەم بارەیەوە سەباح ساعدی، سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بە مافی دەستووریی نەزاهەی بەغدا دەکات لە لێکۆڵینەوەی دامودەزگا رەسمییەکانی هەرێمو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستەی نەزاهەی عێراق مافی ئەوەی هەیە چاودێریی دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، چونکە دەستەیەکی فیدراڵییەو سەرتاسەری عێراق دەگرێتەوە»، بەڵام هۆکاری کارانەبوونی ئەو دەستەیەی بەغدای لە هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە بۆ کێشەی رووننەبوونی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمداو بە پێویستیشی زانی لە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا سنووری دەسەڵاتەکانی هەردوولا دیاریبکرێت، بەمەبەستی ئەوەی ئەو دەستەیە لە هەرێمی کوردستان دەستبەکاربێت، وتیشی: «دەبێت لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی هەرێم چاودێریی دۆسیەکانی گەندەڵیی لەو هەرێمە بکات، چونکە سنووری کارەکانی لیژنەکانی پەرلەمانی عێراق ئەو پارێزگاو هەرێمانە ناگرێتەوە کە پەرلەمانی تایبەتیان هەیە».

سەباح ساعدی، کە پێشتر ئەندامی حیزبی فەزیلەی ئیسلامیی شیعە بوو، پێیوایە: دۆسیەکانی گەندەڵیی لە عێراقدا ئاڵۆزەو هەندیک ناونیشانی هەیە، وەک گەندەڵیی سیاسی‌و ئیداریی‌و دارایی، وتیشی: «گەندەڵیی ئیداریی‌و دارایی لە چەندین وەزارەت ئەنجامدراوە، ئەمەش بووەتە هۆی لەکارکەوتنی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەو زەرەرمەندبوونی هاوڵاتییان‌و تێکدانی پلانی وەزارەت‌و دامەزراوەکانی حکومەت، وتیشی: «هیچ هەوڵێکمان بەدی نەکردووە لەلایەن حکومەتەوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی، بەپێچەوانەوە حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت بەتایبەت حیزبی دەعوە رێگرییان کردووە لە کارەکانی ئەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە نەهێشتنی گەندەڵیی‌و چاودێریکردنی‌و بەرگرییان لەو بەرپرسە گەورانە کردووە، کە بە گەندەڵ تۆمەتبار کراون».

سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: سەبارەت بە دۆسیەی گەندەڵیی، لەلایەن حکومەتەوە فشاری زۆر دەخرێتە سەر دامەزراوە دادوەرییەکان لە عێراق‌و حکومەت گەندەڵکاران دەپارێزێت، بۆ نموونە سەرۆک وەزیران هەوڵەکانی وەزیری کارەباو بازرگانیی‌و نەوتی بەرز نرخاندووە، سەرەڕای ئەوەی شکستیان هێناوەو گەندەڵییان ئەنجامداوە، وتیشی: «پێمانوایە کە فشاری زۆر خراوەتە سەر دامەزراوە دادوەرییەکان لە عێراقدا بەمەبەستی داخستنی دۆسیەی عەبدول فەلاح سودانی، وەزیری بازرگانیی، چونکە بەردەوامبوونی لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لەگەڵ ناوبراودا، ئەوە ئاشکرا دەکات کە کەسانی گەورەتر تێوەگلاون لەو دۆسیەیە»

یەکێک لە تێبینییە هەرە سەرەکییەکان لەسەر پەرلەمانتارانی پێشوو، پڕنەکردنەوەی فۆرمی زانیاریی سەروەت‌و سامانیان بوو، کە دەبوو بەر لە بەرپرسە حکومییەکان وەک ئەندامی دامەزراوەیەکی یاسایی‌و چاودێر پڕیان بکردایەوەو بە بۆچوونی ساعیدیش تەنیا نیوەی پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی پێشووی نوێنەرانی عێراق سەروەت‌و سامانەکانیان ئاشکراکردووەو چەندین پەرلەمانتار لە سەرجەم لیستەکان ئەو هەنگاوەیان نەناوەو لەسەرجەمی لیستەکان هیچ لیستێک بە تەواوەتی ئەندامانی سەروەت‌و سامانیان ئاشکرانەکردووە.

سەبارەت بە ئەگەری کارابوونی پەرلەمانی نوێی عێراقیش لەسەر دۆسیەکانی گەندەڵی‌و ئەگەری چاودێریکردنیان، ساعدی پێشبینی ئەوەی کرد، کە پەرلەمانی داهاتوو کاراتر بێت لە پەرلەمانی رابردوو لە بواری نەهێشتنی گەندەڵیی بەهۆی بوونی کەسانی لێهاتوو لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق، ئەمەش بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستمی لیستی کراوە، کە بە وتەی ناوبراو کەسانی لێهاتوو بوون بە ئەندام پەرلەمان.

## «کێشە لەنێوان عەلاوی‌و هاشمی‌و موتڵەگدا هەیە»

# لیستی عێراقییە هەڵدەوەشێتەوە

راپۆرتی: کارزان عومەر



پێکنەهێنانی حکومەت «عێراقییە» دەخاتە قەیرانەوە

دوای راگەیاندنی جیاکردنەوەی رەوتی نیشتمانیی میانڕەو لە لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی تەڵال زەوبەعی، ئەگەرەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی لیستی عێراقییە زیادیکردووەو ئەندامێکی دەوڵەتی یاساش دەڵێت: «ناکۆکیی لەنێوان عەلاوی‌و هاشمی‌و ساڵح موتڵەگ سەریهەڵداوەو پێکهاتەکانی ئەو لیستە بەجیا دانوستان دەکەن».

لەگەڵ شکستی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی‌و سوربوونی لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، چانسی ئەیاد عەلاوی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران کەمبووەتەوە، هاوکات ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانی ئەو لیستە لەسەر داواکاریی لایەنەکانی دیکە بەتایبەت ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و بەتایبەت مادەی (١٤٠)، ناکۆکیی لەنێوان پێکهاتە سوننی‌و شیعی‌و میانڕەوەکانی ئەو ئیئتیلافەدا دروستکردووە، ئەم دوو هۆکارەش ئەگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی لیستی عێراقیەی زیادکردووەو بەم دواییە رەوتی نیشتمانیی میانڕەو بە سەرۆکایەتی تەڵال زەوبەعی جۆرێک لە خۆجیاکردنەوەی لە لیستی عێراقییە راگەیاند.

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە رۆژنامەی راگەیاند: نوری مالیکی، سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا، تاکتیکی مسۆگەرکردنی رەزامەندیی هەندێک لە پێکهاتە میانڕەوەکانی ناو لیستی عێراقییەی گرتووەبەر، کە ئەگەری لێکترازانی نێو لیستەکەی عەلاوی زیاتر کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری نزیک لە لیستی عێراقییەش ئاماژەی بەوەدا: مالیکی بەڵێنی پێدانی چوار وەزارەتی بە ساڵح موتڵەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی داوە، کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی لیستی عێراقییە تا لەبەرامبەردا قایل بن بە دووبارە کاندیدکردنی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق.

لەوبارەیەوە عەدنان سەراج، سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئاشکرایکرد: لیستی عێراقییە لە ژمارەیەک قەوارەی جیاواز پێکدێت، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی لە راو بۆچوونەکان لەناو ئەو لیستەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «جۆرێک لە ناکۆکیی لەنێوان عەلاوی‌و هاشمی‌و ساڵح موتڵەگ سەریهەڵداوەو هەندێکجار پێکهاتەکانی لیستی عێراقییە بەجیا دانوستانیان لەگەڵ لیستەکانی دیکە ئەنجامداوە.

ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد: ئەگەر ئەیاد عەلاوی شکست بهێنێت لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، ئەوا ئەو لیستە پەرت دەبێت.

لیستی عێراقییە، کە خاوەن (٩١) کورسییەو پێکدێت لە (٢٢) قەوارەو حیزبی سیاسیی‌و لەکۆی (١٥) پارێزگا، کە ئەو لیستە لە هەڵبژاردنەکان بەشداریی کردبوو لە (١٢) پارێزگا پەرلەمانتاری هەیەو زۆربەی ئەندامانی ئەو لیستە سوننە مەزهەبن، بەڵام ئەندامی عەرەبی شیعەو کوردو تورکمانیش لەخۆدەگرێت، تەنیا (١٢) پەرلەمانتاری ئەو لیستە نوێنەرایەتی پارێزگاکانی باشووری عێراق دەکەن، واتە نزیکەی (٨٠) کورسی ئەو لیستە لە پارێزگای سوننەنشینەکان‌و بەغدان‌و نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیستی عێراقییە عەرەبی سوننەن‌و یەک لەسەر سێی شیعەن‌و پێنج پەرلەمانتاری تورکمانن‌و پەرلەمانتارێکی کوردیشی تێدایە لەسەر پارێزگای موسڵ، کە ئەرکان زێبارییە.

لەلایەکی دیکەوە وێڕای رەتکردنەوەی بوونی لێکترازان لەنێوان پێکهاتەکانی لیستی عێراقییەدا، ئەندامێکی ئەو لیستە هەواڵەکانی پەرتبوونی ئەو لیستە پشتڕاست دەکاتەوەو ئاماژە بە جیابوونەوەی رەوتێکی دیکەش دەکات لە لیسی عێراقییە.

محەمەد عەلاوی، سەرکردەی لیستی عێراقییە، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەندێک لایەن گرەو لەسەر پەرتبوونی لیستی عێراقییە دەکەن‌و هەوڵدەدن ناکۆکیی بخەنە نێوان ئەو لیستە، بەڵام لیستەکەیان پتەوەو هیچ دووبەرەکییەک لەناو ئەو لیستە دروست نەبووە».

بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی لیستی عێراقییە ئاشکرایکرد: کازم شمەری، پەرلەمانتاری ئەو لیستە، قەوارەیەکی نوێی دروستکردووە لەناو لیستی عێراقییە، بەڵام جیانەبووەتەوە.

لیستی عێراقییە هەشت پێکهاتەی سەرەکیی لەخۆدەگرێت، لەوانە: حیزبی ویفاق کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەن (٢٥) کورسییەو بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ، کە خاوەن (٢١) کورسییەو عێراقیبوون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی، کە خاوەن (١٨) کورسییەو بزووتنەوەی چارەسەرو چاکسازیی بە سەرۆکایەتی جەمال کەربوولی، کە خاوەن (١٢) کورسییەو قەوارەی نوێبوونەوە بە سەرۆکایەتی تاریق هاشمی، کە خاوەن (٦) کورسییەو بزووتنەوەی ئەبنا رافدین بە سەرۆکایەتی سەلام زۆبەعی، کە خاوەنی (٤) کورسییەو بەرەی تورکمانیی خاوەن (٤) کورسییەو لیستی عەرەبی سەربەخۆش (١) کورسی لەو لیستەدا هەیە.

# ـــەدەپە گەڕایەوە

بالای گشت دادگایەکی تورکیا دەستنیشان دەکات، یەکێتی ئەوروپا پێشتر گومانی لە سەربەخۆیی ئەم دەزگایە هەبوو، هەربۆیە داوای ریفۆرمی بنەڕەتی لەم دەزگایەدا کردبوو، هەربۆیە ئەکەپەش لە هەموارەکەدا ئەندامانی دادگاکەی لە (٧) ئەندامەوە کردە (٢١) ئەندامو ئەندامانیش لەلایەن سەرۆکو دادگـــای بـــاڵای تـاوانـەکـانو ئەنجومەنی دەوڵەتو ئەکادیمیای دادوەریی تورکیاوە دەستنیشاندەکرێن، ئەم دەزگایە لە رابردوودا چەندین کێشەی بۆ حکومەت دروستکردووەو ئۆپۆزسیۆن گۆڕانکاریی لەم دەزگایەدا وەک هەوڵێکی پارتی ئەکەپە بۆ کۆنترۆڵکردنی دادوەریی لە تورکیا لێکدایەوە.

پارتە سیاسییەکانی تورکیا چیتر هەروا بە ئاسانی یاساغ ناکرێنو کۆمیتەیەکی تایبەت لە ئەندامانی پەرلەمانی پارتە سیاسییەکان بە هاوبەشیی بەشداریی لە کەیسی لێکۆڵینەوە لە یاساغکردنی پارتە سیاسییەکاندا دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە تائێستا نزیکەی (٢٠) پارتی سیاسیی لە تورکیا قەدەغەکراون، بەتایبەت پارتە کوردیو کۆمۆنیستو ئیسلامییەکان، پـارتـی دەسـەڵاتـی ئێستای تورکیاش رووبەڕووی هەوڵێکی لەوجۆرە بووەوە.

## بەدەپە کاریگەر بوو

بایکۆتکردنی کـوردەکـان هەرچەندە رێژەی دەنگدەرانی ریفراندۆمی کەمکردەوە، بەڵام کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دەنگدان نەبوو، چونکە ئەگەر کوردەکان بەشدارییان بکردایە، چانسی زۆر هەبوو دەنگ بە «نەخێر» بدەن، پارتو سیاسەتمەدارە کوردییەکان رەخنەی ئەوەیان لە هەموارەکە دەگرت، کە گەرەنتی مافەکانی کوردی نەکردووەو بەهیچ شێوەیەکیش بەلای چارەسەرکردنی کێشەی کورددا نەچووە، هەربۆیە داویان لە هاوڵاتییان دەکرد کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بـکـەن، ئـەمـەش وەک نـارەزایـیـەک لە باسنەکردنی مافەکانیان، داوای بایکۆت لەلایەن پارتی ئاشتیو دیموکراسی پرۆکورد (بەدەپە)وە بانگەوازی بۆ کرا، کە گەورەترین پارتی کوردیو کوتلەی پەرلەمانی کوردی ئێستای تورکیایە. لەلایەن سیاسییەکانی دەرەوەی ئەم پارتەشەوە دووپاتکرایەوە، ئـەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی زۆرێـک لە کوردەکان بەشداریی لە ریفراندۆمدا نەکەن. لەباری بەشداریکردنی کوردەکاندا ئەگەری زۆری دەنگدان بە «نەخێر» هەبوو، ئەمەش تەواوی هاوکێشەکانی پێچەوانە دەکردەوەو دوورنـەبـوو ریفۆرمە دەستوورییەکە قبوولنەکرێت، هەربۆیە کـوردەکـان بە بایکۆتکردنیان خزمەتیان بە قبوولکردنی دەستوورەکە کرد.

هەرچەندە هەفتەی پێشوو رەجەب تەیب ئـەردۆغـان، سـەرۆک وەزیـران سەردانی دیاربەکری کردو داوای لە هاوڵاتییان کرد، کە بەشداریی ریفراندۆم بکەنو ئیختیاری خۆیان لە «بـەلـێ»و «نەخێر» هەڵبژێرن، بەڵام رێـژەی بەشداریکردنی هاوڵاتییانی ئەو شارە تەنیا (٣٣٪) بوو، هێمن میرانی، پسپۆڕی کاروباری تورکیا، پێیوابوو؛ بەدەپە کاریگەرییەکی زۆری هەبووەو بایکۆتی ئەو بۆ کوردەکان گرنگ بـوو. چونکە لە حاڵەتی دەنگدانی بە «نەخێر»دا لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی پارتی بزووتنەوەی میللی (مەهەپە)و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) حساب دەکرا، کە هیچ رایەڵەیەکی هاوبەشیان نییە، میرانی دەڵێت: هێشتاش کوردەکان خزمەتیان بە ئەجێندای گۆڕینی دەستوور کـردووە، چونکە دەکـرا دەنـگ بە نەخێر بدەنو لەم حاڵەتەشدا ئەنجامەکان بێگومان بەشێوەیەکی دیکە دەبوون، بەڵام ئەوان تەنیا بایکۆتیان کرد. میرانی پێیوایە؛ ریفراندۆمی ئەمجارەی تورکیا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەپە نیشاندەدات لە ناوچە کوردییەکاندا بەتایبەت دیاربەکر، سەیری ئەنجامەکانی پێشوو بکەین دەبینین لە کۆی (٩) کورسی ئەندام پەرلەمانی دیاربەکر (٦)یـان هی پارتی دادو گەشەی دەسەڵاتە، بەڵام رێژەی بەرزی بایکۆتی ئەو شارە لەم هەڵبژاردنەدا دەریخست، کە کوردەکان لایەنگری پارتی ئاشتیو دیموکراسی بەدەپە دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا (٥٤٪)ی دەنگدەرانی ئەم شارە دەنگیان بە ئەکەپە دابوو.

ئەوەی پێویستە پرسیاری لەسەر بکرێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە بە تورکیاوە لەدوای هەموارە دەستوورییەکان. بەمدواییانەو لـەدوای جەنگی ئازادیی عێراقو سەرکەوتنی پارتی دادو گەشە، پەیوەندییەکان بەرەوپێشچوونو ئاماژەگەلی بەرەوپێشچوونی زیاتریش دەکرێت، بەڵام هێمن میرانی، پێیوابوو؛ ریفراندۆم تەنیا کاریگەریی لەسەر ناوخۆی تورکیا هەیەو کاریگەریی لەسەر ئەو پەیوەندییانە نابێت، ئەم ریفراندۆمە کاریگەریی بۆ سەر زۆر شت لە ناوخۆی تورکیادا هەیە، وەک دادگاو سوپا، بەڵام بۆ پەیوەندییە هەرێمییەکان پێموانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێتو کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ سەر عێراق نییە».

## ئەنجامو هەڵوێستەکان

هەریەکە لە عەبدوڵڵا گویل، سەرۆک کۆماری تورکیاو رەجەب تەیب ئەردۆغان، سـەرۆک وەزیـران، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیو پیرۆزباییان لە توریکا کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی ریفراندۆمەوەو بە «هەنگاوێکی مێژوویی»یان ناوبرد، لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئەردۆغان، وتی: هاوڵاتییانی تورکیا متمانەی خۆیان بە دیموکراسییەکەمان دووپاتکردەوەو دەنگیان بە ریفۆرم داوە، سالح کاپسوزی، جێگری سەرۆکی ئەکەپە، پێیوابوو؛ ئەنجامی ریفراندۆمەکە «پۆزەتیڤە»و ئیرادەی ئازادیی هاوڵاتییان دەردەخات، ئەمە شتێکی نایابە کە ئەنجامێکی وەهامان بەدەستهێنا، سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندە زۆرەی بۆ دژایەتیکردنی ریفراندۆمو لەسەر رێ لادانی دەکرا، بەڵام دەولـەت بەخچەلی، سەرۆکی مەهەپەی ئۆپۆزسیۆن، بە ئەنجامەکان خۆشحاڵ نەبوو، ئەو لە لێدوانێکی نووسراودا پارتی ئەکەپەی بە قۆرغکردنی سامانی گشتیی بۆ مەبەستەکانی خۆی تۆمەتبارکردو پێیوابوو؛ هەموارەکە بۆ دابەشکردنی تورکیایە لەسەر بنچینەی ئەتنی، ئەوە روونە کە ئەم هەموارە تورکیا دابەشدەکات بۆ گروپی ئەتنیو شەڕو جوداییخوازیی، لەلایەکی دیکەوە کەمال کلیچدار ئۆغلو، سەرۆکی گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا (جەهەپە) وتی: ئێمە رێز لە ئیرادەی هاوڵاتییان دەگرین، ئێمە دەرسێک لە ریفراندۆمەوە فێربووین، بەڵام فشاری زۆریش لەسەر جەماوەر هەبووە، ئەمە لەکاتێکدا خودی کەمال کلیچدار ئۆغلو، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە لە سیستمی دەنگداندا نەیتوانی بەشداریی بکاتو بەم هۆیەوە پۆزشی بۆ هاوڵاتییانو ئەندامانی پارتەکەی هێنایەوە.

لـەلایـەکـی دیـکـەوەو لـەسـەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەریەکە لە ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا پیرۆزباییان لە تورکیا کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی ریفراندۆمەکەوە، رۆژنامەی هائارێتزی ئیسرائیلیش لە شیکارییەکدا دەڵێت: سەرکەوتنی ریفراندۆم، ئەردۆغان دەکـاتـە دووەم پیاوی تورکیا لـەدوای ئەتاتورک، رۆژنامەکە دەنووسێت: ئەمە چوارەم جارە ئەردۆغان دەنگی نیشتمانیی تورکیا دەباتەوە، دووجـار هەڵبژاردنو دووجـار ریفراندۆم، ئـەو «براوە»یەکی هەمیشەییە، هەرچەندە ئێمە لە ئیسرائیل یەکدەنگین لەسەر ئەوەی خۆشماننناوێت، سەرکەوتنی ریـفـرانـدۆم سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای ئەردۆغانەو چیدی قورسە پێشبینی کودەتایەکی سەربازیی لەو وڵاتەدا بکرێت، ئـەردۆغـان ئێستا دەتوانێت بە باوەڕبەخۆبوونەوە رێبکات، ئەو وڵاتەکەی دەولەمەندترو ئارامترکردووەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەهێزتری کردووە، ئەمە لەکاتێکدا هەم دیموکراتیترو هەم دیندارتریشی کردووە لە یەککاتدا.

لـەلایـەکـی دیـکـەوە میدیای تورکیا بەشێوەیەکی گشتیی مانشێتی «بەلێ»ی لەخۆ گرتبوو، بە میدیای لایەنگری ئۆپۆزسیۆنو حکومەتیشەوە، رۆژنامەی زەمانی تورکی بە «سەرکەوتنی دیموکراسی» ناوبرد، رۆژنامەی «ڤەتەن»ی تورکی باس لەوە دەکـات؛ ئەمە حەوتەمین سەرکەوتنی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیایە لە ساڵی (١٩٩٤)وەو لەکاتێکدا وەک سەرۆکی شارەوانیو بە رێژەی (٢٥,١٪)ی دەنگەکان لە ئەستەمبوڵ هەڵبژێردرا.

# بلێر: هەست بە تووڕەییو خەم دەکەم، بەڵام ناتوانم پەشیمان بم




فۆتۆ: AFP

ئا: رۆژنامە

**هێند بەسۆزەوە کتێبەکەی نووسیوە کە فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی یادەوەرییەکانی بە «سایکۆدراما» ناودەباتو پێیوایە؛ کتێبەکە هیچ نییە جگە لە «بێئومێدبوونێک لە سەرکردایەتی لە دیموکراسی مۆدێرندا».**

تۆنی بلێر، سـەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، بەمدواییانە کتێبی یاداشتەکانی زەمەنی سەرۆک وەزیرانی خۆی لەژێر ناونیشانی «گـەشـتـێـک: ژیـانـی سیاسیم» بڵاوکردەوەو تیایدا هەڵوێستی خۆی دەربـارەی زۆرێـک لە کێشەکانی ژیانی سیاسیی خۆی روونکردەوە، کتێبەکەی بلێر سیستمی کرۆنۆلۆژی (گـێـڕانـەوەی یـەک بـەدوای یەکی رووداوەکـــان)ی بەکارنەهێناوە، بەڵکو سوودی لە سیستمی بابەت وەرگـرتـووە، لە دیارترینو جێی مشتومڕترین بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە، پەیوەندیی بلێر لەگەڵ گۆردن براونی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیاو سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیایە لە سەردەمی بلێردا، تۆنی بلێر لە کتێبەکەی خۆیدا بەشێکی تایبەت کردووە بە عێراق، هەوڵدەدات هەڵوێستی خـۆی دەربـارەی ئەو جەنگەو ئەنجامەکەی روونبکاتەوە، بلێر لە سەرەتای بەشەکەدا ئەوە دەردەخـات، کە ئەو چاوەڕوانییەی هەندێک خەڵک هەیبووە بۆ دەربڕینی پەشیمانیی بێزاری کردووە، بەتایبەت لەدوای لێپێچینەوەکەی لەسەر جەنگی عێراق، ئەوەش ناشارێتەوە کە ئەوانەی چاوەڕوانی پۆزشی بلێر بوون نائومێد دەبن: کاتێک پرسیاری ئەوەم لێکرا «ئایا پەشیمانیی لە چوون بۆ جەنگی عـێـراق؟» هەستێکی ناخۆشم بۆ دروستبوو، تێکەڵەیەک لە تووڕەییو خەم، چونکە پرسیارەکە بە مانشێتێک کرابوو، چاوەڕوانی ئەوەش بوون بە مانشێتێک وەڵامبدەمەوەو ئەوانیش بنووسن: «بلێر پۆزش دەهێنێتەوە بۆ جەنگ» یان «دواجار بلێر پەشیمانە»، دیارە ئەوەش دەبووە هۆی دڵخۆشیی ئەوانەی دژە-جەنگو بێئومێدکردنی ئەوانەی پشتیوانی جەنگەکە بوون، بەڵام من وتم؛ بڕیاری چوون بۆ جەنگ هی خۆم بووەو بەرپرسیارێتیشی هەڵدەگرمو ئەو مانشێتەشم ناوێت، بەڵام ئەم وەڵامە تەواو نەبوو.

بلێر هێشتاش بەرگریی دەکات لە بەشداریی خۆی لەو جەنگەداو پێیوایە؛ سەدام هیچ ئاماژەیەکی نیشاننەداوە کە چەکی کۆکوژی نەبێت، هەربۆیە بڕیاری بەشداریکردنی لەو جەنگەدا دا، بەڵام هێشتاش هەستدەکەیت کە بلێر بەریتانییەکانی بەرەو جەنگێکی پڕ کارەسات برد، بلێر بە ستایلێکی هاوڕێیانە دەنووسێتو سەرەتا دەربـارەی لێپێچنەوەکەو دواتریش قوربانییەکانی جەنگ دەدوێت: هەستی تووڕەییم دەربـارەی لێپێچینەوەکەم هـەبـوو، لەپێشدا دەربـارەی ئەو وانانەبوون کە دەبوو لە جەنگ فێریان بووبین، بەڵام لەپڕ گۆڕا بۆ حوکمدان، تەنانەت نەمدەتوانی یارمەتی خێزانی لێقەوماوانی جەنگیش بدەم، چونکە دەمـزانـی خێرا بەجۆرێکی دیکە لێکدەدرێتەوە.

دواتـر بلێر لۆمەی لایەنگرانی ئەنتی-جەنگ لە بەریتانیا دەکاتو پێیوایە؛ ئـەوان هەستی ئەو وەک مرۆڤێک لەبەرچاو ناگرن، بەڵکو تەنیا وەک سیاسییەکی بێهەست سەیری دەکەن: بەڵام هەستی خەفەتم هێشتاش هەرماوە، بەڕاست ئەوان وادەزانـن من هەستم نییەو خەفەت بۆ ئەوانە ناخۆمو پەشیمان نیم کە لە جەنگدا لەدەستمان چوون؟ تەنیا سەربازە بەریتانییەکانیش نا، بەڵکو ئەوانی نەتەوەکانی دیش، بەتایبەت ئەمریکییەکان، بەڵکو یابانیو هۆڵەندیو دانیمارکیو ئیستۆنیو ئیسپانیو ئیتالیو هەموو ئەوانی دیکە لە هاوپەیمانان، جگە لە عێراقییەکان خـۆشـیـان، نـەک هـەر ئـەوانـەی قوربانیی هێزەکانمان بوون، بەڵکو ئەوانی دیکەش بەدەستی خەڵکی دی کوژرانو مردنیان رێی لێنەگیرا.

ئەوەی کە گرنگەو لەلایەن زۆرێک لە رۆژنامە جیهانییە بەناوبانگەکانەوە کرا بە مانشێت، رستەیەک بوو دوای ئەمە کە دەڵێت: بەڵام ناتوانم پەشیمان بم.

دواتر بلێر ئاماژە بەوەدەدات؛ ئەو لــەدەرەوەی ئۆفیسی سەرۆکایەتی وەزیـرانـیـش هێشتا خەریکی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەو جەنگەیە: هەتا لەدەرەوەی ئۆفیسیش، کە رۆڵێکی تـەواو جیاوازم هەیە، تەواو خەریکی هەمان ململانێم، کاتێک دەڵێم هەموو رۆژێک بیر لە عێراقو ئەفغانستانو پاشهاتو قوربانییەکانی ئـەو جەنگە دەکـەمـەوە، راستە، بەڵام ئەم هەستەم بۆ مەبەستێکی گەورەترە، ئەم بزنسە هێشتا تەواو نەبووە، بەهیچ پەشیمانی دەربڕینێک ناتوانم ئەوانە بژیەنمەوە کە مردوون. بەڵام دەتوانم ئەو بەشەی ژیانم کە ماوە بۆ ململانێیەکی گەورەتر تەرخان بکەم، هەوڵدان بۆ مانابەخشین پێی، ئامانج بەخشینو بڕیاردان بۆی، پاراستنی بەرپرسیاریم دەربارەی بە هەر رێگەیەک بێت، ناتوانم بە وشە بڵێم؛ «بەداخەوەم» تەنیا دەتوانم هیوابخوازم کە ژیانی زیاتر رزگار بێت لەوانەی کە ماونەتەوە.

داوادەکرێت گرێبەستە گازییەکان بەدەردی گرێبەستە نەوتییەکان نەبرێن 14

# تورکیا دەنگی بە «بەڵێ» داو دیاربەکر بۆ ئامێزی بـ

ئا: شاڵاو فەتاح

**وڵاتی تورکیا گڵۆپی سەوزی بۆ چاکسازییەکانی پارتی دادو گەشە هەڵکرد بە دەنگدان بە «بەڵێ» لە ریفراندۆمەکەی یەکشەممەی ڕابردوو، (٥٧,٩٪)ی هاوڵاتییان دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ هەموارە دەستوورییە پێشنیازکراوەکەی حکومەت دا، ئەمەش زیاد لە ڕێژەی چاوەڕوانکراو بوو لەلایەن ئاژانسەکانی ڕاپرسییەوە.**

ئەم ریفراندۆمە قورسترین تاقیکردنەوە بوو بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو سەرۆک وەزیرانی تورکیاو کابینەکەی کە لە ساڵی (٢٠٠٢)وە پێکهات، حکومەت بڕوای وایە هەموارکردنی دەستووری سەربازیی کلیلی ریفۆرمە لە تورکیا، ریفراندۆمەکە بۆ هەندێک لە هاوڵاتییانی تورکیا ئیعتیبارێکی ڕەمزی هەبوو، چونکە ڕۆژی (١٢)ی سێپتێمبەر کراو ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە سییەمین ساڵیادی کودێتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠)، کە هەندێک لە هاوڵاتییانی تورکیا کوژرانو زیانمەندبوون، ئەم ریفراندۆمە بۆ ئەو کەسانە وەک «تۆڵە»یەک وابوو، بەتایبەت لەدوای ئەو قبوولکردنەی هەموارە دەستوورییەکان دەتوانن داوا لەسەر کەسانی باڵای ناو سوپا تۆمار بکەنو بیانهێنرنە بەردەم دادگای مەدەنی، لەوبارەیەوە هێمن میرانی، پسپۆڕی کاروباری تورکیا، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ریفراندۆمەکەی بە سەرکەوتنێک بۆ ئەکەپە لێکدایەوە، هەرچەندە چاوەڕوانی باشتریش بوون، بەڵام هێشتاش ئەمە بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێت بۆ تورکیا.

## داتاکانی ریفراندۆم

دەنگدانەکە لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە لە خۆرهەڵاتی تورکیاو لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لە شوێنەکانی دیکە ڕاگیرا، زیاتر لە (٥٠) ملیۆن خەڵک، کە دەکاتە دوو لەسەر سێی گشت دانیشتووانی تورکیا شایستەی دەنگدان بوون.

ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتییان نزیکەی (٧٨٪) بوو، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزتربوو بە بەراورد بە ریفراندۆمی ساڵی (٢٠٠٧)، کە بۆ سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کرا، ڕێژەی بەرزی بەشداریی هاوڵاتییانیش پەیوەندیی بە هاندانی سەرۆکی پارتە سیاسییەکانەوە هەبوو، کە ڕۆژانە سەردانی شارەکانیان دەکردو هانی خەڵکیان دەدا بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆم.

ئەو شارانەی زۆرترین دەنگی «بەڵێ»ی تێدا هاتبوو بریتیبوون لە ئاگری، باتمان، بینگۆل، کۆنیا، دوزجە، کوتاهیاو ماڵاتیا، ئەو شارانەش کە زۆرترین دەنگی «نەخێر»یان تێداهاتبوو بریتیبوون لە کیرکەلارلی، ئەدەنە، ئەنتالیا، مەرسین، مولاو ئایدنو ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتییانی هەکاریش بایکۆتی دەنگدانیان کرد.

شارە سەرەکییەکانی وەک ئەستەمبوڵو ئەنقەرە زۆرینەی دەنگەکانیان «بەڵێ» بووە، لە دیاربەکریش کە تەنیا (٣٣٪)ی هاوڵاتییان بەشداریی دەنگدانیان کردووە، زۆرینەی دەنگەکان بۆ «بەڵێ» بووە، لە ئەنقەرە ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان (٨٠٪) بووەو (٥٤٪) دەنگیان بە «بەڵێ» داوەو لە ئەستەمبوڵیش بەهەمانشێوە. شاری ئاگریش بەرزترین ڕێژەی دەنگدان بە «بەڵێ»ی تێدابووە، کە (٩٥٪) بووە، بەڵام لە ئەزمیر، کە بە قەڵای (پارتی گەلی کۆماری جەهەپە) دادەنرێت زۆرینەی دەنگەکان بۆ «نەخێر» بووەو (٦٣٪)ی هاوڵاتییان دەنگیان بە «نەخێر» داوە، ئەمە لەکاتێکدا لە پارێزگای عوسمانییەی نشینگەی دەوڵەت بەخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی میللی (مەهەپە) زۆرینەی دەنگەکان بۆ «بەڵێ» بووە، کە ڕێژەی (٥٤٪) بووەو ئەمەش ئەو پارتەی «بێئومێد» کردووە، نشینگەکانی دیکەی سەرۆک پارتەکان دەنگیان لە خزمەتی سەرۆک پارتەکاندا دا، بۆ نموونە تونجەلی، کە نشینگەی کەمال کلیچدارئۆغلو، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)یە، (٨٠٪) دەنگی بە «نەخێر» داوەو ڕیزەی نشینگەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان زۆرینەی دەنگەکان بۆ «بەڵێ» بووە، ئەمە جگە لەوەی ئەنتالیای نشینگەی دەنیز بایکاڵی سەرۆکی پێشووی جەهەپە زۆرینەی دەنگەکان بە «نەخێر» بووە.

یەکێک لە دیاردەکانی ڕۆژی ریفراندۆم، خۆپیشاندانی هاوڵاتییان بوو بەتایبەت لەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆر کوردی لێ دەژی. ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانیش بەو هۆیەوە دەستگیرکران، جیا لەمە، ریفراندۆمەکە لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوەچوو، بەشیر ئەتەلای، وەزیری ناوخۆی تورکیا، ئەوەی ئاشکرا کرد؛ ڕۆژی شەممە (١٢٠) کەسو ڕۆژی یەکشەممە (١٨) کەس بەتۆمەتی هەڕەشەکردن لە خەڵک دەستگیرکراون، دەستگیرکردنەکانیش لە باتمانو وانو ئەستەمبوڵ بوون، زیاتر لە (٧٠٠) هەزار دەنگیش لە سندووقەکانی دەنگداندا حساب نەکرا، چونکە ئەو دەنگانە لەلایەن ئەو هاوڵاتییانەوە بوون کە نەیاندەویست دەنگ بە «بەڵێ» یان «نەخێر» بدەن، بەڵکو تەنیا «ڕەفز»ی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە دەنگداندا نیشاندابوو، (٤٢,١٪)ی هاوڵاتییانیش دەنگیان بە «نەخێر»دا بۆ هەموارە دەستوورییەکان، کە زیاتر لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا بوون.

## پێشهاتەکان

قبوولکردنی ڕەشنووسی هەموارکراوی دەستوور دوو چاوەڕوانیی لەلایەن خەڵکی تورکیاوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، یەکەمیان: گۆڕینی دەستووری تورکیایە لەدوای هەڵبژاردنی مانگی تەمموزی ساڵی داهاتوو، ئەمەش دوای ئەوەی پارتی دادو گەشە (ئەکەپە) ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئامادەکردو لەلایەن ئەردۆغانیشەوە پەیمانی گۆڕینی دەستووری ئێستا دراوە.

دووەمیان: نزیککردنەوەی تورکیایە لە ئەندامبوون لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا، ماوەی پەنجا ساڵە تورکیا لە هەوڵی بە ئەندامبوون لەو ڕێکخراوەدایە، بەڵام هەمیشە بەهۆی لاوازیی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا داواکەی ڕەتدەکرێتەوەو فشاری دەخرێتە سەر بۆ گۆڕانکارییو چاکسازیی زیاتر، هەموارکردنی ئەم دەستوورەش هەوڵێک بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مافی مرۆڤو دیموکراسی لەو وڵاتەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا بگونجێت.

## گۆڕانکارییەکان

هەموارکردنە هەرە سەرەکییەکانی دەستووری تورکیا خۆیان لە چەند خاڵێکی گرنگدا دەبینییەوە، لەوانە: لەمەودوا سەرانی کودێتای ساڵی (١٩٨٠)ش وەک هەر هاوڵاتییەکی دی دەتوانرێت دادگایی بکرێنو دادگا مەدەنییەکانیش مافی دادگاییکردنی کەسانی باڵای ناو سوپایان هەیە، ئەمەش بە مانای کەمکردنەوەی ئەو ڕۆڵە دێت، کە سوپا لە تورکیادا هەیبوو، ڕێگە بە ئەندامانی پەرلەمان دەدات کە لە پەرلەماندا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر پارتە سیاسییەکانیانیشیان لەلایەن دادگاوە داخرا، دادگای دەستووریی لە (١١) کەسەوە دەبێت بە (١٧) کەسو پەرلەمان هەندێکیان دیاریدەکاتو هاوڵاتییانی ئاسایی بۆیان هەیە سکاڵا لەم دەزگایە تۆمار بکەن، ئەم دادگایە وەک پارێزەری دەستووری عەلمانی تورکیا لەقەڵەم دەدرێتو پێشتر (١١) ئەندامو (٤) یەدەگی هەبوو، کە سەرۆک تەنیا (٣) ئەندامی دەستنیشان دەکرد، یەکسانییەکی زیاتری لەنێوان هاوڵاتییانو ڕەگەزە جیاوازەکاندا کردووەو مافی پاراستنی زانیاریی شەخسی دابینکردووە، بۆ نموونە لەم دەستوورەدا هاوڵاتییان مافی خۆیانە لای ناوبژیوانێکی یاسایی داوا تۆمار بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات لەبەردەم دادگادا ئامادەبن، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە داوا دەکرێت.

یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییەکان، ریفۆرمی ئەنجومەنی باڵای دادوەرانو جێبەجێکارانە، کە دەزگایەکە ئەندامی



فۆتۆ: AFP



### بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی: سیستمەکەی ئێمە، دڵنیایی زیاتربوو

# کاری پشکنینی خواردەمەنیی هاوردەکراو، دەدرێتە وەزارەتی تەندروستی

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

پشکنینی ئەو خواردن و خواردنەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمەوە هاوردە دەکرێن، لە فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی سەنراوەتەوەو دراوە بە وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانیش، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ئەو سیستمەی ئەوان کاریان پێکردووە، دڵنیایی زیاترو خێراتر بووە لە سیستمەکەی وەزارەتی تەندروستی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رۆژی(٢٠١٠/٤/١٩) بڕیاری دا بە راگرتنی کاری پشکنینی خواردن و خواردنەوەکان لەلایەن فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆرییەوەو پێنج مانگە ئەو ئەرکەی سپاردووە بە وەزارەتی تەندروستی.

د. خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم، زانیارییەکانی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند: «پشکنین بۆ خواردەمەنی، زیاتر پەیوەندیی بە وەزارەتی تەندروستییەوە هەیەو پێشتریش ئەو کارە هەر سەر بەو وەزارەتە بووە، بەڵام دوای دامەزراندنی فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە، ئەو کارە بەوان سپێردراوەو ئێستا هێنراوەتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی».

فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی، پێشتر بەسیستمێک کاریان کردووە کە لەدنیاشدا بەو سیستمە کاردەکرێت، کە قۆناغەکانی بەمشێوەیە رووندەکرێنەوە: کاتێک کە بەڵێندەرێک دەچووە فەرمانگەکەو ئاگاداری دەکردنەوە لەوەی کە ئەو مادانە دەهێننە کوردستانەوە، فەرمانگەکە مۆڵەتی جۆری پێدەداو پرسیاری ئەوەی لێدەکرا کە لە چ کارگەیەکەوە بەرهەم دەهێنێت و وردەکاریی و ناونیشان و وێبسایتی کارگەکەی لێوەردەگیرا، دواتر لە فەرمانگەکە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە داخڵی وێبسایتی کارگەکە دەبوون، تا بزانرێت ئەو کارگانە لە چ ئاستێکدان، دوای دڵنیابوونەوە لە بێکێشەیی ئەو کارگانە، فەرمانگەکە پەیوەندیی دەکات بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی سەر بە رێکخراوی ISIA (کۆمەڵێک کۆمپانیای جیهانین سەر بەو رێکخراوە کە کاریان پشکنینی خواردەمەنییە)، دوای ئەوەی لەلایەن فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆرییەوە کۆمپانیای پشکنین ئاگادار کرایەوە کە ئەو بەرهەمە هاوردەی کوردستان دەکرێت، نوێنەری ئەو کۆمپانیایە دەچووە کارگەکەو لەیەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانەوە لەگەڵیدا دەبوون تا کۆتایی، دواتر لە رێی ئینتەرنێتەوە وەڵامی فەرمانگەکە دەدرایەوە کە ئەو کارگەیە بێکێشەیە، یان نا دواتر بەرهەمەکە بەئۆتۆمبێلی باردا رەوانەی سەر سنووری هەرێم دەکراو لەکاتی ئاڵوگۆڕی ئۆتۆمبیلەکاندا، ئەو کۆمپانیایەی کە سەرپەرشتی جۆرێتی بەرهەمەکەی کردووە، نوێنەری لەسەر سنووریش دادەنا، هەر وەک چۆن فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی لەمدیو سنووری هەرێمەوە نوێنەرو بنکەیان هەیە، نوێنەری کۆمپانیای پشکنینەکە وردبینی دەکردو نووسراوی خۆی بەخاوەن بارەکەدا دەنارده ئەمدیو، هەربۆیە فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی ئاگادار دەکرانەوەو ئەوانیش لە رێی وێبسایتی کۆمپانیاکەوە دڵنیادەبوونەوە لە بێکێشەیی بەرهەمەکەو هاوکات سامپلی خۆشیان وەردەگرت بۆ دڵنیایی دەیاننارد بۆ هەولێر بۆ پشکنین، کە دەهاتەوە بۆیان دەردەکەوت پشکنینەکان هەمووی وەک خۆی بووەو هیچ جیاوازی نەبوو، لەماوەی رابردوودا بەمشێوەیە بەرهەمەکان هاوردەی هەرێم دەکران.

کەژاڵ سەعید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو سیستمەی ئێمە لەرابردوودا کارمان پێکردووە، راستە سەرئێشەی زۆرە، بەڵام دڵنیاییشی زۆرە، هەربۆیە من گرەنتی هەموو ئەو شتانە دەکەم کە لەپێشدا لەلایەن ئێمەوەو بەو سیستمە داخڵکراون، بەڵام ئێستا کە دراوە بە وەزارەتی تەندروستی، هیچ پەیوەندیی بەئێمەوە نەماوە».

لەئێستادا وەزارەتی تەندروستی لە رێگەی تاقیگەی کیمیایی و فیزیاییەوە، پشکنین بۆ ئەو خواردن و خواردنەوانە دەکات کە دەهێنرێنە هەرێمەوە، بەڵام بە وتەی کەژاڵ: پشکنینی وا هەیە، ماوەی (١٠) رۆژی دەوێت تا ئەنجامەکەی دەردەچێت، هەربۆیە دەبێت ئەو بەرهەمە لەسەر سنوور بمێنێتەوە تا ئەنجام دەردەچێت و وتیشی: «کەشوهەوای کوردستان بەجۆرێکە کە زستان و هاوین (٥٠-٥٥)پلە جیاوازی لەنێوانیاندایە، هەربۆیە بیر لەوە کراوەتەوە کە ئالیەتێک بدۆزرێتەوە کە ئەو بەرهەمە، لەگەرماو لەسەرماشدا کێشەی نەبێت، بۆیە لە وڵاتان ئەو سیستمە داهێنراوە کە ئێمە ئیشمان پێکردووە، بەڵام دیاربوو قبووڵیان نەبوو».

بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی، جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە جگە لەوەی سیستمەکەی ئەوان دڵنیایی زیاتربوو، بەشێوەیەکیش داڕێژرابوو کە ئیعتیمادکردنە سەر کۆمپانیا جیهانییەکانی پشکنین، وادەکات کە هەر دوو دەقیقەو ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر داخڵ ببێت، «بەو هۆیەشەوە جووڵەی بازرگانیی خێرا دەکات».

بەڵام وتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی، بڕوا ناکات کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەکارەکانی هاوردەکردنی خواردەمەنیدا روویدابێت، یان گرفتێکی دروستکردبێت و وتیشی: «رەنگە هەندێک گرفت بێنەپێش، بەڵام ئەوە پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئەرکەکە هاتووەتە سەر وەزارەتی تەندروستی، بۆیە ئەو شتە روویداوە».

جەختی لەوەشکردەوە کە لەچەند رۆژی رابردوودا، بڕیاردراوە بەپێکهێنانی ژووری کار لە وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی و چەند وەزارەتێکی پەیوەندیدار، بۆئەوەی بەهاوبەشی کاری هاوردەکردنەکە ئەنجامبدرێت.

لەدوای بڕیارەکەی حکومەتەوە بۆ لێسەندنەوەی کاری پشکنین لە فەرمانگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی، کاری ئەو فەرمانگانە بریتییە لە پشکنینی ئاڵتون، ئەوانەی کە هاوردەدەکرێن و ئەوانەش کە لەناو وەرشەکانی ناوشاردا دروستدەکرێن، هاوکات پشکنین لەسەر جگەرەو سووتەمەنی وەک بەنزین دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە پشکنینی هەموو مادە پاککەرەوەکانی شامپۆو سابوون و تایت و موعجیزەو بابەتی جوانکاریی و میکیاج لە ئەستۆی ئەو فەرمانگانەدایە.



پێویستە پشکنین بۆ خۆراکی بایەعیەکەش بکرێت
فۆتۆ: AFP

# بۆچی بۆرسەی کوردستان کارا نابێت؟

شێرکۆ عادل



ناوی بۆرسە (بازاڕی دراو)، لەقەبی خێزانی(فان بۆرسەن)ی بەلجیکایی بواری بانکە، کە لە سەدەی پانزە لە شاری (برۆگیس) کاتێک ئوتێلەکەی خۆی کردبووە بنکەیەکی ئاڵوگۆڕی بازاڕی دراوو کڕینی پشکەکان بۆ بازرگانە ناوخۆییەکان و پاشتریش لەشاری (ئەنفێرس) لە ساڵی (١٥٩٢) بۆ یەکەمجار لیستی نرخی پشک و دراوەکان هەڵواسراو لەوکاتەوە بازاڕی دراوی بۆرسە بووەتە بنکەیەکی ئابووریی جیهانیی بەهێزو ناسراو لە بواری سەرمایەو دراو پشک و ئاڵوگۆڕەکانیدا.

بۆرسە بنکەیەکی ئابووریی ناسراوو باوەڕپێکراوەو گەشەکردنی کۆمپانیاکان و بەگەڕخستنی سەرمایە نوستووەکان پەرەپێدەدات و سوودمەندبوونی هەموو لایەک لە بەشداربوونی پشکەکان زیاتر دەکات و گەشەی ئابوورییەکانی نەتەوەیی و حکومی و سەرمایەداران بەرفراوانتر دەکات و هاندانی چانسی ئابووریی و سەرمایەگوزاریی ناوچەکەو جیهانیی زیاتر دەبێت. ئەم بازاڕی دراوی بۆرسەیە، لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بێت، دەبێتە ئاوێنەی باری ئابووریی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەو لە سوودەکانی بۆ بازاڕی ناوخۆیی دەبێتە توانای نرخ دانان و تواناکانی بەکارخستنی ئابووریی گەشە دەکات و دادوەریی بازاڕو دراوەکانی دەکات و هاوسەنگی و ئارامیی بازاڕەکان راگیر دەکات و دەبێتە درێژەپێدەری بازاڕو قووڵکردنەوەی بازاڕی ئابووریی، هەڵبەتە وەک هەموو بازاڕێکی تر، بێبەش نییە لە قازانج و زەرەرو هەستان و دابەزاندنەکانی دراوو ئاڵوگۆڕە سەرمایەدارییەکان، بۆیە ئەرکی دەوڵەت و وەزارەتی ئابوورییە لە رێکخستن و یاسای بەڕێوەچوون و چاودێری و لەهەمانکاتیشدا پشتگیریی و گەشەکردن و متمانەپێدانی.

بۆرسەکانی لەندەن و نیویۆرک و هۆنکۆنگ، لە بازاڕەکانی ناسداکی نیویۆرک و داکسی فرانکفۆرت و نیکی تۆکیۆ زیندووترین نمونەی بەرچاوی دنیای سەرمایەداریی و بازاڕە جیهانییەکانن لە بۆرسەدا.

دەبوایە راستەوخۆ لە پاش رووخاندنی رژێمی بەغدا، لە هەرێمی کوردستان، هاوکات لەگەڵ کرانەوەی دەروازە ئابوورییەکانی ناوخۆو ناوچەکەو جیهان، کار بۆ دروستکردنی بۆرسە بکرابایە، ئەگەر بە سەرەتایی و سادەش بوایە، دەبوایە بخرابایە کارو بەرنامەی ئابووریی و هاوکاریکردنی گەشەکردنی ئابووریی ناوخۆی بەرەو پێش دەبردو دەبووە هۆکاری راگرتنی ئارامیی بازاڕو کۆنترۆڵکردن و گەشەکردنی ئابووریی، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی نەکراو پێکنەهێنراوە؟!

بەپێی نەخشەی واقیعی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان، دەکرێت سێ هێڵی ئابووریی، سەرمایەگوزاریی سەرەکی لەبەرچاو بگیرێن:

یەکەمیان: بازرگانیی و سەرمایە کارگوزاییەکانی خەڵکی، کە زۆربەی لە پارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دیاریکراو هەروەها پارەی نوستووەو لەگەڵ پشکەکانیان لە بازاڕەکانی بۆرسەی دەرەوە، لەوانە دوبەی و ئەستەمبوڵ و چەند وڵاتێکی عەرەبی تردا.

دووەم: سەرمایەی حکومیی، کە سەرچاوەکەی پارەی نەوتی فرۆشراوو کۆکراوەی بەغدایە، لەگەڵ هەندێک لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان.

سێیەم: سەرمایە کارگوزارییەکانی هەر دوو حیزبی خاوەن دەسەڵات لە هەردوو هەرێمی کوردستانی خوارو لەگەڵ چالاکییە ئابوورییەکانی دەرەوەیاندا.

لێرەدا، بە ئاشکرا ئەوە دەبینینەوە کە دەستڕۆیشتوویی هەردوو حیزبی دەسەڵات لە بواری ئابووریی و بازرگانیی و سەرمایە کارگوزارییەکاندا لەماوەی چەندین ساڵی رابردوو، داهاتوودا کاریگەریی خۆی هەبووەو دەیبێت و دەیانتوانی لە بواری هەنگاوە ئابوورییەکانی خودی حیزبەکانیان و حکومەتدا بەرنامەی دامەزراوە ئابوورییەکان بێنە ئاراوەو دروستی بکەن لە بۆرسەو بازاڕی سەرمایەو بازاڕەکانی تر بۆ گەشەکردنی ئابووریی و بەرەوپێشبردنی ئابووریی نەتەوەیی و لەهەمانکاتدا هیچ ئاستەنگی و رێگرییەک لەبەردەمیاندا نەبووەو خۆیان سەرمایەو خاوەن دەسەڵات و رێبەری خۆیان بوون و دەستیان واڵابووە!، هەڵبەتە هۆکارەکەشی ئاشکرایەو نایانەوێت ژمارەو ئەکاونتی سەرمایەگوزارییەکانیان ئاشکرا بکەن و ماوەیەکی زۆرە خۆیان بە نهێنیی و لەناو سندوقێکی داخراودا بازاڕی ئابووریی و بازرگانیی و سەرمایەیان بەگەڕخستووە.

رۆژانە کارو چالاکیی و ئاڵوگۆڕە دراوی و سەرمایەگوزاریی و بازرگانییەکانی زۆربەی زۆری وڵاتان و کۆمەڵگەو کۆمپانیا جیهانییەکان و وڵاتانی ناوچەکەمان دەبینین و دەبیستین و بە کاتژمێرو بە خولەک، تا ئێوارانێکی درەنگ هەواڵیان دەبیستین و دەزانین، کەچی لەم هەرێمەی ئێمەدا کە چەند ساڵێکە باس لە ئابووریی پێشکەوتوو، گەشەسەندوو دەکرێت، هیچ کۆمپانیاو سەرمایەو بازرگانیمان نەدی بە ئاشکراو بە رێچکەی ئابووری باس لە دەستکەوت و قازانج و دابەزین و زەرەرەکانیان بکەن؟ نەمانزانی کە ساڵانە چەند دەخەنە سەر داهاتی نەتەوەییمان و لە پرۆژەکاندا بەگەڕی دەخەن، هیچ باڵانس و ئەکاونت و حساب و کتابێکیان نازانین و بەردەوام لەناو سندوقە داخراوەکاندا دەمێننەوەو سوود بە ئابووریی وڵات و نەتەوەییمان ناگەیەنن، ئاخۆ ئابووریی و دنیای بازاڕو سەرمایەداری حکومی و هەردوو حیزبی دەسەڵات، دەتوانن بازاڕی سەرمایە بکەنەوەو بۆرسەی بۆ دانێن؟!، سەرمایەو پشکەکانیان ئاشکرادەکەن و رۆژانە لە بۆرسەی کوردستانەوە داهات و لەدەستچوونەکانیان بڵاودەکەنەوە؟!، ئایا دەبنە هۆکاری گەشەکردنی ئابووریی و سەرمایەو بازاڕی ئازادو داهاتی نەتەوەییمان؟!

پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووریی و سەرمایەو هەروەها بازرگانیی و ئاڵوگۆڕە دراوییەکان، لە کەشێکی ئارام و شەفاف و بەرنامەی گشتگیری داڕێژراوو بە دانانی بنکەی ئابووریی بۆرسەو سەرمایەو پلانە درێژخایەنەکانەو ئابووریی کۆمەڵگەو نەتەوەییمان پێشدەخات و لە هەڵاوسان و ئابووریی لێدراو بەدوور دەبین؟



بۆرسەیەکی جیهانیی
فۆتۆ: AFP

(٧٠٠) کورسیی خوێندنی باڵا بۆ خوێندکاران دابین دەکرێت 16

هێرش موحەرِەم: لەبواری نیشتەجێبووندا، هیچی بۆ نەکراوە

# پێنجوێن، داوای پرۆژەی نیشتەجێبوون دەکات

راپۆرتی: خالید مەحمود

«پێم باشە لە پێنجوێن، یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکرێت، بەڵام بەو مەرجەی کە چەند بەرپرسێک دەست نەخە ئەو کارەوەو خۆیان بکەنە شەریکی کۆمپانیاکان‌و لەسەر خەڵکی هەژاری گران بکەن».

ئەمە وتەی رێبوار عوبێدی بوو، کە گەنجێکی تەمەن (٢٦) ساڵی دانیشتووی قەزای پێنجوێنەو زۆر بەرِوونی هەست بەوە دەکات کە قەزاکەیان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بێبەش بووە.

تالیب محەمەدی تەمەن (٣٣)ساڵ، هاوڵاتییەکی تری ئەم قەزایەیەو دەڵێت: «بریا پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆمپانیا بهاتایەتە ئەم شارەو یەکەی نیشتەجێبوونی ئەنجامبدایە، ئێستا زەوی‌و خانوو بەمجۆرە گران نەدەبوو، کە کۆمەڵێک دەوڵەمەندو نووسینگەی کرِین‌و فرۆشتنی زەوی‌و خانوو بە ویستی خۆیان یاری بە بازارِبکەن‌و کۆنترۆڵی بکەن‌و گرانی بکەن لەسەرخەڵک».

پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، بەچەند شێوەیەک لە قەزاو ناحیەو شارەکانی کوردستاندا ئەنجامدەدرێن، کە هەندێکیان بە پارەی سندوقی نیشتەجێبوونەو بەشێکی تریشیان کۆمپانیاکان خۆیان دروستی دەکەن‌و بەقیست دەیدەنە هاوڵاتییان، بەڵام ئەم پرۆژانە زیاتر سنتەری شارەکانیان گرتووەتەوەو کەمتر هاوڵاتییانی قەزاو ناحیەکان لێی سوودمەندبوون.

هێرش موحەرِەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، لەبارەی قەزای پێنجوێنەوە بۆ رۆژنامە وتی: «تایبەت بەیەکەی نیشتەجێبوون، پێنجوێن هیچی بۆ نەکراوە لەچاو شوێنی تردا، بەرِاستی درەنگە بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ ئەنجامبدرێت، ئەبوایە زووتر بۆی بکرایە».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، وتیشی: «هەرکاتێک وەبەرهێنەرێک بیەوێت‌و داوا بکات بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە پێنجوێن، ئەوکات ئێمەش هەر کارئاسانییەک بۆمان بکرێت، بۆی ئەنجام دەدەین».

هێرش موحەرِەم، بەپێویستی دەزانێت، کە سەرۆکی یەکەی ئیداریی پێنجوێن، زەویی دابین بکات بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون‌و هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ دابینبکات.

لەبەرامبەریشدا، رەزا محەمەد، قایمقامی قەزای پێنجوێن، بۆ رۆژنامە جەختی لەوەکردەوە، کە بە نووسراوی فەرمیی دەستەی وەبەرهێنانیان ئاگادارکردووە کە (٧٠٠)یەکەی نیشتەجێبوونمان لە زەویی شارەوانی لە گەرِەکی (حەسەنئاوا) ئامادەیەو هەرکات کۆمپانیایەک بیگرێتە ئەستۆ، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە حکومەت هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ ئەنجام دەدات.



شارۆچکەی پێنجوێن
فۆتۆ: خالید

# حاجی ئۆمەران: لە (٧)مانگدا (٢١٦)هەزار تەن چیمەنتۆ هاوردە کراوە

ئەحمەدباڵەکی

لەحەوت مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، رێژەیەکی زۆری چیمەنتۆ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا، هاوردەی هەرێم کراوەو هەر تەنێکیش (٧٥٠)هەزار دینار گومرگی لێوەرگیراوە.

سەلام عارەب، بەرپرسی کاروباری گومرگی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەحەوت مانگی سەرەتای ئەمساڵەوە، (٢١٦)هەزار و (٨٩٠)تەن چیمەنتۆ، لە مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردەی هەرێم کراوەو رێژەی هاوردەکردن لەچاو ساڵی رابردوودا، دوو ئەوەندە زیادیکردووەو وتیشی: «زۆرترین چیمەنتۆی هاوردە کراو، کەوتووەتە مانگی تەمموزەوە، کە تەنیا لەو مانگەدا، زیاتر لە (٤٠)هەزار تەن چیمەنتۆ هاوردەکراوە».

بەرپرسی کاروباری گومرگی حاجی ئۆمەران، ئاشکرایکرد: «بە برِیارێکی وەزارەتی دارایی هەرێم، هاوەردەکردنی زیاتر لە پێنج جۆرە چیمەنتۆ بۆ هەرێم قەدەغەکراوە، لەبەر خراپیی جۆری چیمەنتۆکە، لەوانە؛ چیمەنتۆی فەل‌و کیسی ئێرانی دێتە هەرێم‌و جۆرەکانی ئەسفەهان‌و ئورمیەو چەندینی تر».

ئەو بەرپرسە ئاشکراشیکرد: ئەو چیمەنتۆیەی کە لە ئێرانەوە هاوردە دەکرێت، لە گومرگ (٧٥٠)هەزار دیناری بۆ یەک تەن لێوەردەگیرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و پرۆژەی نابۆکۆ

# داوادەکرێت گرێبەستە گازییەکان بەدەردی گرێبەستە نەوتییەکان نەبرێن

د. بایەزید حەسەن *



حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٠/٨/٢٦)دا، رایگەیاند کە گرێبەستێکی هاوکاریی لەگەڵ گروپی کۆمپانیای (RWE) ئەڵمانی ئیمزا کردووە بۆ هاوکاریکردنی کوردستان لە رووی پێشخستنی گواستنەوەی گازو دانانی تۆری دابەشکردنی گاز لەکوردستان‌و راکێشانی بۆری گازگواستنەوە لەکوردستانەوە بۆ تورکیاو بەستنەوەی ئەو بۆرییە بە هێڵی پرۆژەی نابۆکۆوە، تاوەکو گازی کوردستان رەوانەی ئەوروپا بکرێت.

د.ئاشتی هەورامی، دەڵێت: دەتوانرێت، ساڵانە (٧٠٦)ملیار پێ سێجا گاز بەو بۆرییەدا بۆ تورکیاو ئەوروپا رەوانە بکات، هەروەها دکتۆر ئاشتی هەورامی لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، لە لەندەن رایگەیاند: پێشبینی دەکرێت کە گازی یەدەگی هەرێمی کوردستان، لەنێوان (١٠٠ تا ٢٠٠)تریلیۆن پێ سێجاو زیاتر بێت‌و رەوانەی تورکیاو ئەوروپا بکرێت.

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە وەبەرهێنانی گازی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە، بەمەرجێک ئەو گرێبەست‌و رێکەوتنانەی دەکرێن، روونکار (شەفاف)بن‌و داهاتەکەیان دیار بێت‌و هاوڵاتییان بزانن چەندەو لەکوێ دادەنرێت‌و چۆن خەرج دەکرێت‌و گونجاو بێت لەگەڵ برگەی (شەشەم)ی مادەی (١٥)ی یاسای نەوت‌و گازی کوردستان.

دەبێت ئەو گرێبەستانەش بەپێی یاسای نەوت‌و گازی کوردستان بن‌و هەماهەنگیش لەگەڵ بەغدا بکرێت، هەروەها دەبێت گرێبەستە گازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەفاف بن‌و مەرج‌و وردەکارییەکانیان ئاشکرابن‌و لەسەر بنچینەی مونافەسە بدرێنە کۆمپانیا بیانییەکان با وەکو گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم نەبن، کە گازندەیەکی زۆریان لەسەرە، هەم لەلایەن خەڵکی کوردستانەوەو هەم لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە.

پێدەچێت، ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست بۆ راکێشانی بۆری ناردنەدەرەوەی گازی کوردستان دەکات بۆ تورکیاو لکاندنی بەهێڵی پرۆژەی نابۆکۆ، کە گاز بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە، کارێکی گونجاوو کاتەکەش گونجاو نەبێت، بەتایبەتیش بەبێ هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەغدادا، هەروەکو لەبرگەی (یەکەم)ی مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراقدا هاتووە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- تا ئێستا کێشەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، یەکلانەبووەتەوەو لەمانگی (٩)ی ساڵی (٢٠٠٩)وە نەوتی کوردستان ناردنەدەرەوە بەو بۆرییەی دەرِوات بۆ بەندەری جیهانی تورکی وەستاوە، هەروەها تا ئێستاش کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا یەکلانەبوونەتەوەو گرژیی لەنێوان بەغداو هەرێمدا دروستکردووە، هەروەها بەقاچاخ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، یاخود بەرهەمەکانی هەروەکو میدیاکان باسی دەکەن، ئەو گرژییەی توندتر کردووە. بێگومان ئیمزاکردنی گرێبەستی گازیش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو گرژیی‌و پەیوەندییەی نێوان هەرێم‌و بەغدا ئاڵۆزتر دەکات لەکاتی ئێستادا.

٢- حکومەتی بەغدا لەداهاتوودا ناچار دەبێت بۆریی گاز گواستنەوە لەعێراقەوە بۆ تورکیاو بۆ هێڵی نابۆکۆ رابکێشێت، چونکە گواستنەوەی گاز بەبۆری هەرزانتر دەکەوێت وەکو لەوەی بە شلکراوەیی بە پاپۆرِ بنێردرێتە دەرەوە، کە (٣٠٪)ی نرخی گازە نێردراوەکە نرخی گواستنەوەی دەبێت بە پاپۆرِ.

هەرکاتێک حکومەتی عێراق ئەو بۆرییە گازەی راکێشا بۆ نابۆکۆ، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت گازی کوردستان لەو بۆرییەوە بنێرێتە دەرەوە، لەبەرئەوەی ئەو بۆریی گاز راکێشانە بۆ هێڵی نابۆکۆ پرۆژەیەکی ستراتیژیی دەبێت بۆ حکومەتی فیدراڵیی بەغدا، کەواتە تێچوونەکەش هەر لەسەر حکومەتی بەغدا دەبێت، نەوەک لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- هەروەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، داهاتی گازیش وەکو نەوتەکە دەبێت بچێتە سەر داهاتی گشتیی عێراق‌و پاشان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی عێراق دابەش بکرێتەوە، لێرەدا باشترە زیادەرِۆیی لەبەکارهێنانی گازی کوردستان نەکرێت، چونکە حکومەتی ناوەند بەرهەمێکی زۆری گازی هەیەو لەداهاتووشدا، واتە لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٧)دا دەبێتە چەندین ئەوەندەی ئێستای، چونکە بەرهەمی نەوتی عێراق دەبێتە (١٢)ملیۆن بەرمیل لەرِۆژێکدا.

٤- لەجیاتی ناردنەدەرەوەی گازی کوردستان، باشترە گازەکە بۆ ئەو پیشەسازییانەی کە لەداهاتوودا لەکوردستان دەکرێنەوەو پشت بەگاز دەبەستن، بەکاربهێنرێت وەکو پیشەسازی پەترۆکیمیایی‌و پەینی کیمیایی‌و داوو دەرمان‌و چیمەنتۆو پۆڵا، ئەو پیشەسازییانە هەم لەکوردستاندا، چونکە گازیان بەنرخێکی گونجاو بۆ دابیندەکرێت، هەم هەلی کار بۆ هاوڵاتییان دەخولقێنن‌و کادیری پیشەسازیش پێدەگەیەنن.

هەروەها بەکارهێنانی گاز وەکو سەرچاوەی وزە دەبێتە هۆی پیسنەبوونی ژینگە، چونکە گاز بەدۆستی ژینگە دادەنرێت.

٥- لەداهاتوودا، دەکرێت ئەم گازەی کوردستان بکرێتە ناو بیرە نەوتەکانی کوردستانەوە، تا پەستانی ناو بیرەنەوتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە کە پەستانی ناو بیرەنەوتەکان کەم بکات، بەرهەمەکانیان کەم دەکات.

٦- پێویستە حکومەتی هەرێم، چاو لەو دەوڵەتانە بکات، کە هەرچەندە سامانێکی گازی زۆریان هەیە، بەڵام نایینێرنە دەرەوە وەکو، سعودیەو کوێت‌و ئێران.

ئێران دووەم دەوڵەتە لەجیهاندا لەهەبوونی گازی یەدەگدا، بەڵام سیاسەتی گازیان وایە کە گاز لەدەرەوە هاوردە بکەن، نەوەک گاز بنێرنە دەرەوە. سعودیە کە پێنجەم دەوڵەتە لەجیهاندا لەهەبوونی گازی یەدەگ هەوڵدەدات ئەو گازەی هەیە لەناوخۆدا بۆ پیشەسازییەکان بەکاربهێنێت، نەوەک بینێرێتە دەرەوە. کوەیت، کاتی خۆی گرێبەستی گاز ناردنەدەرەوەی کردووە، بەڵام ئێستا لێیان پەشیمانە، چونکە ئێستا ناچارە گاز لەدەرەوە هاوردە بکات، چونکە بەشی پێداویستییەکانی خۆی ناکات.

بێگومان، هەموو دانیشتووانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرترین دەسەڵاتی لەبواری نەوت‌و گازدا هەبێت لەعێراقداو بەتایبەت لەکوردستاندا، نەوەک حکومەتی فیدراڵیی بەغدا کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی پرۆسەی نەوت‌و گاز بەرهەمهێنان‌و گواستنەوەو فرۆشتن بکات، کوردیش زەقەی چاوی بێت، بەڵام دەبێت لەکوردستانیش مامەڵە لەگەڵ نەوت‌و گازدا زۆر شەفاف‌و لە بەرژەوەندیی خەڵکەکەیدا بێت.

* ئەندامی پەرلەمانی عێراق
ئەندامی لیژنەی نەوت‌و گاز لە خولی پێشووی پەرلەمان

## یەکێتیی ئەوروپا وەبەرهێنان لە هێڵی نابوکۆ دەکات

کۆمسیۆنی ئەوروپا پێشبینی وەبەرهێنانی 250 ملیۆن یۆرۆ لە تەمویلی نابوکۆ، ئەو پرۆژەیەی کە گازی سروشتی لە قەزوینەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەگوێزێتەوە دەکات. ئەوروپا دەیەوێت ئەم پرۆژەیە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ گازی روسیا کە زۆرجار وەک کارتێکی فشار بۆ ململانێ سیاسییەکان بەکاریدەهێنێت




پلانی ئەوروپا بۆ پشتبەستنی کەمتر بە سەرچاوەی گازی سروشتی رووسیا

| 1 نابوکۆ | |
|---|---|
| تێچوون | 7.9 ملیار یورو |
| درێژی | 3.300 کلم |
| کاتی کردنەوە | 2011 |
| وزەی رۆیشتوو | 31 ملیار م مکعب/ساڵانە |

| 2 میدغاز | |
|---|---|
| تێچوون | 900 ملیۆن یۆرۆ |
| درێژی | 210 کلم |
| کات | ناوەراستی 2009 |
| وزە | 8 ملیار مەتر3 |

| 3 گالسی | |
|---|---|
| تێچوون | 2 ملیار یورو |
| درێژی | 1.470 کلم |
| کات | 2011 |
| وزە | 8 ملیار مەتر3 |

پلانەکانی رووسیا بەناو خاکی ئۆکرانیادا بۆ گەیاندنی گاز بە ئەوروپا

| 4 نۆرد ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 7.4 ملیار یورو |
| درێژی | 1.220 کلم |
| کات | 2012 |
| وزە | 55 ملیار مەتر3 |

| 5 ساوس ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 10 ملیار یورو |
| درێژی | 900 کلم* |
| کات | 2013 |
| وزە | 30 ملیار مەتر3 |




یەدەگی گاز، 2007 ترلیۆن مەتر موکەعەب
رووسیا: 45
دەریای قەزوین: 34
ئازەربایجان، ئێران
کازاخستان، تورکمانستان

© GRAPHIC NEWS

سەرچاوە: Nabucco Gas Pipeline Int. GmbH, MEDGAZ
MEM, Nord Stream AG, ENI, GAZPROM, BP

### نزیکەی (٩٤٠) باڵەخانەو تەلاری بازرگانیی هەن

# نزیکەی (١٠٪)ی بیناو تەلارەکانی سلێمانی مۆڵەتی یاساییان نییە

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

نزیکەی (١٠٪)ی بیناو باڵەخانەکانی سنووری سلێمانی، مۆڵەتی یاساییان نییەو ئەنجومەنی وەزیرانیش لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ بەدواچوونی ئەو بینایانەی کە مۆڵەتیان نییە، یان مەرجی سەلامەتییان جێبەجێ نەکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کارەکانی شارەوانیی سلێمانی کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «نزیکەی (٩٠)بیناو تەلاری بازرگانیی لە شاری سلێمانی، مۆڵەتی یاساییان نییە».

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بە ژمارە (٨٠١٦) کە لە(٢٠١٠/٧/١٥)دا دەرچووە، لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ بەدواداچوونی ئەو باڵەخانانەی کە مۆڵەتییان نییەو دەستەی وەبەرهێنانو شارەوانیی سلێمانیش ئەوە رەتدەکەنەوە کە بینای بێمۆڵەت هەبێت.

ئەندازیار ئەحمەد رەشید رەحیم، بەڕێوەبەری هونەریی ناوەند لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی فەرمانێکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٨٠١٦) لە (٢٠١٠/٧/١٥)دا لیژنەیەک پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز پارێزگار بۆ بەدواداچوونی سەرجەم ئەو باڵەخانانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووەو مەرجی سەلامەتییان نییە، یاخود مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، یان ئەوانەی کە هەیەو دەبێت پشکنینیان بۆ بکرێت، یان ئەوانەی مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام لەئێستادا کاریان تێدا دەکرێت، تا لەهەموو ئەو مەرجانە دڵنیا ببینەوە کە ئەو لیژنەیە دیاری کردوون».

بۆ دڵنیابوون لە مەرجەکانی سەلامەتیی بیناو باڵەخانەکان، شاری سلێمانی کراوە بە (٦) زۆنەوەو ئەفسەرێکی بەرگریی شارستانیو ئەندازیارێکی گەشتوگوزارو ئەندازیاری هونەریو روپێویو نوێنەری شارەوانی بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکەن.

ئەحمەد رەشید، وتیشی: «مانگێک مۆڵەتمان راگرت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بینایانە کۆنترۆڵ بکەین کە مەرجەکانی شارەوانییان تێدا نییەو دەرئەنجامی ئەوە بۆمان دەرکەوتووە کە کۆی هەموو باڵەخانەکانی شاری سلێمانی بە هەر (٦) زۆنەکەوە، (٩٤٠) باڵەخانەیەو زۆربەی ئەو باڵەخانانەی لەئێستادا هەیە نزیکەی (٥٠٪)ی رێنماییەکانی ئێمەیان تێدایە».

ئەوەشی رەتکردەوە کە هیچ باڵەخانەیەک مۆڵەتی نەبێتو وتی: «هەندێک کۆمپانیا، یان خوێندنگەو نەخۆشخانە، داوای مۆڵەت لەئێمە ناکەن، بەڵام ئەوەی کە بینای هاوڵاتییانە، پێویستی بەمۆڵەتەو ناچارن لە ئێمەی وەربگرن».

بەپێی رێنماییەکانی حکومەتیش، هەر پرۆژەیەک پەیوەندیی بە وەبەرهێنانەوە هەبێت، دەبێت مۆڵەت لەوان وەربگرێتو نەخشەکانیشیان لەلایەن شارەوانییەوە پەسەندبکرێتو دەستەی وەبەرهێنانیش دەڵێت، مۆڵەتی ئێمە، تەنها بۆ وەبەرهێنانە، نەک مۆڵەتی بینا.

بەڵام، سەرچاوەکەی شارەوانی کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: «زۆرێک لەو بیناو تەلارە بازرگانییانەی کە مۆڵەتییان نییە، یان هی بەرپرسانن، یاخود هی کەرتی تایبەتو ئەو بازرگانانەن کە بەرپرسێک، یان دەزگایەکی حیزبییان لەپشتە، بەنموونەش، بینای تاوەرە بەرزەکەی گردی ریعایە (شاری جوان) بینای سێ تاوەری سیوسێ نهۆمی پشت ئەبوسەنا کە دەبێت بەبەرزترین تاوەر لەعێراقداو ئێستا تاوەرێکی (١٧) نهۆمی لێکراوە، لەگەڵ بینای تاوەرەکانی قەیوان، بەرامبەر بە شارەوانیی سلێمانی کە هی کۆمپانیای قەیوانە، لەگەڵ بینایەکی سلێمانی (٣)هەزاری تەنیشت مزگەوتی شێخ سەعیدی پیران کە دەکەوێتە شەقامی شەست مەتریو ئوتێل پەرێژو نەخۆشخانەیەکی (١٠)نهۆمی لەنزیک گردی سەلیم بەگ لە رۆژهەڵاتی سلێمانیو چەندین بینای دیکە هەن بەبێ مۆڵەت لەشاری سلێمانی».

ئەمەش لەکاتێکدایە کە شارەوانیی سلێمانی، جەخت دەکاتەوە لە وەی کە هەرچی زیادەڕۆیی هەیە، دەبێت لاببرێتو سزای یاسایی بەسەر خاوەنەکەیدا بسەپێنرێت، تا ئێستاش هۆکاری ئەوەی بەشی بەدواداچوونی شارەوانیی سلێمانی نەیتوانیوە مامەڵەی یاسای لەگەڵ ئەو بینایانەدا بکاتو چۆن دروستکردنی ئەو تەلارە بازرگانییە بێمۆڵەتانە بەسەر شارەوانیدا تێپەڕبوون، نەزانراوە.

ئەندازیار ئاراس ناجی نوری، بەڕێوەبەری شارەوانیی رۆژئاوای سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشتر بەشی بەدواداچوونمان هەبوو، بەڵام ئەوەبوو لەکاتێکدا زۆربەی زۆری ئەندازیارەکانو روپێوەکان وازیان لەو کارەیان هێنا، دوابەدوای ئەوەی لەئەمساڵدا بەشی بەدواداچوونی هونەریو بینا بازرگانییەکانو ئامێرەکانو کارگەکان لە شارەوانیی سلێمانی دروستبوو، هەستاین بە بەدواداچوونی هەموو بینانیشتەجێبووەکانو بازرگانییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەکاربووین بۆ بەدواداچوونی ئەو بینا بازرگانیو تەلارانەی کە دروستدەکرێنو ئەو سەرپێچیو زیادەڕۆییانەی کە لەو باڵەخانانەدا دەکرێن، ئەوەش بەڕاپۆرتێک بەرزدەکەینەوە بۆ سەرۆکی شارەوانی، یان بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی شارەوانیی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، ئێمەش بەشی لابردنی زیادەڕۆیی لێ ئاگادار دەکەینەوە بۆ ئەوەی مامەڵەی یاساییان لەگەڵدا بکەن».

دەربارەی ئەوەشی کە چۆن ئەو باڵەخانە بێمۆڵەتانە بەسەر شارەوانیدا تێپەڕبوون، وتی: «بەشی بەدواداچوون رێکخراوەتەوە، بەڵام بەشی لابردنو زیادەڕۆیی کە چاودێرەکانی بڕوانامەی ناوەندیو دواناوەندیو هەندێکیان سەرەتاییان هەیە، ناتوانن بەدواداچوون بۆ بینای بازرگانی گەورە بکەنو ناتوانن نەخشەی بیناکان بخوێننەوە، ئەو بینا بازرگانییانەشی کە دروستبوون، پێشتر لەلایەن لیژنەی راوێژکارییەوە رێگەیان پێدراوە، هەر ئەو بەشی بازرگانییەی خۆیان مۆڵەتیان پێداوەو بۆ خۆشیان بەدواداچوونیان کردووە».

دەربارەی مۆڵەتپێدان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانیشەوە، یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری دەزگای وەبەرهێنان لە سلێمانی، بە رروژنامەی وت: «هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان نییە لەسلێمانیدا، باڵەخانە بێتو مۆڵەتی ئێمەی نەبێتو ئێمە پرۆژەی بێمۆڵەتمان نییە».

وتیشی: «دەستەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان، بەخۆیو بەڕێوەبەرە گشتییەکانییەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، خاوەنی یەک مەتر زەوی نییە تا تەرخانی بکات بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکان، هەرچی زەوییەک کە تەرخانکراوە بۆ پرۆژەکان، زەوییەکەی لەلایەن شارەوانیو وەزارەتی شارەوانییەوە دابینکراوە، لەبەرئەوە مەبدەئییەن تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکان، ئەوە کاری شارەوانییە، نەک ئێمە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە شارەوانی ئاگاداری پێدانی زەویی پرۆژەکانە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «مۆڵەتی وەبەرهێنان، واتای مۆڵەتی شارەوانیی نییە، هەر پرۆژەیەک لای ئێمە مۆڵەتی وەبەرهێنانی وەرگرتبێت، دوای ئەوەی کۆسێرتی نەخشەکانی دەنێرین بۆ شارەوانیی پەیوەندیدار، هەر پرۆژەو بەپێی شوێنی تایبەتی خۆی داوای دەکەینو لەلایەنی مەعنەوییەوە رەزامەندیی لایەنە سەرەتاییەکان وەردەگرین، بەپێی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوارو ژینگەو ماستەرپلانو رەزامەندیی ئاوو کارەباش وەردەگرین، هەموو نەخشەکان ئامادە دەکەین، ئەو کات دەینێرین بۆ دەستەی وەبەرهێنانو لەوێ مۆڵەتی بۆ وەردەگرین کە مۆڵەتی وەبەرهێنان وەرگیرا، ئەوکات لە رووی یاساییەوە دەتوانێت دەستبەکار بێت، ئەو تەلارانەی کە لەناو شاری سلێمانیدا هەنو ئێستا جێبەجێکراون، لای ئێمە مۆڵەتمان بۆ دابینکردوون، پێویستە لەبەردەم پرۆژەکەیدا سایت بۆردێکی بۆ کرابێت».



---

### عەبدولسەلام بەرواری: پێشبینی دەکەین دژایەتی یاساکە بکرێت

# پرۆژەیاسای توندوتیژیی خێزانیی، رای جیاواز لە پەرلەماندا دروستدەکات

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی رای جیاوازی لەنێوان پەرلەمانتاراندا دروستکردووە، بەشێکیان بە زەرورەتی دەزانن، ژمارەیەک پەرلەمانتارانیش پێیان باش نییە ئەو پرۆژەیە ببێتە یاسا.

پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی لەساڵی (٢٠٠٧)داو لە خولی دووەمی پەرلەماندا پێشکەشکراو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو رەوانەی حکومەت کرا، کە دەبوو لەماوەی دوو هەفتەدا رەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە، بەڵام حکومەت لەساڵی (٢٠٠٩)داو دوای دووساڵ ناردییەوە بۆ پەرلەمان، هەربۆیە ئەو خولەی پەرلەمان فریای پەسەندکردنی نەکەوت، لە خولی نوێی پەرلەمانیشدا هەردوو لیژنەی بەرگریی لە مافی ئافرەتو کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمان پرۆژەکەیان بەچەند گۆڕانکارییەکەوە پێشکەشکردەوەو خوێندنەوەی بۆ کراو ئێستاش ئەو دوو لیژنەیەو لیژنەی یاسایی گفتوگۆیان لەبارەوە تەواوکردووەو بڕیارە راپۆرتی خۆیانی لەسەر بەرزبکەنەوە، بەڵام پرۆژەکە چەندین راوبۆچوونی جیاوازی لەناو پەرلەمانتاراندا دروستکردووە.

کوێستان محەمەد، ئەندامی لیژنەی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەداخەوە بۆچوونێک هەیە لەسەر ئەوەی کە پێویست بەدەرچوواندنی یاسایەکی لەو جۆرە ناکات، بەڵکو لە یاسای سزادانی عێراقیدا سزا بۆ تاوانبارانی حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ئافرەتانو منداڵان دیاریکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە بۆچوونێک هەیە لەسەر ئەوەی کە بڕگەی خەتەنەکردنی مێینەی لێدەربکرێت، بە پاساوی ئەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستان نەبووەتە دیاردەو لە حاڵەت تێپەڕناکات، کە ئەم دوو بۆچوونە بەزۆریی لەناو لیژنەی یاساییدا بوونی هەیە، بەڵام ئێمە لە لیژنەکەمان پێداگریی دەکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە چۆنە بەهەموو مادەکانییەوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە بوونی یاسایەکی لەو جۆرە بە زەرورەت بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەزانین.

پەرلەمانی کوردستان (٤٢) پرۆژەیاسای بۆ خولی گرێدانی نوێ لەبەردەستدایە تا گفتوگۆیان لەبارەوە بکات، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکی فراکسیۆنەکان (١٦) پرۆژەیاسای زۆر گرنگیان جیاکردووەتەوە تا لە دانیشتنەکانی سەرەتای دوای پشووەوە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، کە یەکێک لەو (١٦) پرۆژەیە، پرۆژەیاسای توندوتیژیی خێزانییە، بەڵام ئەو دوو بۆچوونە جیاوازەی کە کوێستان محەمەد باسی کرد، رەنگە کێشە لەبەردەم دەرچوواندنی یاساکەدا دروست بکات.

شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: هێشتا گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاساکە تەواونەبووەو بەنیازین پێش ئەوەی راپۆرت ئامادەبکەین، سیمینارێک یان کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەین بە بەشداریی لە یاساناسانی دەرەوەی پەرلەمان لە ئەندامانی دادگای پێداچوونەوەو ئەکادیمییەکانی زانکۆو ژمارەیەک لە پارێزەرانی دهۆکو سلێمانیو هەولێرو بەڕێوەبەرێتییەکانی توندوتیژیش بانگهێشت بکەین، بۆئەوەی راوبۆچوونی ئەوانیش بزانین لەسەر یاساکە.

سەبارەت بە پێویستنەبوونی کوردستان بە یاسایەکی لەوجۆرە، وەک ئەوەی لە لیژنەکەی ئەواندا باسکراوە، شێروان وتی: «ئەو مەسەلانە هەمووی لەو سیمینارەدا یەکلایی دەکەینەوە».

بەڵام بۆچوونی بەهێز هەیە لە پەرلەماندا کە کۆمەڵگەی کوردی زەرورەتی زۆری بە یاسایەکی لەو جۆرە هەیە، لەبەرئەوەی هزرو بیری کۆمەڵایەتییە کە بەهاو پێوەرەکانی خێڵو دینی تێکەڵ کردووە لە کۆمەڵگەدا زاڵە، بەجۆرێک بۆ بەهێزکردنی بەها کۆنو خێڵەکییەکان زۆرجار مەسەلەی دینی تێکەڵکراوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە یاسای باری کەسێتیدا سزا دانراوە لەسەر کوشتن بە بیانووی شەرەفو بەپێچەوانەشەوە. لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان زیادیکردووە، بەڵام مەسەلەی خەتەنەکردنی مێینە تائێستا بە تاوان دانانرێتو ئەنجامدەرانی هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵدا ناکرێت.

عەبدولسەلام بەرواری، سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیو منداڵو خێزان، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە مەسەلەی خەتەنەی مێینە لای ئەوان زۆر گرنگە کە بە یاسا قەدەغە بکرێت، بەڵام وتی: «بە هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە پێشبینی دەکەین کە دژایەتی ئەم یاسایە بکرێت لەناو پەرلەماندا».

بەر لە دوو مانگ لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان فەتوایەکی دەرکرد کە خەتەنەکردنی مێینە هیچ بنەمایەکی فیقهیو شەرعیی نییەو ئەوە رەفتارێکی دەرەوەی ئایینی ئیسلامە، هاوکات تێشیدا هاتبوو کە ئەگەر هاتوو سەلمێنرا کە زیانی تەندروستی هەیە بۆ ئافرەت، ئەمە بەپێی ئایینی ئیسلام حەرامە، هەربۆیە بە بڕوای عەبولسەلام ئەو فەتوایەو بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران لەوبارەیەوە زۆر جێگەی دڵخۆشییە.

بە بۆچوونی بەرواری، هۆکارێکی تر بۆ زەرورەتی دەرچووانی یاساکە ئەوەیە، کە زۆر رەفتارو کردار هەن لە کۆمەڵگای کوردیدا کە پیاو ماف دەدات بەخۆی کە بەسووک تەماشای ئافرەت بکاتو قسە بە ژنەکەی یان منداڵەکانی بڵێت لەبەرچاوی خزمەکانی یان خەڵکی تر، هەتا دەگاتە لێدانیش، هەربۆیە وتی: «بەهۆی ئەو عورفە کۆمەڵایەتییانەوە رەنگە دەرکردنی یاسا بۆ ئەو حاڵەتانە بەس نەبێت، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو دەتوانین رەوشەکە باشتر بکەین».



لە هێنانی ئۆتۆمبێلدا هیچ پرسێک بە سەندیکای گواستنەوە ناکرێت 18

# (٤٢٪)ی خوێندکارانی ١٢ی ئامادەیی، دەرنەچوون

هاوڕێ عەبدوڵڵا

ڕۆژی چوارشەمەی رابردوو، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی بە هەرسێ بەشی (وێژەیی، زانستی، پیشەیی) راگەیاندو بەپێی ئەنجامەکان، ئەمساڵ (٧٧)هەزارو (٤٣٤) خوێندکاری (١٢)ی ئامادەیی بەشداریی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمو دووەمیان کردووەو لەو رێژەیەش، (٤٤)هەزار (٦١٩) خوێندکار دەرچوون کە دەکاتە (٥٧,٦٢٪)دەرچوون، هەروەها (٣٢)هەزارو (٨١٥)خوێندکار دەرنەچوون کە دەکاتە(٤٢,٣٧٪).

ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە، ئاشکرایکرد، بەهەردوو خولی یەکەمو دووەمەوە، لە بەشی زانستی (٢٩)هەزارو (٦١١)خوێندکار بەشداریی ئەزموونەکانیان کردووەو (١٥) هەزارو (٢٢٣)خوێندکار دەرچوونو (١٤)هەزارو (٣٨٨)خوێندکار ماونەتەوە، لەبەشی وێژەیی (٤٣) هەزارو (٧٩٤)خوێندکار بەشداریی ئەزموونەکانیان کردووەو (٢٧) هەزارو (١٩٢)دەرچوونو (١٦) هەزارو (٦٠١)خوێندکار ماونەتەوە، لە خوێندنی پیشەییدا (٣)هەزارو (٢٩)خوێندکار بەشداربوون، (٢) هەزارو (٢٠٤)دەرچوونو (٨١٠) خوێندکار ماونەتەوە.



سەردانی وەزیری پەروەردە بۆ هۆڵی تاقیکردنەوەکان

# (٧٠٠)کورسیی خوێندنی باڵا بۆ خوێندکاران دابیندەکرێت

لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

حکومەتی هەرێم، (٧٠٠)کورسیی خوێندنی باڵای لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دابینکردووەو لە ئێستاشدا ئامادەکاریی دەکرێت بۆ ناردنەدەرەوەی (٢٣١) خوێندکاری وەجبەی یەکەم.

ڕۆژی (٩/٧) لە هۆڵی راپەڕینی زانکۆی سلێمانی، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەسازیی ناردنەدەرەوەی وەجبەی یەکەمی دەرچووی بەشە جیاجیاکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە لە سەر ئاستی بەشەکانیان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوەو لە (٢٣١) خوێندکار پێکهاتبوون، لە چوارچێوەی پرۆژەی توناناسازیی خوێندکاراندا، وۆرک شۆپێکی تایبەتو رێکخراو و رێنمایی درایە خوێندکارە سەرکەوتووەکان.

د.ئامانج عەبدوڵڵا، راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، رایگەیاند: وەجبەی یەکەمی ئەو خوێندکارانەی ئێستا، تەنها خوێندکارە یەکەمەکان دەگرێتەوە، لە وەجبەی دووەمیشدا زیاتر لە (٤٠٠)کورسیمان لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی دەرەوەی وڵات لە کیشوەرەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستورالیا دابینکردووەو سەرجەمی کورسییەکانی ئەمساڵیش (٧٠٠)کورسیی خوێندن دەبێت لە بوارەکانی خوێندنی ماستەرو دکتۆرادا.

## تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە، گۆڕانکاریی لە سیستمی نوێی خوێندندا نەکردووە

# مامۆستایانو خوێندکاران، چاوەڕوانی گۆڕانکاریی سیستمی نوێی خوێندنن



نارەزایی خوێندکاران

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لەگەڵ ئەوەی سبەینێ چوارشەمە دەوامی ساڵی خوێندنی(٢٠٠١-٢٠١١)دەستپێدەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی پەروەردەی هەرێم هیچ گۆڕانکارییەکی لە سیستمی نوێی خوێندندا رانەگەیاندووە، لەکاتێکدا بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە، بەڵێنیان دابوو کە لەم هاوینەدا کەموکورتییەکانی سیستمە نوێیەکە چارەسەردەکرێن.

سیستمی نوێی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان کە سێ ساڵ بەر لەئێستاو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی (٣)ڕۆژەییدا گۆڕانکاریی بەسەردا هێنراو لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیارو راسپاردە دەرچوونو سیستمێکی نوێ (نزیک لە سیستمی سویدی) دانراو جێگەی سیستمە کۆنەکەی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەی بە دەستکەوتێک بۆ حکومەتی هەرێم لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام سیستمە نوێیەکە چەندین کەموکورتیو گیروگرفتی بەدوای خۆیدا هێناوەو ئەوەبوو، ساڵی رابردوو بەشێک لە بڕیارەکانی راگیراو وەزارەتی پەروەردەی ناچارکرد کە بڕیاری پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا بدات.

پێشتر سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی ئاشکراکردووە: «لە پشووی هاویندا، پێداچوونەوە بۆ سیستەمەکەدا دەکەینو هەوڵدەدەین، کەموکووڕییەکان دەستنیشان بکەینو چاکسازییەک بکەین، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەتدا دەستمان کردووە بە پێداچوونەوە بە سیستمەکەداو لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە، هەروەها راوێژکارانو بەڕێوەبەرە گشتییەکانمان راسپاردووە، بۆئەوەی سەردانی پارێزگاو قەزاکان بکەنو بیروبۆچوونی پسپۆڕانی پەروەردە وەربگرن، لەلایەکی ترەوە بەمنزیکانە لە وێبسایتی وەزارەتدا رایدەگەیەنین کە هەموو کەسێک بۆی هەیە راو بۆچوونو تێبینی خۆی لەسەر سیستەمەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات».

پرۆژەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی وەزارەتی پەروەردە، پێشنیازکراوی کۆنگرەی پەروەردەیی (٢٢-٢٠٠٧/٥/٢٤) کە لە هەولێر بەستراو پرۆژەکە لە شەش بەش پێکهاتووە، ئەوانیش (پێشەکی، ئامانجەکان، هۆکارەکان، ریفۆرمو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، هەڵسەنگاندنو بەدواداچوون، کۆتایی).

بەپێی سیستمە نوێیەکە، ئامانجەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، ئەمانەن: (بنبڕکردن، یان کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کادرانی پەروەردەیی لە کوردستاندا، بە پراکتیککردنی خوێندنی سەرەتاییوئامادەییونزیککردنەوەی لە بازاڕی کارو خوێندنی باڵا).

دوای سێ ساڵ لە گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردن، تا ئێستا سیستمە نوێیەکە بە تەواویی پەیڕەوناکرێتو ئەو بڕیارو راسپاردانەش کە جێبەجێکراون بەهۆی نەگونجان لەگەڵ ژینگەی خوێندنو نەبوونی دیراسە کردنەوە رووبەڕووی کێشە بووەتەوەو تا گەیشتووەتە رادەیەک، بەشێک لەو بڕیارانە رەتکراونەتەوەو راگیراون، بۆ نموونە، ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە چۆنێتیی دابەشکردنی رێژەی نمرەی قۆناغی ئامادەیی لە پۆلەکانی (١٠،١١،١٢) لە کۆتایی ساڵی خوێندنی پاردا گەورەترین نارەزاییو رێپێوانو خۆپیشاندانی خوێندکارانی لێکەوتەوە، هەروەک بەپێی سیستمە نوێیەکە، وەرگرتنی بڕوانامەی شەشەی بنەڕەتیو نۆیەمی بنەڕەت بەندە بە تاقیکردنەوەی نیشتمانییەوەو هەر قوتابیو خوێندکارێک لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچێت بڕوانامەی پێ نادرێت، دوای ساڵێک لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەمساڵ بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە.

بەشێک لە بڕیارو رێنماییەکانی سیستمی نوێی پەروەردەو فێرکردن کە نەتوانراوە جێبەجێبکرێن (خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (٩) ساڵو قوتابخانەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان دەبێت، دەکرێت پۆلی ١-٣ لە قوتابخانەیەکو ٤-٦ لە قوتابخانەیەکو ٧-٩ لە قوتابخانەیەکدا بن) هەروەها بەپێی بەندی دووەم لە تاقیکردنەوە گشتییەکان (تاقیکردنەوەی میللی (نیشتمانی) لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی جێگەی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشەم دەگرێتەوە، بەشێوەیەک کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە سەرەتای مانگی نیساندا ئەنجامدەدرێت، هەروەها لە قۆناغەکانی (٨، ٩) تاقیکردنەوەی نیشتمانی ئەنجامدەدرێتو هەر قوتابیو خوێندکارێک بەشداری ئەو تاقیکردنەوەیە نەکات، بڕوانامای قۆناغی شەشەمو نۆیەمی بنەڕەتی پێ نادرێت.

هەروەها لە بەشی (بەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی) پرۆژەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردندا، باس لەوە کراوە: «پاش ساڵێک لە پراکتیککردنی پرۆژەی گۆڕانی سیستمی پەروەردەو فێرکاری، بەدواداچوونێکی هەمەلایەنەوهەڵسەنگاندنێکی قووڵی هەموو پرۆژەکە لەلایەن پسپۆڕانی پەروەردەییەوە دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی (دەرەنجامە پۆزەتیڤو بەهێزەکانی پرۆژەکە، دەرەنجامە لاوازەکان)».

مامۆستایانو خوێندکارانو تەنانەت چاودێرانو شارەزایانی بواری پەروەردە، بە پشتبەستن بە بەڵێنی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە، چاوەڕوانی ئەوەبوون کە وەزارەتی پەروەردە پێش کردنەوەی دەرگای قوتابخانەو خوێندنگاکان، ئەنجامی کێشەو کەموکووڕییەکانی سیستمەکە چارەسەربکرێن، بەڵام (١٥)ی ئەم مانگە دەوامی خوێندن دەستپێدەکاتەوەو مامۆستایانو خوێندکارانیش هێشتا لە چاوەڕوانیدان.

هەرچەند بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە، ئامادەنین لێدوان لەسەر گۆڕانکارییەکان بدەن، بەڵام بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە، وەزارەتی پەروەردە لە چەند مانگی رابردوودا لیژنەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوەو لیژنەکە چەند پێشنیازو راسپاردەیەکی ئامادەکردووە، بەڵام تا ئێستا نەبوونەتە بڕیار.

وەزیری پەروەردە ئەوەیشی راگەیاندووە کە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە، چەند لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ دیراسەکردنی سیستمی نوێی خوێندن، ئەو لیژنانە راپۆرتی خۆیان ناردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزارەتو بڕیارە پێش دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، کۆبوونەوەیەکی پەروەردەیی گەورە ئەنجامبدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پەروەردە لە ماوەی سێ ساڵی رابردووداو لەو کۆبوونەوە گشتییەدا، پێشنیازەکان دەخرێنەڕوو، ئەوەی پێویست بە هەمواركردن بکات، گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، کە جێگەی رەزامەندیی هەموو لایەک بێت.

هەروەک ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە بە ڕۆژنامەی راگەیاند: کۆبوونەوەکانی ئەم هاوینەی ئەنجومەنی وەزارەت کە مانگانە بەڕێوەدەچن، تایبەتکران بە گیروگرفتو راسپاردە لەسەر سیستمی نوێی خوێندن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەکانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزارەت بەرزکرابوونەوە، کار بۆ چارەسەری گیروفتەکان کراوەو بە نووسراو ئاراستەی پەروەردەکان کراونەتەوە، وەزارەت دەیەوێت چارەسەرێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە مافی قوتابیو خوێندکاری تێدا نەفەوتێت، هەروەها لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندنی ئەمساڵدا، بە نووسراو دەگاتە هەموو قوتابخانەو خوێندنگاکان.

بە بڕوای م. مەریوان سەلاح، بەڕێوەبەری خوێندگا: «بڕیاربوو، پێداچوونەوە بە سیستەمە نوێیەکەدا بکرێتو کێشەکانی سیستمەکە چارەسەربکرێن، لەسەرەتاوە گەرموگوڕییەکی پێوە دیاربوو، بەڵام تا ئێستا پێداچوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی نەبووەو کێشەکانی سیستمەکە چارەسەرنەکراون، بۆ نموونە، (٢٥٪)نمرەی قۆناغی ئامادەیی»و وتیشی: «تا ئێستاش مامۆستایانو خوێندکاران، نازانن کار بە سیستمە نوێیەکە دەکرێت، یان سیستمە کۆنەکە، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری دروستکردووە کە نابێت بڕیارەکان بە هەڵپەسێردراویی بمێننەوەو دەبوو پێش دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن، کێشەکان یەکلایی بکرانایەتەوەو بە مامۆستایانو خوێندکارانیان رابگەیاندایە، ئەمەش خەمساردییو کەمتەرخەمیی وەزارەتی پەروەردە دەگەیەنێت، پێویستە وەزارەت خۆی یەکلایی بکاتەوە، کە بە کام سیستم کاردەکات».

رەخنەی ئەوەیشی گرت کە لە پێداچوونەوەی سیستمە نوێیەکەدا، پێویستە وەزارەتی پەروەردە، تەنها پشت بە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەت نەبەستێتو بەڵکو دەبوو پرسیان بە شارەزاو پسپۆڕو مامۆستایانی بواری پەروەردە بکردایە.

بە مەبەستی قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییەکان، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستاندا کۆبوونەوە.

د. جەعفەر عەلی، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: «ئەو لیژنەیەی کە وەزارەتی پەروەردە بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی خوێندندا پێکیهێنابوو، چەند پێشنیازێکی گەڵاڵەکردووەو سەردانی پەرلەمانیان کردو لەگەڵ لیژنەی پەروەردەدا ئەو مەسەلەیە تاوتوێ کرا، بەڵام پێویستە لەم مانگەداکۆتاییبەگۆڕانکارییەکانیئەوسیستمە بهێنرێتو بخرێتە بەردەستی پەروەردەکانو بەڕێوەبەری خوێندگاکانو مامۆستایانو خوێندکاران، ئەگەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوامدا خوێندکارانو مامۆستایان لە گۆڕانکارییەکان ئاگادارنەکرێنەوە، دووبارە وەزارەتی پەروەردە، رووبەڕووی هەمان کێشەکانی ساڵی رابردوو دەبێتەوە».

### لە پێناوی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی هەرێمدا

# دەتوانرێت خۆراکی (١٠) ملیۆن کەس لە کوردستاندا بەرهەمبهێنرێت

مەحمود کەریم ئەحمەد*



بە درێژایی مێژوو، هەموو ئەو چەرخو قۆناغو سەردەمانەی مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە تا شۆڕشی پیشەسازی، کشتوکاڵ تاکە سەرچاوەی خۆراکو پۆشاکو دەرمانو جێی حەوانەوەو هەلی کار بووە بۆ مرۆڤ.

شوێنەوارناسان چاندنی گەنم لە کوردستاندا ئەگێڕنەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا ساڵی ١٩٥٨ یاسای خاوەندارێتی زەویو زاری عوسمانی ساڵی ١٨٥٧ پەیڕەوکراوە کە زەویەکانی بۆ [(ئەمیری صرف، تاپۆ، لزمە)، مملوکە، موقوفە، متروکە، موات] پۆلێن کردبوو.

تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم پەیوەندییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان، دەرەبەگیو خێڵایەتی بوون. هەمیشە یاساکانی زەویو زار دەسەڵاتدارو دەرەبەگو سەرۆک خێڵو پیاوە ئاینییەکانیان دەوڵەمەندترو جوتیاریان هەژارتر کردووە. مۆڵکانەو باجو خەراجو سەرانەو بێگارو زوڵمو ستەمی بێ ئەندازەی جۆراوجۆر باری ژیانی جوتیاریان قورس کردووەو ناچاربووە لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر یان بەرەو شارەکان کۆچ بکات.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو کە وەرچەرخانێکی گرنگبوو لە مێژووی خاوەندارێتی زەویو زار لە عێراقدا. ئەو یاسایە سنووری بۆ زەوی خاوەن موڵکە گەورەکان دیاری کرد و، زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەشکراو کۆمەڵی هەرەوەزی کشتوکاڵی دروستبوو و تراکتۆرو کۆمباینی رووسی بۆ جووتو دروێنە هێنران. دوای ئەوە جوتیار لە مولکانەی دەرەبەگو ستەمی سەرکارەکانیان رزگاری بوو، بەڵام بەهۆی کەم دەرامەتییەوە کەوتە ژێر باری سەلەمو سووی بارزگانە کشتوکاڵییەکانەوە تا دەرچوونی یاسای ژمارە (١١٧ی ساڵی ١٩٧٠)و یاسای ژمارە (٩٠ی ساڵی ١٩٧٥)، کە تیایاندا بڕی زەوی خاوەن مولکەکان کەمترکرایەوەو مافی هەڵبژاردنی زەویو قەرەبوویان لێ سەنرایەوە کە لە یاسای ژمارە (٣٠)دا هەبوون.

دوای ساڵی ١٩٧٠، بە تایبەتی دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣دا، کۆمەڵی هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان چالاکتربوون لە پێدانی (پـارە، تـۆو، پەینی کیمیاوی، تراکتۆرو کۆمباین بۆ جووت و دروێنە) بە قەرز بۆ جوتیار لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ لە بەرهەمەکانیان وەک (گەنم، لۆکە، تووتن، چـەوەنـدەر) کە بـووە هۆی باشکردنی گوزەرانی جوتیارو بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ تا ئاستێکی باش. بەڵام گرنگترین ئەو رەخنانەی لە سەردەمی پاشایەتییەوە هەتا ئێستا ئاراستەی یاساکان کراون ئەوەیە کە زەوی لە باتی ئەوەی لەسەر جوتیار تاپۆ بکرێ تا پێوەی ببەسترێتەوە، بە (عقد- کرێ) ئەیدرێتێ و رەنێوی ئەهێنێ.

لە ساڵی (١٩٧٥ تا ١٩٩١) شەڕی عێراق لەگەڵ کوردو ئێرانو کوەیت بووە هۆی چۆڵو وێرانکردنی (٣٩٥٨) گوند لە کۆی (٤٣٩٩) گوند، کە ئەکاتە (٩١,٧٪)ی گوندەکانی کوردستان.

هەرچەندە دوای راپەڕینی ١٩٩١ زۆربەی گوندەکان ئاوەدانکرانەوە، بەڵام دووبارە بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆوە خەڵک روویانکردە چەکداریو قاچاخچێتی. جوتیاران لەبەر نزمی هەلومەرجی ژیانو کەمی خزمەتگوزاریو خراپیی رێگاوبانو نزمی داهاتی ساڵانەیان لە کشتوکاڵداو بێ پلانی حکومەتی هەرێم، ناچار بوون بەرەو شـارو شارۆچکەو هەندێ لە ئۆردوگا زۆرەملییەکان کۆچ بکەنەوە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا رێـژەی زۆربوونی دانیشتووان لە رێـژەی بەرهەمهێنانی خـۆراک بـەرزتـرەو تا دێت ئەو بۆشاییە فراوانتر دەبێتو نرخی خۆراکو ژمارەی هەژارو برسیو کەمخۆراکو بەدخۆراکو بێ کار و ئـاوارەو لێقەوماوانی کارەساتە سرووشتییەکان بە شێوەیەکی ترسناک لە بـەرزبـوونـەوەدان. لەبەرئەوە خۆراک گرنگی زۆری پەیداکردووەو هەندێ جار وەک چەکێکی ستراتیژی لەلایەن دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانیەوە لە دژی دەوڵەتە نەداراکان بەکاردەهێنرێت.



هەرێمی کوردستان خاوەنی (١٥,٥) ملیۆن دۆنم زەوییە

فۆتۆ: AFP

سـەبـارەت بە بـەرزبـوونـەوەی نرخی خۆراک، راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە، نرخی ئەو خۆراکانەی وەزارەتی بازرگانی عێراق دەیانهێنێت بۆ دابەشکردنیان بەسەر خەڵکدا بەپێی فۆرمی خۆراک، لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٨ نرخی (ئارد ١١٠٪، برنج ٧٦٪، شەکر ٣١٪، رۆن ١٣٪، چا ٢٠٪، شیری گەورە ٧٪، شیری مناڵ ١٢,٥٪، خۆراکە پاقلییەکان ٣٣٪) بەرزبووەتەوە کە، بێگومان گۆشتو هێلکەو بەرهەمەکانی شیرو سەوزەو میوەش بەو شێوەیە بوون. هەروەها هەندێ ئامار وای دەردەخـەن کە ئێستا دانیشتووانی جیهان (٦,٢) ملیارنو (٨٠٪)یـان لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهاندا دەژیـنو (٤,١) ملیاریان لە ژێر هێڵی هەژارییەوەن.

لە تازەترین راپـۆرتـی رێکخراوی کشتوکاڵو خۆراکی جیهانی (FOW)دا هاتووە کە برسێتی بەرۆکی زیاتر لە (٩٠) دەوڵەتی جیهانی گرتووەو ژمارەی برسیو کەمخۆراکو بەدخۆراک لە (٨٥٢) ملیۆنەوە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتووەتە (١,٠٢٠) ملیار کەس لە ساڵی ٢٠١٠ داو لەوانە (٦٤٢) ملیۆنیان لە وڵاتەکانی ئاسیاو ئۆقیانووسی هێمندا دەژین. رۆژانەش (٢٥) هەزار کەس بەهۆی برسێتییەوە دەمرنو (٢٥٠) هەزار مناڵ تووشی بەدخۆراکی دەبن.

ئێستا ژمـارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥) ملیۆن کەسەو رێژەی زۆربوونی ساڵانەش نزیکی (٣٪)یە. بەو پێیە ژمارەی مناڵی شیرەخۆر بە (١٥٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، بۆیە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە بۆ دابەشکردنی خۆراک لە عێراقدا پەیڕەو دەکرێت، کە هەندێ شارەزایان پێیان کەمە، ئێستا دانیشتوانی کوردستان لە ساڵێکدا پێویستیان بە (ئارد ٥٢٤٠٠٠، برنج ١٧٥٠٠٠، شەکر ١١٦٠٠٠، رۆن ٧٣٠٠٠، چا ١٢٠٠٠، شیری گەورە ١٥٠٠٠، شیری مناڵ ٢٩٠٠٠، خۆراکی پاقلەیی ١٥٠٠٠) تۆن هەیە. شایانی وتنە بۆ دروستکردنی (٥٢٤) هەزار تۆن ئارد پێویستمان بە (٦١٦) هەزار تۆن گەنم هەیە، ئەمە جگە لە گەنم بۆ تۆودانو ساوەرو پیشەسازییە خۆراکییەکانی تر. بێجگە لە گۆشتو هێلکەو بەرهەمەکانی تری شیرو سەوزەو میوە. لەبەرئەوە بەهای خۆراکی هاوردە بۆ کوردستان لە ساڵێکدا بە زیاتر لە (١,٥) ملیار دۆلار مەزەندە کـراوە؛ لە کاتێکدا هەندێ لە پسپۆرانی بوواری کشتوکاڵی پێیان وایە، ئەگەر پلانی زانستی بۆ بۆژاندنەوەی ژێرخانی ئابوریی کشتوکاڵی هەبێ، دەتوانرێ لە کوردستاندا خۆراکی (١٠) ملیۆن کەس بەرهەم بهێنریت.

ئاشکرایە خۆراک لە هەموو شوێنێک بە رەنـجـی شانی جـوتـیـارو کرێکارە کشتوکاڵییەکانی لادێ بەرهەم دەهێنرێت کە تێهەڵکێشو تەواوکەرو کارلێکەری یەکترنو بە توندی وابەستەن بە ژێرخانی ئابووریو ئاسایشی خۆراکو ئاسایشی نەتەوەییەوە. بۆیە زۆر نائاساییە کە حکومەتی هەرێم کەرتی کشتوکاڵی فەرامۆش کردوە، چونکە نەبوون یان کەمی خۆراک سەربەخۆیی رامیاریو ئابوویو نەتەوەییو پیرۆزییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە مەترسییەوەو پێگەی دەوڵەت لاواز دەکات.

ئێستا هەرێمی کوردستان کێشەی چۆڵکردنی لادێکانو هاوردەکردنی خۆراکی هەیە. لە کاتێکدا خاوەنی زیاتر لە (١٥,٥) ملیۆن دۆنم زەوییە کە (٣/١)ی کشتوکاڵییەو بریتییە لە چەندین دەشتی فراوانو بەپیتی وەکو، شارەزوور، بتوێن، دەشتی هەولێر، قەراج و کەندیناوا سلێڤانی، (٣/٢)کەی تری بریتییە لە دارستانو لەوەڕگای ناوچە شاخاوییەکان. هەروەها کوردستان دەوڵەمەندە بە بارانو بەفرو ئاوی سەرزەویو ژێر زەوی کە بە نزیکەی (٤٧) ملیار مەتر سێجا مەزەندە کراوەو رووبارەکانی نزیکەی ٦٧,٧٪ ئاوی ساڵانەی رووباری دیجلە پێکدەهێنن. جگە لە توانای مرۆیی باشو داهاتێکی زۆری (نەوت، باج و خەراج، گومرگ، رسومات، غرامات، کۆمەک، داهاتی مولکەکانی دەوڵـەت)و رێژەیەکی باش لە بودجەی ساڵانەی عێراق کە ئەگەر بە باشیو راستی کۆبکرێنەوەو کەنالیزە بکرێن،

**دەتـوانـرێ لـە چـوارچـێـوەی پـلانو ستراتیژییەتو بەرنامەو سیاسەتی کشتوکاڵی گونجاودا نەخشەی پەرەپێدانی کورتو مامناوەندو درێژخایەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێکانو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دابنرێن، لە رێگەی:**

١- نـزیـکـکـردنـەوەی لادێ لە شـار لـە رووی هـەلـومـەرجـی ژیـانو خزمەتگوزاریو رێگاوبانەوە، لە رێگەی دانانی ماستەرپلانەوە بۆ دروستکردنی گـونـدی کشتوکاڵی هـاوچـەرخ بەپێی نەخشەو میکانیزمی گونجاو، بە بەشداری ئەندازیارانی تەلارسازیو شارەزایانی جوگرافیای دیمۆگرافی و ئابووریناسانی کشتوکاڵیو ئەنجوومەنی گوندەکان لەگەڵ بەدواداچوونو چاودێری وردی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و رەنێوهێنانی زەوییەکانیان.

٢- رێگرتن لە فراوانبوونی ئاسۆیی شارو شارۆچکەو لادێکان لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بە هەماهەنگی شارەوانیو فەرمانگە کشتوکاڵییەکانو پەیرەوکردنی فراوانبوونی ستوونی.

٣- کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی بە رووی جوتیاراندا بەپێی یاساو رێنمایی دارایی ورد بۆ پێدانی قەرزی کورتو مامناوەندو درێژخایەنو میکانیزەکردنی ئیشوکارە کشتوکاڵییەکانو دروستکردنی خانووی پلاستیکیو بەخێوکردنی ئاژەڵو ماسیو پەلەوەرو هەنگ لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سوودو توانای ئابووری پرۆژەکانیان و بەدواداچوونو چاودێری ورد بۆ ئیشو بەرهەمی ساڵانەیان.

٤- بـایـەخـدان بـە مەڵبەندەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵیو دانانی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بوارەکانی (رووەکیو ئاژەڵی)دا بۆ چاندنو بەخێوکردنی ئەو تۆو و ئاژەڵانەی دەهێنرێنو دڵنیابوون لە گونجانو سەرکەوتنیان لە کەشو هەوای کوردستاندا پێش دابەشکردنیان بەسەر جوتیاراندا.

٥- هێنانی تۆو و ئاژەڵی بەرهەم بەرز لەجیاتی خۆماڵییە کەم بەرهەمەکانو تەکنۆلیۆژیای کشتوکاڵی پێشکەوتوو بە شێوەیەک بڕی تێچوون کەم و بەرهەم بەرز بکاتەوە. بەمە داهاتی جوتیار زیاتر دەبێتو نرخی بەرووبوومەکان لە بازاڕدا لە ئاستی دەوڵەتەکانی دراوسێو جیهان کە متر دەبێت، بەو شێوەیە دەتوانرێ لەجیاتی هاوردەکردنی خـۆراک هەناردەکردنی دەست پێبکات.

٦- کڕین و کۆکردنەوەی بەروبومی دانەوێڵە لە جوتیار و دروستکردنی سایلۆی زۆر بۆ ئەمبارکردنی دانەوێڵە (گەنم، جۆ، نۆک، نیسک) بۆ ماوەی درێـژ، لانی کەم بەشی دوو ساڵ، بە مەبەستی بەرگرتن لە مەترسی و زەرەری وشکەساڵی و نەهاتیو لێقەومانی کوتووپڕ و هەڕەشەی لەناکاو.

٧- هـانـدانـی کـەرتـی تـایـبـەت بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی گۆڕین (إنشاء معامل للصناعات التحويلية) لەو ناوچانەی بەروبومی کشتوکاڵی و میوەجات و ئاژەڵداری زۆرن.

٨- کـردنـەوەی ساردخانە لە هەموو پارێزگاکاندا بۆ وەرگرتنی سەوزەو میوەی جـوتـیـارانو کۆنترۆڵکردنی خواستو خستنەڕوو و نرخی بەرهەمهێنەرو بەکاربەر لە بازاڕدا.

٩- پـەیـڕەوکـردنـی سـیـاسـەتـی پاڵپشتیکردنی نرخی خـۆراکـە هـەرە پێویستەکانی وەک (نـان، رۆن، گۆشت، شەکر، خـوێ)و قەرەبووکردنەوەی ئەو پارەیە بە بەرزکردنەوەی باج لەسەر (جگەرە، خواردنەوە کهولییەکان، بۆن، داوودەرمانی خۆ جوانکردن و کاڵای تری کەمالی).

١٠-قەرەبووکردنەوەی جوتیاران لە زیانی کارەساتە سروشتییەکانی وەک وشکەساڵیو سەرماوسۆڵەو سووتانو نەخۆشیو مێرووە زیانبەخشە کشتوکاڵییەکان، لە رێگەی دانانی سیستمی زامنکردنی بەروبومی کشتوکاڵیو ئـاژەڵداری: تامين المنتوجات الزراعية والحيوانية-وە. سەرەتا حکومەت بانکی تایبەتی بۆ دابنێ هەتا ئەوکاتەی کەرتی تایبەت جورئەت پەیدا ئەکات لەم بوارەدا سەرمایە ئەخاتە گەڕ.

١١- دروستکردنی بەربەستو بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورەو بچووکو لێدانی بیری ئیرتیوازیو پەیڕەوکردنی سیستمی ئاودێریی دلۆپاندنو پرژاندن.

١٢- بایەخدان بە دارستانی دەستکردو سروشتیو پەلەوەرو ئاژەڵە کێوییەکانو پاراستنیان لە کوشتنو بڕینو پەرەپێدانی بواری گەشتوگوزارو فراوانکردنی رووبەری سـەوزاییو باخچەکانو بڵاوکردنەوەی هوشیاریی دارناشتنو پاراستنی ژینگە.

١٣- بە پیشەسازی کردنی کشتوکاڵو بـایـەخـدان بـە کـارو پیشە دەستییە کشتوکاڵییەکانو کـردنـەوەی کۆمەڵی هەرەوەزیی جوتیاریی ئارەزوومەندانەو چاندنی بەکۆمەڵ بۆ دابینکردنی پێداویستییە کشتوکاڵییە پێشکەوتووەکانو ناردنە بازاڕی بەرهەمەکان.

١٤- بایەخدان بە پرۆژەی کشتوکاڵیی گـەورەو زەبـەلاح: مشاريع زراعية كبرى (رووەکی و ئاژەڵی) بە دابینکردنی زەوی پێویست بۆ کۆمپانیاکیان لە زەوی دەوڵەت یان خاوەن موڵکە گەورەکان یان یەکخستنی زەوی کۆمەڵێک جوتیار، بەپێی پێویستیی کۆمپانیاکە لە بەرامبەر پێدانی مولکانە یان (٣/١)ی داهاتی ساڵانە، یان بەپێی رێکەوتن لەگەڵ خاوەن زەوییەکان جگە لە دامەزراندنیان وەک فەرمانبەر، پاسەوان، کرێکار، کارگوزار، لە کۆمپانیاکەداو ئیشپێکردنی کوڕو کچو کەسوکاری جوتیارەکان لە گوندەکاندا لە کاتی پێویستی زیاتری کۆمپانیاکە بە کرێکاری کاتیو هەمیشەیی.

١٥- دانانی یاسای خانەنشینی جوتیار (پیاو بێ یان ژن) دوای ئەوەی تەمەنی دەگاتە ٦٣ ساڵو سپاردنی زەوییەکەی بە یەکێک لە وەچەکانی کە پیشەی جوتیاری هەڵدەبژێرێ لەگەڵ چـاودێـری ئیشوکارو بەرهەمی ساڵانەیانو پرسینەوە لە کەمتەرخەمییان. بەمە جوتیار وەک فەرمانبەر دەبەسترێتەوە بە زەوییەکەیەوە.

١٦-نوێکردنەوەی دامودەزگا کشتووکاڵییە کۆنەکان بە شێوەیەکی کاریگەرو مۆدێرنو سپاردنی بە فەرمانبەری شارەزاو دڵسۆز کە تواناو ئارەزووی هەبێت لە ئیشکردن لەگەڵ جوتیارو نیشتەجێبوون لە لادێکاندا.

١٧- دانانی مەرجی نیشتەجێبوون لە لادێکاندا بۆ فەرمانبەرە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی ئەوانەی تازە دادەمەزرێن. ناردنی فەرمانبەری پسپۆڕ لە بوارەکانی (ئاژەڵیو رووەکـیو نەخۆشییەکانیان) بۆ هەموو گوندێک و کردنەوەی وەرشەی ئامێرەکانی وەبەرهێنانی زەوی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە گوندە هاوچەرخەکاندا.

١٨- تایبەتکردنی کۆلێجو پەیمانگاو ئامادەییە کشتوکاڵییەکان بە خەڵکی لادێکانو کوڕو کچی جوتیارەوە بەپێی نمرەو ئارەزووی خـۆیـانو ئامادەکردنیان بۆ ئیشکردن وەک جوتیاری تەکنیکار لە کێڵگەکانداو پـەروەردەکـردنـی مامۆستای خـاوەن بڕوانامەی بەرز لە سەرکەوتووەکانیان بۆ کۆلێجو پەیمانگاو ئامادەییە کشتوکاڵییەکان.

١٩- بەستنەوەی پێدانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا بە مەرجی چارەسەرکردنی یەکێک لە کێشە گەورەکانی بواری کشتوکاڵیو دروستکردنی گۆڕانکاریی گەورەو کاریگەر لە کەرتی کشتوکاڵی، ئاژەڵداری و ئاودێریداو، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ساڵانەو بەردەوام لە زانکۆکانی کوردستاندا.

٢٠-ناردنی مامۆستاو جوتیارو فەرمانبەرە کشتوکاڵییە چـالاکو سەرکەوتووەکان بۆ خولی راهێنان لەو وڵاتانەی کە کەرتی کشتوکاڵ تیایدا پێشکەوتووە.

٢١- بایەخدان بە رێنمایی کشتوکاڵیو ئامارو سەرژمێریی (ئـاژەڵـی، رووەکـی، زەوی، خەرج، داهات، قازانج، زیان.... هتد)و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان بۆ سوودوەرگرتن لە راستەکانو دورکەوتنەوە لە هەڵەکان.

٢٢-رێکخستنی خاوەندارێتی زەویوزارو چارەسەرکردنی کێشەکانی، بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پەرەپێدانی کشتوکاڵو ژیانی جوتیارو بارودۆخی هەرێمدا.

ئەمانەو دەیـان خـاڵو گیروگرفتی تر کە لە کاتی جێبەجێکردندا دێنە پێشەوە، بە حکومەتێکی دڵسۆز و ئیدارەیەکی کاریگەرو فەرمانبەری شـارەزاو لێهاتوو چارەسەردەکرێنو پێویستی بە هەوڵو پارەو کات هەیە تا بگەنە ئەنجامی باش، بۆئەوەی چیتر چاوەڕێی کاسەی دراوسێ نەبین.

*** تێبینی: سوود لە چەندین سەرچاوەی زانستیی وەرگیراوە**

*** ماستەر لە ئابووریی کشتوکاڵیدا. مامۆستای پەیمانگای تەکنیکیی کشتوکاڵی- بەکرەجۆ**

چاودێرێکی سیاسی: میدیای ئازاد به‌هێزترین گرووپی فشاره له كوردستان 20

# ده‌یان به‌رهه‌می خۆماڵیی به‌سوود بۆ نه‌خۆشییه‌كان له‌بیرده‌كرێن

هاشم غه‌مگین

### به‌رهه‌می ته‌ماته:

به‌لامه‌وه تاوانه، هه‌رێمێك خاوه‌نی پانتاییه‌كی فراوانی زه‌ویی كشتوكاڵیی به‌پیت و له‌بار بێت، كه‌چی به‌رهه‌می ته‌ماته‌ی نه‌بێت و له وڵاتان و ناوچه‌ی دیكه‌وه ته‌ماته‌ی بۆ هاورده بكرێت و له بازاڕه‌كانیدا ساغبكرێته‌وه، ئه‌ی كه‌وابوو رۆڵ و بوونی چه‌ندین ساڵه‌ی رابردووی وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ له كابینه‌كانی حكومه‌تدا، چی بووه؟

ئاشكرایه كه به‌رهه‌می ته‌ماته، خواست و پێویستی هه‌میشه‌یی هاوڵاتییانه و چه‌ند گرنگیی ره‌ها به‌م به‌رهه‌مه بدرێت، هێشتا هه‌ر كه‌مه، ئه‌گه‌ر وڵاتێكی وه‌ك هۆڵه‌ندا به نموونه بهێنینه‌وه، ئه‌گه‌ر چی ده‌زانرێت كه ئه‌م وڵاته حه‌وت مه‌تر نزمه له‌ئاست به‌رزیی ده‌ریاوه و ئاستی دانیشتووانی زیاتر له پانزه ملیۆنه، به‌ڵام پێگه‌ی به‌رهه‌مێنانی ته‌ماته‌ی باشه و توانیوێتی پێداویستییه‌كانی هاوڵاتییان له‌م به‌رهه‌مه‌دا پڕبكاته‌وه، ئه‌ویش له‌ڕێی دروستكردنی چه‌ندین مه‌رزی ته‌ماته‌ی گه‌وره له زه‌وییه‌كانی ده‌وروبه‌ری شار و شارۆچكه و گونده‌كان، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا توانراوه كه ده‌رفه‌تێكی به‌رده‌وام بۆ كاركردن بره‌خسێت، به‌جۆرێك سه‌عاتێك كاركردنی رنینه‌وه‌ی ته‌ماته به‌یاسایی، به هه‌شت تا نۆ ئیرۆیه و هاوكات، دروستكردنی كارگه بۆ به‌رهه‌مێنانی دۆشاوی ته‌ماته بۆ چێشتلێنان و كردنه نێو قوتووی بچووك كه به‌شی چێشتێك بكات، نه‌ك وه‌ك ئه‌وانه‌ی ئێستا له‌نێو بازاڕه‌كاندان و له قوتووی گه‌وره‌دان و هه‌ندێكجار به‌هۆی هه‌ڵبچڕین و مانه‌وه‌ی بووه‌ته هۆی تێكچوون، بۆیه پێویسته وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ به‌رهه‌می ته‌ماته فه‌رامۆش نه‌كات و پلان و به‌رنامه‌ی تۆكمه بۆ به‌رهه‌مهێنانی دابڕێژێت.

### به‌رهه‌می قه‌رنابیت:

خه‌ڵكی ئێمه وه‌كو پێویست هۆشیاریی و زانیارییان له‌باره‌ی سوودو كه‌ڵكی به‌رهه‌می قه‌رنابیته‌وه نییه. قه‌رنابیت، خۆراكێكه مرۆڤ ده‌پارێزێت له نه‌خۆشییه‌كانی شێرپه‌نجه، نه‌ك وه‌ك ئه‌م شێوازه‌ی هه‌نووكه له‌بازاڕه‌كانی له‌مه‌رخۆمان ده‌بینرێت و ره‌نگی سپییه و ناشزانرێت به‌رهه‌م و هاورده‌ی چ شوێن و چ وڵاتێكه و ئه‌وه‌ی من باسی ده‌كه‌م، هه‌مان جۆره و به‌ڵام ره‌نگی سه‌وزه و له وڵاته پێشكه‌وتووه‌كان بازاڕ و خواستێكی زۆری هه‌یه، به‌جۆرێك له‌زۆربه‌ی ده‌زگا ته‌ندروستییه‌كان بۆ رێنمایی و زانیاریی و به‌كارهێنانی هاوڵاتییان وێنه‌ی له‌گه‌ڵ چه‌ند به‌روبوومێكی خۆراكی دیكه‌دا هه‌ڵواسراوه، بۆیه په‌یداكردنی ئه‌م تۆوه و چاندنی له ناوچه‌كانی خۆمان و به‌رهه‌مهێنانی سوودو قازانج و بازاڕ و به‌كارهێنه‌رێكی زۆری ده‌بێت و ئه‌ویش به دیراسه‌كردنی وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ ده‌بێت، بۆئه‌وه‌ی بزانرێت چ ناوچه‌یه‌ك زه‌وییه‌كانی به‌پیت و له‌باره بۆ چاندن و به‌رهه‌مهێنانی.

### به‌رهه‌می په‌تاته:

لای ئێمه په‌تاته زیاتر بۆ مه‌رگه و كوڵاندنه‌وه به‌كه‌می بۆ سووركردنه‌وه به‌كارده‌هێنرێت، به‌ڵام ده‌توانرێت كارگه دروستبكرێت بۆ پاككردن و پارچه‌پارچه‌كردن و ئاماده‌كردنی بۆ سووركردنه‌وه و بخرێته زه‌رفه‌وه و له ماركێت و فرۆشگه‌كان بفرۆشرێت، به‌ڵام بۆ تێكنه‌چوونی، ده‌بێت به به‌رده‌وامی له موجه‌میده و شوێنی ساردا بێت و له‌كاتی خستنه نێو بازاڕ و ماركێت و له ماڵانیش به هه‌مانشێوه و رێكخستن و ئاماده‌كردنی په‌تاته، به‌م شێوازه له ماركێته‌كانی وڵاته پێشكه‌وتووه‌كاندا بازاڕێكی زۆری په‌یداكردووه به‌وه‌ی ئاماده‌كراوه و نابێته مایه‌ی ئه‌زیه‌تدان بۆ به‌كارهێنه‌ر و هه‌ركاتێك بیه‌وێت و حه‌ز به خواردنی بكات، له سه‌لاجه ده‌ریده‌هێنێت و سووری ده‌كاته‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا له‌نێو بازاڕه‌كاندا فرۆشگه‌ی تایبه‌ت بۆ سووركردنه‌وه و فرۆشتنی په‌تاته هه‌یه و قه‌ره‌باڵغییه‌كی زۆریان له‌سه‌ره و ده‌خرێته زه‌رفه‌وه و هاوڵاتییان وه‌كو چه‌ره‌سات له‌گه‌ڵ مایونیز به ده‌م رێوه، یان راده‌وه‌ستن ده‌یخۆن.





### سوودوه‌رگرتن له به‌رهه‌می ره‌زو باخی میوه:

گرنگیی و به‌یاخدان به ره‌زو باخی میوه، زۆر سوودو قازانج به هه‌رێم ده‌گه‌یه‌نێت، جگه‌له‌وه‌ی كه ده‌بێته هۆی گه‌شه‌پێدان و به‌هێزكردنی پێگه‌ی ئابووریی و به‌رهه‌مێنانی ناوخۆیی و دروستكردنی كارگه‌ی جۆراوجۆر بۆ ره‌خساندنی ده‌رفه‌تی كار و هاوكات، ده‌بێته هۆی پاراستنی ئاسایشی خۆراك و سه‌لامه‌تی و ته‌ندروستی.

بۆ نموونه، له به‌رهه‌می میوه‌ی هه‌نجیرو قه‌یسی جگه‌له‌وه‌ی كه وه‌ك میوه‌یه‌كی ئاسایی به‌كارده‌هێنرێت، هاوكات، ده‌توانرێت له‌ڕێی دروستكردنی كارگه و دابینكردنی ئامێرو پێداویستییه‌كان به شێوه‌یه‌كی زانستی مره‌بای لێ دروستبكرێت و بخرێته شووشه و پاشان بخرێنه بازاڕه‌كانه‌وه كه خۆراكی ژه‌می به‌یانیانه و بێشك بازاڕ و به‌كارهێنه‌ری زۆری ده‌بێت، له رووی ته‌ندروستیشه‌وه زۆر سوودبه‌خشه بۆ مرۆڤ.

### به‌رهه‌می تریّ و پرته‌قاڵ و سێوو هه‌رمێ:

ئه‌وه‌ی بزانم، له‌هه‌ندێك له ناوچه‌كانی ئێمه‌دا، به‌رهه‌می ترێی سپی و ره‌ش باش و به‌هێزه، وه‌ك ناوچه‌كانی دۆڵی جافایه‌تی و سورداش و گه‌وره‌دێ، ده‌توانرێت بۆ دروستكردنی شه‌ربه‌ت له‌ڕێی دروستكردنی كارگه‌وه، سوودی زۆری لێوه‌ربگیرێت و به‌شێوه‌یه‌كی زانستی و ئه‌كادیمی جیابكرێنه‌وه و ئاماده‌بكرێن و بكرێن به‌شه‌ربه‌ت بخرێنه موقه‌باو كیسه‌ی قه‌باره جۆراوجۆره‌وه و پاشان خستنه نێو بازاڕ و فرۆشگه و ماركێته‌كان، له به‌رهه‌می میوه‌كانی دیكه‌ش به‌هه‌مانشێوه، به‌رهه‌مهێنانی ئه‌م شێوازی شه‌ربه‌تانه له وڵاته پێشكه‌وتوه‌كان گرنگییه‌كی زۆری پێدراوه و ده‌ستكه‌وتێكی زۆری بۆ ده‌سته‌به‌ركردوون، به‌هۆی هه‌بوونی خواست و به‌كارهێنه‌ری به‌رده‌وام و پاشان بووه‌ته خواردنه‌وه‌یه‌كی جێی دڵنیایی و هه‌میشه‌یی هاوڵاتییان، چونكه هێز و ڤیتامینات به جه‌سته‌ی مرۆڤ ده‌به‌خشێت.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا له میوه‌ی قۆخ و لیمۆ چای سارد به‌رهه‌مهێنراوه و خراوه‌ته نێو موقه‌باو به‌كارهێنه‌رێكی زۆری په‌یداكردووه، به‌زمانی هۆڵه‌ندی پێی ده‌وترێت (ئایس تـه‌ی)، بۆیه پێویسته وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ پلان دابڕێژێت بۆ دروستكردن و گه‌شه‌پێدان و بوژاندنه‌وه‌ی ره‌زو باخه‌كانی میوه و دابینكردنی كه‌ره‌سته و پێداویسته‌كان بۆ به‌هێزكردنی به‌رهه‌مهێنانی ناوخۆیی.

### به‌رهه‌می خه‌یار:

جێی ده‌ستخۆشییه كه ئه‌مساڵ بینرا، به‌هۆی هه‌بوونی پلانی وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ و دابه‌شكردنی ئه‌و خانووه پلاستیكانه، توانرا به‌رهه‌می خه‌یار له كوردستان باش بێت، بووه هۆی ئه‌وه‌ش نرخشی له‌بازاڕه‌كانی خۆمان دابشكێت و رێگری له هاورده‌كردنی بكرێت. ئه‌م هه‌نگاوه‌ی حكومه‌ت و وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ، به‌رز ده‌نرخێنم و نموونه‌ی كاری وا هه‌ر زۆر بێت.

### به‌رهه‌می فاسۆلیاو نۆك و قارچك:

كارێكی قورس نییه، ئه‌گه‌ر له كوردستان له به‌رهه‌می فاسۆلیای وشك و ته‌ڕ، نۆك، قارچك كارگه‌یه‌ك بۆ خۆشكردنی هه‌بێت، به‌شێوه‌یه‌كی ته‌ندروست بكرێته شووشه و بخرێنه بازاڕه‌كانه‌وه.

### دروستكردنی پیتزا:

بوونی كارگه‌یه‌ك بۆ دروستكردنی پیتزای (ماسی، په‌تاته، مریشك، قارچك، ته‌ماته.... هتد) پێویسته و سوودێكی زۆر به ناوچه‌كه ده‌گه‌یه‌نێت، ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌كی ته‌ندروست ئاماده و دروستبكرێت و به لایلۆن بپێچرێت و بخرێته موقه‌باو له ماركێته‌كان له‌شوێنی سارد دابنرێت، به‌دڵنیاییه‌وه بازاڕی باشی ده‌بێت. له وڵاته‌پێشكه‌وتووه‌كاندا، ئه‌م شێوازی پیتزایانه خواست و بازاڕی زۆری په‌یداكردووه، به‌وه‌ی تام و چێژێكی خۆشی هه‌یه، له‌سه‌لاجه داده‌نرێت هه‌ر كاتێك حه‌ز به‌خواردنی بكرێت، ده‌توانرێت له‌ڕێی فرنی كاره‌باییه‌وه به‌بێ ماندووبون به زووترین كات ئاماده‌بكرێت كه به‌ناوبانگترین و پێشكه‌وتوترین وڵات له دروستكردنی پیتزادا، وڵاتی ئیتاڵیایه.

بێشك، هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ره‌وه باسمانكردوون، پلانی ستراتیژیی به یاسای بۆ دابڕێژرێت، جگه له‌وه‌ی كه ده‌بنه هۆی پێشخستنی به‌رهه‌می ناوخۆیی و ئابووریی و رێگرتن له‌به‌رهه‌می هاورده و ده‌ره‌كی و دڵنیابوون له‌سه‌لامه‌تی و پاراستنی ئاسایشی خۆراك، هاوكات ده‌شبنه مایه‌ی ره‌خساندنی ده‌رفه‌تی له‌بار بۆ كاركردنی ده‌رچووانی زانكۆو په‌یمانگان و بێكاران.

بۆیه، گرنگه حكومه‌ت كه‌رتی كشتوكاڵ فه‌رامۆش نه‌كات و بایه‌خی زیارتی پێبدات و ئاوڕی جدیی لێبداته‌وه، له‌ڕێی داهاتی سامانی سروشتی كه كه‌س نازانێت چه‌نده و ده‌چێته كوێ، بودجه‌ی پێویست بۆ بوژاندنه‌وه و گه‌شه‌پێدانی بواری كشتوكاڵ و ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ی گونده‌كان ته‌رخان بكرێت.

# له هێنانی ئۆتۆمبێلدا هیچ پرسێك به سه‌ندیكای گواستنه‌وه ناكرێت

راپۆرتی:
ئاریان حه‌سه‌ن، ساوێن عه‌بدوڵڵا

ئاكار حه‌مه ره‌حیم، (٢٣) ساڵ گه‌نجێكی شاری سلێمانییه و ئۆتۆمبێلی تاكسی ده‌گێڕێت، به‌ڵام ئێستا ئه‌م كاره‌ی وه‌ك (٣) ساڵ پێش ئێستا سوودی نه‌ماوه، چونكه وه‌ك ئه‌و گه‌نجه ده‌ڵێت: به‌لێشاو تاكسی ده‌هێنرێته شاره‌كه‌وه.

به‌پێی ئامارێكی به‌ڕێوه‌به‌رێتی هاتوچۆی سلێمانی، كۆی گشتیی ئه‌و ئۆتۆمبێلانه‌ی له سلێمانیدا هه‌یه (١٤٩٥٤٥) ئۆتۆمبێله، كه (٢٦٠٤٨)یان تاكسییه و (٧١١٤٨)یان تایبه‌تن و (٥١٨٧٠) سه‌یاره‌ی بارهه‌ڵگره و (٥٣٧٥) ئۆتۆمبێلیشیان كشتوكاڵین و (١٣٠٥) ئۆتۆمبێلیشیان بیناسازین، جگه‌له‌وه‌ی (٦٤٨٤٩) ئۆتۆمبێلیش هه‌یه له سلێمانیدا كه كارتی زانیاریی هه‌یه.

ئاكار بۆ رۆژنامه وتی: «له شاری سلێمانیدا ئه‌وه‌نده تاكسی تێدایه كه له پێویستیی شاره‌كه چووه‌ته ده‌ره‌وه». ناوبراو ئه‌مه‌ش بۆ نه‌بوونی پلان له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌وه ده‌گه‌ڕێنێته‌وه.

هاورده‌كردنی هه‌ر كاڵایه‌ك بۆ ناوخۆی هه‌ر وڵاتێك كه به‌پێی پلان كاربكات به‌پێی پێویستی و ژماره و دابه‌شبوونی تاكه‌كانه، نه‌ك له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندیی چه‌ند كه‌س و كۆمپانیایه‌ك.

ئاكار ئاماژه‌ی به‌وه‌كرد: حكومه‌تیش هه‌ست به‌وه ده‌كات كه رێژه‌یه‌كی زۆر له تاكسی له شاره‌كاندا هه‌یه، به‌ڵام بۆیه هێنانی تاكسی راناگرێت، چونكه «چه‌ند كۆمپانیایه‌ك تاكسی ده‌هێنن، خاوه‌نی ئه‌و كۆمپانیایانه‌ش كه‌سانی باڵاده‌ستن و به‌رپرسی گه‌وره‌یان له‌پشته‌وه‌یه، بۆیه له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندیی ئه‌و خاوه‌ن كۆمپانیایانه ئه‌م پرۆسه‌یه هه‌ر به‌رده‌وام ده‌بێت».

شاره‌زایانی هاتوچۆ به‌پێویستی ده‌زانن حكومه‌ت له جێگه‌ی گرنگیدان به هێنانی تاكسی، پێویسته گرنگی به جۆره‌كانی گواستنه‌وه‌ی گشتیی بدات، وه‌ك شه‌مه‌نده‌فه‌رو ترام، كه له رووی نرخه‌وه به قازانجی هاوڵاتییان و رێگه‌وبانیش قه‌ره‌باڵغ ناكه‌ن.

شۆفێرانی تاكسی جه‌ختیش له‌وه ده‌كه‌نه‌وه، كه دامه‌زراندنی سیستمی تاكسی، نرخ له‌سه‌ر هاوڵاتییان كه‌مده‌كاته‌وه، نه‌ك زیادكردنی تاكسی، چونكه فه‌رمانبه‌رێكی حكومه‌ت ئه‌گه‌ر رۆژی (٢) تاكسی بۆ چوون و هاتنه‌وه‌ی ده‌وامه‌كه‌ی بگرێت (٦) هه‌زار دینار ده‌كات، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به تاكسی نه‌فه‌رات بڕوات، كه له سلێمانیدا بوونی نییه، ته‌نیا (٢) هه‌زار دینار ده‌كات، تاكسیه‌كه‌ش ئه‌گه‌ر (٣) نه‌فه‌ری تێدابێت بۆ شۆفێره‌كه‌ی (٦) هه‌زار دینار ده‌كات.

له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو قه‌ره‌باڵغی و فه‌وزایه‌ی شه‌قامه‌كانی سلێمانی، به‌ڵام سه‌رۆكی سه‌ندیكای گواستنه‌وه‌ی شاری سلێمانی ئاشكرای ده‌كات، كه له هێنانی ئۆتۆمۆبێل بۆ سلێمانی هیچ پرس و راوێژێك نییه له‌نێوان سه‌ندیكای شۆفێران و حكومه‌تداو ئه‌وان چه‌ندین پرۆژه‌یان بۆ هێنانی ئۆتۆمۆبێل بۆ هه‌رێمی كوردستان ئاماده‌كردووه، به‌ڵام حكومه‌ت تائێستا گوێی بۆ نه‌گرتوون.

جه‌لال ئه‌بوبه‌كر، سه‌رۆكی سه‌ندیكای گواستنه‌وه‌ی شاری سلێمانی، سه‌باره‌ت به هێنانی تاكسی، بۆ رۆژنامه وتی: «سیستمی هاتوچۆی شاره‌كه به‌رگه‌ی ئه‌و قه‌ره‌باڵغییه زۆره ناگرێت، بۆیه ده‌بێت هه‌وڵ بۆ باشتركردنی سیستمی هاتوچۆ بدرێت، ئینجا رێگه به هاتنی ئۆتۆمبێل بده‌ین».

ئه‌گه‌رچی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستانیش هه‌وڵی فراوانكردنی شه‌قامه‌كانی ناو شاره‌كانی داوه، بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی قه‌ره‌باڵغی، به‌ڵام ئه‌مه هیچ ئومێدێك نادات به‌و فه‌رمانبه‌رو خوێندكارو هاوڵاتییانه‌ی كه به‌هۆی قه‌ره‌باڵغییه‌وه ناتوانن له‌كاتی خۆیاندا بگه‌نه سه‌ر كاره‌كانیان.

به‌ڕێوه‌به‌ری به‌شی راگه‌یاندنی به‌ڕێوه‌به‌رێتی هاتوچۆی سلێمانی، پێیوایه: ئه‌م قه‌ره‌باڵغی و جه‌نجاڵییه‌ی ناو شاری سلێمانی به پابه‌ندبوونی شۆفێران به رێنماییه‌كانی هاتوچۆو هه‌ماهه‌نگی زیاتر له‌گه‌ڵ شاره‌وانی سلێمانی، ئه‌ویش به‌وه‌ی كه له‌كاتی هه‌ڵكه‌ندنی شوێنێكدا به‌زوویی چاره‌سه‌ری بۆ بدۆزنه‌وه، چاره‌سه‌ر ده‌كرێت.

به‌ختیار ئه‌حمه‌د، وتیشی: «سلێمانی پێویستی به چه‌ندین پردو ئه‌نده‌رپاسێك هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی هاتوچۆ له‌ناو شاردا ئاسانتر بێت، كه ئه‌مه‌ش هۆكاره‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بودجه‌ی پارێزگاكان، كه چه‌ند پرۆژه‌ی ئاسانكردنی هاتوچۆی هاوڵاتییانی تیادابێت».

سه‌باره‌ت به هێنانی ئۆتۆمبێل به‌تایبه‌تی تاكسی، ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌ره ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه كرد: ئه‌وان ده‌زگایه‌كی جێبه‌جێكارن و ده‌سه‌ڵاتی وه‌ستاندن یان به‌رده‌وامبوونی ئۆتۆمبێلیان نییه.

له ساڵانی پێشوودا، به‌ڕێوه‌به‌رێتی هاتوچۆ مه‌رجێكی دانا بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل، كه ئه‌ویش له‌ناوبردنی ئۆتۆمبێلێكی مۆدیل كۆن بوو، به‌ڵام له‌ئێستادا حكومه‌ت رێگایه‌كی دیكه‌شی خستووه‌ته به‌رده‌م ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ئۆتۆمبێل ده‌هێن بۆ هه‌رێمی كوردستان، كه ده‌بێت هه‌ركه‌سێك له‌به‌رامبه‌ر هێنانی ئۆتۆمبێلدا بڕێك گومرگ بدات بۆ وه‌رگرتنی ژماره‌ی نوێی ئۆتۆمبێله‌كه‌ی.

له‌لایه‌كی دیكه‌وه و له‌گه‌ڵ ئه‌م قه‌ره‌باڵغیه‌ی شه‌قامه‌كاندا، به‌ڕێوه‌به‌ری فرۆشتنی ئۆتۆمبێله‌كانی كۆمپانیای كارزۆ، كه به‌شێكه له كۆمپانیای سه‌ردار، جه‌خت له‌وه ده‌كاته‌وه، كه كۆمپانیاكه‌یان ساڵی (٢٠٠٩) په‌یماننامه‌یه‌كی له‌گه‌ڵ حكومه‌تی هه‌رێمدا ئیمزاكردووه، كه (٥) هه‌زار تاكسی بێنێته كوردستانه‌وه و ساڵی (٢٠١٠)ش (٥) هه‌زار تاكسی دیكه بهێنێته هه‌رێمی كوردستانه‌وه.

چۆمان عوسمان، به‌ڕێوه‌به‌ری فرۆشتنی ئۆتۆمبێله‌كانی كۆمپانیای كارزۆ، ئه‌وه‌شی خسته‌ڕوو: حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان ته‌نیا مه‌رج كه بۆی داناون بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل، سه‌لامه‌تییه له ئۆتۆمبێله‌كاندا.

چۆمان وتیشی: «زۆریی و كه‌میی ئۆتۆمبێل یان تاكسی ئێمه دیاری ناكه‌ین، چونكه ئه‌وه كاری حكومه‌ته كه بزانێت پێویستمان به تاكسیه یان نا، حكومه‌ت به‌ش به‌ش ئه‌م په‌یماننامه‌یه‌مان له‌گه‌ڵدا تازه ده‌كاته‌وه، ئه‌گه‌ر حكومه‌ت هه‌ست بكات ئۆتۆمبێل زۆره له هه‌رێمی كوردستاندا، به‌ڵێننامه‌كه‌مان بۆ تازه ناكاته‌وه».



نوێترین مۆدێلی تاكسی له كوردستان

فۆتۆ: رۆژنامه

# گۆڕان‌و خەڵکی کەمدەرامەت: کێ لە کێ دەپرسێتەوە؟



بابەکر دڕەیی

خەڵکێکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان‌و ئەوانەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی (٣/٧)دا بینەری کەناڵی (KNN) بوون، گرتەیەکی ئێجگار ماناداریان دێتەوە یاد، کە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بەلای کێشەی هەژاران‌و نەدارانی ئەم وڵاتەدا چەندبارە دەکرایەوە: دیمەنەکە بریتی بوو لە پیاوێکی پیر (نزیکەی ٧٥ ساڵ) کە لە دۆخێکی بێزاری‌و بێئومێدیدا سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکان، قسە بۆکامێرای (KNN)و لەوێوەش بەهەموو خەڵکی دنیاو کوردستان دەکات‌و ڕایدەگەیەنێت کە حکومەتی کوردستان بێبەڵێنە:

– «هەر دەڵێن، ئەمرۆ نا، سبەینێ» ... «هەر دەڵێن، ئەمرۆ نا، سبەینێ».

پێموایە، زۆربەتان دیمەنەکەتان بیرماوەو هێشتاش لەزاکیرەی زۆربەماندا تووڕەیی ئەم پیاوە بەڕێزە، بەزیندوویی هەڵگیراوە.

ڕستەی (هەر دەڵێنن ئەمرۆ نا، سبەی) لەدەمی کەمدەرامەتێکی ئەم وڵاتەوە بریتییە لەدەربڕینێکی پڕ لە نارەزایەتی‌و قووڵ، کە ئیدی پێیوایە، هیچ شتێک لەم وڵاتەدا فریای تەمەنی ئەو ناکەوێت‌و تازە بەنیسبەت ئەوو هاوتەمەنەکانیەوە کات بەسەرچووەو کار لەکار ترازاوە.

ڕستەی (هەر دەڵێن، ئەمرۆ نا، سبەی) دەربڕینێکی پڕماناو توندی چینی هەژاری کوردستانە سەبارەت بەتێگەیشتنیان لەمەفهومێکی چارەنووسساز بەنیسبەت توخمی مرۆڤەوە بەگشتیی‌و خۆیان وەک مرۆڤگەلیکی بێبەش بە تایبەتی، مەفهومێک کە لەچاویدا سەرجەم وشەو مەفاهیمەکانی دیکە کەمرەنگو کەم بەهان: مەفهومی (زەمان)و تەمەنی مرۆڤ...

پێداگرتن‌و دەربڕینی تووڕەیی مرۆڤێکی تەمەنداری کورد لەدوای نزیکەی (٢٠) ساڵ لەدروستبوونی حکومەتی کوردی لەهەلومەرجێکی گونجاوی ناوچەیی‌و جیهانیداو باسکردنی ئەوەی هیچی بۆ نەکراوەو (تەمەن)و بەنرخترین سەرمایەی بەقسەی هەڵخەڵەتێنەری (ئەمرۆ نا، سبەی) لێ سەنراوە، مەسەلەی تەمەنی مرۆڤ‌و (کات) بەگەورەیی دەخاتەوە بەردەممان:

– لە دیدگای فەلسەفییەوە: دەستی دەستی پێکردنی مرۆڤ‌و وەلکردنی خواستەکانی، بەمانای ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە حسابی مرۆڤی بۆ ناکرێت‌و ڕێز لە کەرامەتی ئینسانیی ناگیرێت، بێگومان مەرج نییە سەرجەم هەژارانی کوردستان بەئەندازەی ستیفن هاوکینگ لەمەفهومی (زەمان) تێگەیشتبن، بەڵام لانیکەم هەندێکیان ئەوە دەزانن کە خودی گۆی زەوی وەک دەنکە لمێکە لەنێو ژمارەیەکی بێکۆتایی لەئەستێرەو کۆمەڵەی خۆری دیکەداو مرۆڤ، وەک مەوجودێکی خاوەن عەقڵ‌و هەست، بەڕێکەوت (یان بە زەرورەت) بۆ مەودایەکی کەمی زەمانی لەسەر ئەم شوێنەی ناوی نراوە (زەوی) دێتە ژیان‌و پاش ماوەیەکی کەم دەڕوات‌و جێی دەهێڵێت، ڕێک وەک گوڵێکی بەهاریی کە دەگەشێتەوەو پاش ماوەیەک دەکوژێتەوە و ئاسەواری نامێنێت. (زەمان) بۆ مرۆڤ‌و بۆ ئەو فرسەتەی سروشت پێی بەخشیوە، شمشێرێکی تیژو بێبەزەییە: ئەگەر لەو فرسەتە (مێژوویی)یەدا نەتوانێت بەلانیکەمی خواستەکانی بگات، ئیدی ژیان واتاکەی لەدەستدەدات‌و تەمەن دەبێتە تونێلێکی تاریک وتۆقێنەر.

– لە دیدگای سیاسیی‌و مەیدانییەوە:

«(هەر دەڵێن، ئەمرۆ نا، سبەی) واتایەکی گرنگی سیاسیی‌و مەیدانیشی لەخۆیدا حەشارداوە، کە ئەویش بێمتمانەیی‌و بڕوانەبوونی قسەکەرەکەیەتی بە دەسەڵاتدارانی وڵات‌و ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیەیە کە پێیوایە، لەم وڵاتەدا کارێکی زۆر بۆ چینی کەمدەرامەت‌و هەژار ئەنجامدراوەو بەپێی سیستمێکی ڕێکوپێکی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی، ژیانیان مسۆگەر کراوە.

کاتێک دەوترێت، دەزگای حکومەت دەستی دەستی‌و (ئەمرۆ نا، سبەی) بەخەڵک دەکات، واتاکەی بۆ هەمووان ئاشکرایە، کە ئەم حکومەتە تەنیا لەوانە دەپرسێتەوە کە لێوەی نزیکن‌و بەهەر هۆیەکی سیاسی، یان خێزانی، یان حیزبیی بوونەتە کوڕی حیزب‌و حکومەت... ئەوانی دیکەو ئەوانەی دەستیان بەکەس ناگات، دەبێت چاوەڕوان بن بۆ گوێگرتن لەو بەڵێنانەی بۆیان دووبارە دەکرێتەوەو جێبەجێ ناکرێت.

حاڵی حازر بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەو دوڕیانە مێژوویيە وەستاوە کە دەبوا پێی بگات‌و بەحوکمی زەمان پێی گەیشتووە: یان ئەوەتا بەقازانجی ئەوانەی لەم وڵاتەدا هیچیان بۆ نەکراوەو کەوتوونەتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە کارێکی جدیی ئەنجام دەدات‌و لێیان دەپرسێتەوە، یان دەبێتە جوڵانەوەیەک بە ڕابەرایەتییەکی نارۆشن، کە ئەمیش پشکی خۆی لە نیعمەتەکانی دەسەڵات دەخوات‌و جار نا جارە (بۆ دانەبڕان لەدۆخی گشتیی‌و بەتامکردنی شۆرباکە) هەراو زەنایەکی واقیعی، یان دەستکرد دەنێتەوەو ناتوانێت سانتیمەترێک بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت‌و کولەمەرگی‌و ژیانی تاڵی دەنگدەرە ڕاستەقینەکانی (گۆڕان) دڵخۆش‌و بەختەوەر بکات.

هەر ئێستا، چارەنووسی گۆڕان‌و ئەو خەڵکانەی گۆڕانیان کردە بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەریی‌و کۆمەڵایەتی، لەبەردەم مەحەکی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی‌و گەورەدایەو (زەمان) وەک دەریایەکی بێ سنوور کەشتییەکەی دەهێنێت‌و دەبات، یان لەگەڵ هەق‌و ڕاستگۆیی‌و زۆرینەی خەڵک‌و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بەپێی یاساکانی ئەرزو ئاسمان، یاخود کەوتنە گێژاوی سیاسەتی (ئەمرۆ نا، سبەی)و بەفیرۆدانی کاتی هەژارانی ئەم وڵاتەو خەڵکە دڵسۆزەکەی بە بەهانەی جۆرەها ململانێی دەستکرد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵات‌و ئەوانەی بۆیان لواوە - بەپێچەوانەی زۆربەی خەڵکەوە- چێژ لە هەر چرکەیەکی (کات) وەربگرن‌و بیرێکی وا لەدنیاکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان‌و دەرەوەی گۆی زەوی نەکەنەوە.

# خانەقین‌و وەزیری سامانە سروشتییەکان



پشتیوان ئەحمەد

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق

خانەقین خاوەنی کۆنترین پاڵاوگەی نەوت بووە لە عێراق.. نەوتی خانەقین، یان دەکرێت بڵێین نەوتی کێڵگەکانی خانەقین، باشترین جۆری نەوتن لە عێراق، چونکە کبریتی تیادا نییەو چڕییەکەی (apl34)ە، ڕژێمی پێشوو بەبیانووی جیاجیا لەوانە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران – عێراق هەستا بە گواستنەوەی پاڵاوگەی نەوتی خانەقین بۆ ناوچەی (ئەلدۆرە) لە بەغدا.

پاش ڕووخانی ڕژێم‌و هاتنەکایەی کەشێکی نوێ، خانەقین وەکو کەلاوەیەکی وێران دەرکەوت، ئەز بەش بەحاڵی خۆم‌و پاش بوونم بە ئەندام پەرلەمان، لە خولی یەکەمدا، هەوڵێکی ئەوتۆم دا، بە مەبەستی بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی ئەو شارە، یەکێک لەو هەوڵانە وەگەڕخستنی پرۆسەی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی خانەقین بوو، لەوانە: کێڵگەکانی نەفتخانە، ناودومان، چیا سورخ، پیکە... دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نوێ لە نەفتخانەو دامەزراندنی دوو کارگە.. یەکێکیان بۆ بەرهەمهێنانی گازی شل، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی هاوڵاتییان لە سووتەمەنی‌و ئەوی دیکەشیان بۆ بەرهەمهێنانی گازی وشک کە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاردێت.

هەوڵەکانم بە چەندین ئاراستە چڕکردەوە، لەوانە: پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە وەزیری نەوتی عێراق.. پەیوەندیکردن بە لیژنەی نەوت‌و گازەوە لە پەرلەمانی عێراق بە مەبەستی دروستکردنی تەوژمێک بەسەر وەزارەتی نەوتەوە بەو نیازەی قەناعەتی پێ بکرێت، بڕیاری کارا دەربارەی کێڵگەکانی خانەقین بدات، پەیوەندیی‌و پێشکەشکردنی داواکاریی بەهۆی بەڕێز موعتەسەم، بریکاری نەوتی عێراق‌و نوێنەری کورد لەو وەزارەتە.. دوایەمینیان، دانانی ئەم داواکارییە لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری حکومەتی خۆماڵیی لە پارێزگای دیالە، سەرەنجام لە بەرواری (٢٠٠٩/٦/٢٣)وە لە هۆڵی پەرلەمان دوای موداخەلەیەکم، وەزیری نەوتی عێراق بەڵێنی دا، کە ئەم داواکارییەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا جێبەجێ بکات، پاش ماوەیەک وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، بە لێدوانێک سەرلەبەری ئەو پرۆژەیەی هەڵوەشاند، بەڕێزی لەو لێدوانەیدا هۆشداریی بە وەزارەتی نەوتی عێراقی دا، کە نابێت وەبەرهێنانی نەوت لە ناوچەجێناکۆکەکان ئەنجام بدرێت، پاش ئەو لێدوانە شومە چاوم بە بریکاری وەزیری نەوتی عێراق کاک موعتەسەم کەوت، ئەو وتی: دەمانەوێت پرۆسەی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی خانەقین ئەنجام بدەین، بەڵام ئاشتی هەورامی ناهێڵێت!! ئێستا وەزعی ئابووریی – کۆمەڵایەتی خانەقین‌و چوارچێوەی زۆر نالەبارە، بێکاریی لە تەشەنەکردندایە، ناوچەکەش پێویستی بە ئاوەدانی‌و ئاوڕدانەوەیەو کەسانێکیش وەکو وەزیری نەوتی هەرێم بەو لێدوانانەیان باری بژێویی خەڵکەکەیان نالەبارتر کردووە، لێرەدا دەکرێت ئەم پرسیارە بکەین، خەڵکی خانەقین چ تاوانێکیان کردووە تاکو لە ڕابردوو ئێستادا ئەو هەموو نەهامەتییە بچێژن؟

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئاوەدانی نەکرێت‌و خەڵکی ناوچەکەش بزانن کەسانێک وەکو وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، هۆکاریی ئەو پشێویی‌و سەرگەردانییەن، دوایی هەڵوێست لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم وەردەگرن، ناوچەیەکیش ئەگەر ئاوەدانی‌و پرۆسەی وەبەرهێنان تیایدا ئەنجام نەدرێت، تیرۆر تەشەنە دەکات، بێکاریی بەهەمانشێوە، ئیدی ڕەوکردنی خەڵک دەستپێدەکات‌و ناوچەکەش لە هاوڵاتییە کوردەکان چۆڵ دەبێت.

سەرەنجام کاتێک قۆناغی سێیەمی مادەی (١٤٠) جێبەجێ دەکرێت، کە ڕیفراندۆمە، کورد دەیدۆڕێنێت‌و خانەقین‌و دەوروبەریش نایەنەوە سەر هەرێمی کوردستان.




# خۆپیشاندان



کاردۆ محەمەد

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

لە وەرزی نوێدا یەکێک لەو پرۆژانەی کە چاوەڕوان دەکرێت، بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پرۆژەیاسای خۆپیشاندانە، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەبەرئەوەی پرۆژەی جیاواز هەبوو بە مەبەستی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی یەکگرتوو، کە هەموولایەک پەسەندی بکات مشتومڕێکی گەرمی نێو لیژنەکانی لێکەوتەوە.

خۆپیشاندان مافێکی سروشتی‌و دەستوورییە، ڕێکخستنی دەخوازێت یاسایەکی تایبەتی هەبێت، کە ڕەنگدانەوەی سایەی سیستمێکی شارستانیی‌و دیموکراتی بێت، تەماشاکردنی خۆپیشاندان وەک چالاکییەکی مەدەنیی‌و شارستانیی هەر کەس‌و لایەنێکی مەعنەویی بە مەبەستی دروستکردنی ڕای گشتیی لەسەر داواو خواستەکانی بۆ دەستخستنی ئامانجێکی ڕوون‌و دیار دەتوانێ بە شێوازی جیاواز جێبەجێی بکات، شێوازەکانی وەک: (خۆپیشاندانی لەناکاو، ڕێپێوان، مانگرتن، کۆبوونەوەی گشتیی)، لە درێژەی ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان‌و بۆچوونی جیاو ناکۆک لەسەر چەند مادەو بڕگەیەک خۆی زەق کردووەتەوە، وەک مۆڵەت وەرگرتن، یان ئاگادارکردنەوە، کام هێز بەرپرسە لە پارێزگاریکردن؟ کێ بڕیاری بەدەستە، ئەنجومەن، یا سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان.

لێرەدا، ئەوەی ئێمە پێداگیریی لێدەکەین پێویستنەبوونی مۆڵەت وەرگرتنە، تەنیا ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار پێش (٤٨) سەعات لە ناسنامەی ڕێکخەرانی ئامانج‌و شوێن‌و کاتی خۆپیشاندانە، چونکە مافێکی یاسایی‌و دەستوورییەو نابێت پێشگیریی لێبکرێت، لەبەرامبەردا جەخت لەسەر مۆڵەت دەکرێتەوە. بەستنەوەی ئەم مافە بە مۆڵەتدان چالاکیی خەڵک بۆ دەربڕینی بیروڕایان بە شێوازی هێمنانەی مەدەنیی‌و شارستانیی دەخاتە بەر مەترسیی‌و مەنگەنەی سیاسییەوە، جگە لەوەش ئەگەر خەڵکی کوردستان بیانەوێت سەبارەت بە پرسەکانی دیموکراتی نەتەوەیی چالاکیی پشتیوانیکردن ئەنجام بدەن، بێگومان مۆڵەت وەرگرتنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە مۆرکێکی سیاسیی دەبەخشێتە چالاکیی‌و پشتیوانەکانیان، ڕەنگە ببێتە هۆکارێکی گەورەی گرژیی‌و نائارامیی پەیوەندییەکانی وڵاتان‌و هەرێم، لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە بوونی وەک مافێکی دەستووریی‌و یاسایی دوور لە مۆڵەتی فەرمیی لە چالاکییەکی مەدەنیی‌و شارستانیی بۆ دروستکردنی ڕای گشتیی هەر کەس‌و گروپێک تێپەڕ ناکات.

سەبارەت بە بەرپرسیاریی هێزی پارێزگاری خۆپیشاندان، وەک چالاکییەکی شارستانیی‌و مەدەنیی‌و ئاشتەوایی، هێزی بەرپرسیار لە پاراستن‌و سەلامەتی گیانی خۆپیشاندەرانی کەوتووەتە ئەستۆ، پێویستە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بێت، نەک هێزی ئاسایش‌و پۆلیسی چەکدار، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەی نەبێت، ڕەنگە ڕووداوێکی بچووک بەهۆی نەبوونی ڕاهێنان‌و ئامرازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانیانەی ئاراستەی خۆپیشاندان بۆ توندوتیژیی‌و مەترسیی ببات، بەلای ئێمەوە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان هەڵبژێردراوی لایەنی پەیوەندیدارە، نەک سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، خاڵێکی تر جەختی لەسەر دەکەینەوە، فراوانی ڕووبەری ئازادیی‌و داوای خەڵکە، کە هەمیشە بەر پاراستنی بازنەی بەرژەوەندییەکانی حکومەت دەکەوێت، کە بەردەوام لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەدایە، بۆیە ناکرێت ئەم مافە بدرێت بە حکومەت، دەبێت لە هەوڵی کەمکردنەوەی گیروگازدا بین‌و هاوڕابین لەگەڵ پرۆژەیاسای ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کە یاسا ڕێژەییەکان بەرجەستەی ئازادیی‌و دیموکراتیی‌و متفی دەستووریی دەکات، نەک لاساییکردنەوەی نادیموکراتیی‌و داخراو.

# (١٦)گوندی دۆڵی باڵەیان، بەبێ خزمەتگوزاریی سەرەتایین

ئەحمەدباڵەکی

چەندین گوندی دۆڵی باڵەیان، بە دەست نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرتاییەکانی رێگاوبان، کارەباوە دەناڵێننو هاوڵاتییانی ئەو گوندانەش، داوا لە حکومەت دەکەن کە کێشەکانیان بۆ چارەسەربکات.

عەلی حەمەد کە هاوڵاتییەکی دانیشتوی گوندی قەلاتە لە دۆڵی باڵەیان، ئاماژە بەوە دەکات کە وێڕای ئەوەی ناوچەکەیان لانکەی شۆڕش بووە، بەڵام پشتگوێخراونو بە رۆژنامەی راگەیاند: «باڵەکایەتی، لانەکەی شۆڕشو کوردایەتی بووەو خاوەنی چەندین شەهیدی سەرکردەشین، بەڵام لە رووی خزمەتگوزارییەوە، فەرامۆش کراوین».

ئەو هاوڵاتییە پێی وایە کە ئەگەر حکومەت گرنگییان پێ نەدات، ئەو گوندانە روو لەچۆڵبوون دەکەنو بەمەش زیان بە کەرتی کشتوکاڵ دەکەوێت، وتیشی: «لە بەڵێنی بەرپرسە حکومییەکانی ئەم سنوورە رازی نین، چونکە هیچ بەڵێنیکیان بۆ ئێمە نەبردووەتەسەرو تا ئێستا نە کارەبای نیشتمانییو نە ریگاوبانو نە لە رووی تەندروستییەوە کێشەکانمان چارەسەرنەکراونو لەزۆربەی پێداویستییە سەرتاییەکان بێبەشینو داواکارین لەحکومەت کە کێشەکانمان بۆ چارەسەرە بکەن».

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو گوندنشینانە مافی خۆیانە داوای پرۆژەی خزمەتگوزاریی بکەنو لەبەرنامەشماندایە کە رێگای سەرەکیی ئەم گوندانە قیرتاو بکەینو لە داهاتوویەکی نزیکیشدا کێشەی کارەبای نیشتمانییان نامێنێتو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەم ناوچانەدا کە چەندین گرنگییان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، سالآنە سەدان تەن خەیارو تەماتە لەم ناوچانە بەرهەم دێت، جگە لە بەروبومە کشتوکاڵییەکانی تر، ئەم گوندنشینانە کەوتونەتە سەر سنوور، باری ئەمنیی ناوچەکەیان پاراستووەو ئەرکی حکومەتە کە گرنگییان پێبدات».

گوندەکانی دۆڵی باڵەیان، زیاتر لە (١٦)گوند دەبن کە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی قەسرێی قەزای چۆمانن.

## لە کوردستان دەیان گرووپی فشار دروستبوون

# چاودێرێکی سیاسی: میدیای ئازاد بەهێزترین گرووپی فشارە لە کوردستان

چاوان عەلی



لە کوردستاندا چەندین گرووپو رێکخراوی جۆراوجۆرو رۆژنامەی ئازاد هێزێکی فشاریان بە ئاراستەی بەدامەزراوەکردنی دامودەزگاکانی حکومەت پێکهێناوە، چالاکوانێکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنیش پێیوایە: ئەم گرووپانە ئەرکیان قورسە، چونکە سیستمێک نییە لە کوردستان بۆ گوێگرتن.

لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە چەند گرووپو رێکخراوێکی سەربەخۆ، وەک گرووپی فشار لە کوردستان دەرکەوتوون لەپێناو دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانو پیشانی حکومەتو هانی حکومەت دەدات پرۆژەکان جێبەجێبکات.

د.لەتیف شێخ مستەفا، شارەزای بواری یاسایی، جەخت لەسەر پێویستیی ئەو گرووپی فشارانە دەکاتەوە لەو کۆمەڵگەیانەی خۆیان ناودەنێن کۆمەڵگەی دیموکراسی، جا حکومەت چالاک بێت یان کەموکوڕیی هەبێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە دیموکراتییەو لە پێشکەوتندایە.

بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، کە کاتی بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویست بە بوونی گرووپی فشار ناکات، حاکم شێخ لەتیف لەم بارەیەوە دەڵێت: «راستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پیشەییەکانیش جۆرێکن لە گرووپی فشار، بەڵام پێویستە کارابکرێنو بە ئەرکی خۆیان هەستن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم رێکخراوانە لە کوردستان بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستەمۆ کراونو ئەرکی خۆیان نابینن، هەر بۆیە گرووپو دەستەی فشاری جۆراوجۆر دروست دەبن».

زۆر گرووپو رێکخراو لە کوردستان هەن، لە نوێترین ئەو هەوڵانەش کە دراوە، مۆڵەت وەرگرتنی رێکخراوێکی سەرتاسەرییە لە کوردستان بەناوی (رێکخراوی کاری شەفافیەت بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی لە کوردستان)، کە بنکەی سەرەکی لە سلێمانی دەبێتو لە هەموو کوردستان کاردەکات.

لەنێو ئەو گرووپانەی دیکەش کە لە ئێستادا کاردەکەن، لە رانیە چەند دەستەیەک سەریانهەڵداوە، لەوانە دەستەی هاوکاریی رانیە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە کۆمەڵێک گەنجی هەڵسوڕاوو چالاک پێکهاتووە، دەستەی خەمخۆرانی رانیەش ئەمساڵ دروستبووە لە ریش سپیو پیاوماقوڵانو کەسایەتییەکانی رانیە پێکدێن.

خەلیل عەلی، چالاک لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی لە رانیە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، کە سەردانی دامودەزگاکانی حکومەت دەکەنو کێشەو داواکارییەکانی خەڵک بە حکومەت دەگەیەنو سەرپەرشتیو چاودێریی باشی بەرێوەچوونی ئەو پرۆژانە دەکەن کە لە رانیە ئەنجام دەدرێن.

لە زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەش ئەزموونی گرووپی فشار بۆ سەر حکومەت سەریانهەڵداوە، لە ناوچەی شارەزوورو گەرمیانو چەندین ناوچەی دیکەو تەنانەت لە شارەکانیش، بەڵام هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کاتیی پێکهێنراونو نەماون.

لە دەڤەری گەرمیانیش لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە چەندین هەوڵی تێدا دراوە بۆ پێکهێنانی گرووپو رێکخراوی فشار، بەڵام ئەوانەی کە ماونەتەوەو کاردەکەن لە ئێستادا لە دەربەندیخانو کفریو کەلارو ناوچەکانی سنووری خانەقین، (گرووپی گەنجانی بوێر، گرووپی بە دژاچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان، کۆمەڵەی پەیامی گەرمیان، دەستەی هەنگاو ...هتد)، ئەمانەش وەک ناسیاو محەمەد، ئەندامی گرووپی بە دژاچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان، جەختی لەسەر کردەوە، هێزێکی فشاریان بە ئاراستەی بەدامەزراوەکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دروستکردووەو کارەکانیان چڕکردووەتەوە لەپێناو داکۆکیکردن لە مافی خەڵکو ویستوویانە چەندین کەس بدەنە دادگاو لە شارەوانییەکانی کەلارو کفری دەستیان بە هەندێک بەرپرس لەکار کێشاوەتەوەو گوشاریان لەسەر زانکۆ کردووە، کە دەسەڵاتی حیزبو حکومەت لە زانکۆ جیابکرێتەوە.

لە گەرمیانو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش زۆر ئاستەنگ دێتە بەردەم ئەم گرووپانەو زۆرکات مەسەلەی خێڵەکیو دابو نەریتو مەسەلەی مادیی کاریان تێدەکات، چونکە گرووپی فشار نابێت دەسەڵات دروستی بکات، بەڵکو ئەم گرووپانە خۆیان لەناو کۆمەڵەوە دروست دەبنو فشار لەسەر حکومەت دروست دەکەن بە ئاراستەی باشترکردنی کارەکان.

لەم بارەیەوە عەدنان قوربانی، ئەندامی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەرمیان، هۆکاری دروستبوونی ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەمانە هەموو ناحکومینو سەر بە هیچ پارتێکی سیاسیش نین، کاتێک کار بۆ دروستکردنی فشاردەکەن، حیزب لە بەرامبەردا هەوڵدەدات ئەمانە بخاتەوە ژێر دەستی خۆی، چونکە نایەوێت ئەم گرووپو رێکخراوانە هەبنو لە دەرەوەی حیزبەکان پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەبێت.

لەبەرامبەردا شۆڕش ئەمین، رێکخەری فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو بڕوایەدایە کە زۆرێک لەو گرووپانەی بەناوی دەستەو گرووپی فشارەوە دەرکەوتوون، لەلایەن حیزبەوە پشتگیریی دەکرێن، زۆرێک لەوانەی کە بانگەشەی دژە گەندەڵیی دەکەن خۆیان دەستی حیزبیان لە پشتەوەیەو بە ملیۆنەها دیناریان وەرگرتووەو باسیشی ناکەن.

ئەم گرووپانە لەگەڵ ئەوەی بوونیان پێویستەو کاری باشیشیان کردووە، بەڵام بە وتەی چالاکوانانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم گرووپانە بێ کەموکوڕیی نینو هەندێک کات رێکخراو نینو ئیشی تاکەکەسی ئەنجام دەدەن، چاودێرانی سیاسیش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی ئەزموون دەگەڕێننەوە، کامەران مەنتک، پێیوایە: گرووپی فشار لە کۆمەڵگەی کوردی وەک مۆدێلێک سەریهەڵداوەو زانیاریو ئەزموونی تەواو نییە لەسەر شێوازی کارکردنیو رەنگە ئەو کەسانەی کە گرووپەکانیش پێکدێنن خۆشیان بەتەواوی لە مانای کارکردنو شێوازی کارکردنی ئەو گرووپانە تێنەگەیشتبن، بێگومان ئەمانەش هۆکار دەبن تا ئەو گرووپانە نەتوانن بەتەواوی بەکاری خۆیان هەستن.

لە سلێمانیش لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بزووتنەوەی هەتاکەی پێکهات، بەڵام پاش ماوەیەک نەما، شۆڕش ئەمین، کە هاوکات ئەندامی بزووتنەوەکەش بوو، روونیکردەوە کە بزووتنەوەی هەتاکەی وەک هێزێکی فشاری کاریگەر لە کاتێکی زۆر باشدا دروستبوو، بەڵام لەلایەن حیزبو لایەنەکانیشەوە دژایەتی دەکرانو سەرەتا رووبەڕووی پەرلەمان بووەوە، بەڵام پەرلەمان ئاسایشیان ئاگاداردکردبووەوە کە رێگەمان پێنەدەنو لە هەر شوێنێک ببینرابنایە دەستگیردەکراینو چەند کەسێکیان لێ دەستگیرکردین.

بە وتەی شۆڕش ئەمین، دواتر کە بزووتنەوەی گۆڕان دروستبوو، هەستمان کرد کە ئەو ئامانجەی ئێمە لەپێناوی کاردەکەین، ئەوان دەتوانن درێژەی پێبدەن.

ئەندامەکەی بزووتنەوەی هەتاکەی ئاماژەی بەوەشکرد: هەتاکەی وەک بزووتنەوە نەماوە، ئەگەرنا ئەو کەسانەی کە پێکیانهێنابوو ئێستا لە فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو چەندین بزووتنەوەو رێکخراوی هاوشێوە درێژە بە کارەکانیان دەدەن.

ئێستا لە کوردستان کە باس لە گرووپی فشار دەکرێت، تەنیا باس لەو دەستەو گرووپو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، کە دروستبوون، لە کاتێکدا رۆژنامەی ئازاد دەتوانێت بەهێزترین فشاربێت لەسەر حکومەت، کامەران مەنتک، مامۆستای زانکۆو چاودێری سیاسیی، هۆکاری ئەو تێگەیشتنەی گەڕاندەوە بۆئەوەی، کە رەنگە تائێستا ئەوە روون نەبێت کە تەنیا گرووپو رێکخراو نابنە هێزی فشار، بەڵکو وەک لە ئێستادا لە کوردستان دەبینرێت رۆژنامەی ئازاد بەهێزترین گرووپی فشارە لەسەر حکومەت.

پێدەچێت کاریگەریی رۆژنامەی ئازاد لەو گرووپی فشارانە زیاتر بێت، چونکە دەبینین هەمیشە حکومەتو دەسەڵات لە سەرنگەردان بۆ میدیای ئازاد، بەپێچەوانەوە کەم کات لەگەڵ گرووپی فشارەکانی دیکە رووبەڕووی کێشە دەبنەوە، ئەو چاودێرە سیاسییەش دەڵێت: «لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ناکرێت حکومەتو دەسەڵات لەگەڵ رۆژنامەی ئازاد کۆک بن، هەمیشە لە سەنگەردان بۆی، چونکە رۆژنامەی ئازاد چاوی خەڵکەو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات دەخاتەڕوو، رۆڵی پارێزەری خەڵک دەبیننو ئەمەش بڵاودەکرێتەوەو دەبینرێت».

پەرلەمانی کوردستانو بەتایبەت لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنیش، کە پێویستە هاوکارو دەنگی ئەو گرووپانە بن، بە وتەی دانا سەعید سۆفی، سەرۆکی لیژنەکە، داواکاریی ئەو گرووپانە جیاوازنو زۆریان لە رێگەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن، بەڵام وەک لیژنە پەیوەندیمان هەیەو پشتگیریی لە کاری ئەو رێکخراوانە دەکەین، لە ئێستاشدا کار بۆ پەسەندکردنی یاسایەک بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت تا کارەکانیان بە یاسایی رێکبخرێتەوە.

لەگەڵبوونی چەندین رێکخراووگرووپو رۆژنامەی ئازاد، کە هێزێکی فشارن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تا چەند حکومەتو دەسەڵات گوێ دەگرنو کار بەو هەوڵانە دەکەن، کە وەک شۆڕش ئەمین، رێکخەری فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەڵێت: لەبەرئەوەی سیستمێک نییە لە کوردستان بۆ گوێگرتن، زۆرێک لە بەرپرسانی حیزبیو حکومیی «گوێناگرنو کوێرنو نابینن»، هەندێکیشیان هاوکارنو گوێگرو بینەری باشنو هەوڵدەدەین لە رێگەی ئەو کەسانەوە کاربکەین».



# کاکی وەزیر: کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟

خالید رەزا – هۆڵەندا

پرسی نــەوت بــووەتــە باسی رۆژ. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، رۆژنامەنووسە سەربەخۆکانو کۆمەڵانی خــەڵــک بەگەرمیی دوای ئــەم کەیسە کەوتوون.

نەوت رەگەزێکی ستراتیژیی‌و گرنگە بۆ دروستبوونی هەر کیانێکی نەتەوەیی، بەتایبەت بۆ گەلێکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، بەعسییەکان هەمیشە ئەو قەوانەیان لێ دەدایەوە، کە بۆیە رێگە نادەن کەرکوک بخرێتە سەرناوچەی ئۆتۆنۆمی، چونکە دەبێتە بنچینەی ئابووریی بۆ دروستکردنی دەوڵــەتــی کــوردی‌و جیــابــوونــەوەی کوردستان! مەجلیسی قیادەی سەورەی حیزبی بەعس ساڵی (١٩٧٢) نەوتی عیراقی خۆماڵیی (تامیم) کردوو هەمووی کردە موڵکی دەوڵەتی عێراق.

ئێستا، کە کورد خاوەنی سەرچاوەی بیرەنەوتی خۆیەتی، با بزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە کردووە.

پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی نۆبەیی د.کەمال فوئاد، لە ٢٠٠٤/٩/٢٨ یاسای ژمارە (٣٨)ی لەژێر ناوی (یاسای دەستەی گشتیی نەوت‌و گازو پیترۆکیمیاییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەرکرد، ئەم یاسایە لە یانزە مادە پێکهاتووە، پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمدا بە سەرۆکایەتی عەدنان موفتی، لە رۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٣ یاسای ژمارە (٢١)ی دەرکرد بە ناوی ( یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان– عێراق)، کە لە (٩) مادە پێکهاتووە، هەر لە هەمان خولدا پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیــران لە دانیشتنێکی نائاساییدا لە بــەرواری ٢٠٠٧/٨/٦ یــاســای ژمارە (٢٢)ی دەرکرد لەژێر ناوی ( یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستانی–عێراق )، کە لە (٦١) مادە پێکهاتووە. بەپێی برگەی یەکەم لە مادەی شەشەمی یاسای ژمارە (٢١)، یاسای ژمارە (٣٨) هەڵوەشێنراوەتەوەو لەناو پەیکەری وەزارەتدا جێیکراوەتەوە، بەپێی برگەی دوو لە مــادەی شەشەمی هەمان یاسا، دەزگای گشتیی بەرێوەبردنی پــرۆژە تایبەتییەکانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، کە لە ٢٠٠١/٨/٧ دامەزراوە، هەڵوەشێنراوەتەوەو خراوەتە ناو وەزارەتەوە.

یاسای ژمارە (٢٢) فراوانترین یاسایە بە بەراورد لەگەڵ یاسای ژمارە (٣٨ و ٢١)، جا با بزانین ئەم یاسایە چۆن پێناسی نەوت، داهات، ئەنجومەنی هەرێم بۆ پرسی نەوت .. دەکــات، ئەی وەزیر چۆن لەگەڵ دەقە یاساییەکان مامەڵەی کردووە؟

برگەی یازدە لە مادەی یەکەم: نەوت: هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتی، یان هەر هیدرۆکاربۆناتیکی تێکەڵاوی سروشتی، چ لە دۆخی گازی، یان شلی بێ ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکەی.

برگەی دوازدە لە مادەی یەکەم: نەوتی خــاو: هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی شل لە دۆخە سروشتییەکەی، یان لە گازی سروشتییەوە بەهۆی خەستکردنەوە یان هــەر هۆکارێکی پووختکردنی دیکەوە بەرهەمهێنرابێت.

لە هیچ یەکێ لە مادەو برگەکانی هەر (٦١) مادەکەدا شتێک، یان پێکهاتەیەک نادۆزیتەوە کە ناوی نەوتی رەش بێت!! بۆیە هەر پێکهاتەیەکی نەوت کە بفرۆشرێت، دەچێتە خانەی داهاتی نەوت، یان نەوتی خاو!

بــرگــەی (٣٠) لــە مـــادەی یــەکــەم: داهاتەکان: داهاتەکانی حکومەتی هەرێم کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدەستدەکەون، لەوانەش فرۆشتنی نەوت‌و گازو موڵکانەو پاداشتی ئیمزاکردن‌و بەرهەمهێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی لەنێوان کۆمپانیا بیانییەکان‌و ناوخۆییەکان بەستراوە.

**ئایا وەزیری نەوت بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی هەرێم، چۆن دەتوانێت موڵکانە وەربگرێت؟ ئەگەر ئەنجومەنی هەرێم پێکنەهێنراوە، ئەی دەسەڵاتی لە کێ وەرگرتووە؟ کێ دەزانێ بایی چەند ملیار دۆلار گرێبەست کراوە؟ داهاتی موڵکانە لەو گرێبەستانە چەندە؟ ئایا لانیکەمی، کە لە (١٠٪)یە وەرگیراوە یان زیاتر؟ ئەی ئەو داهاتە لای کێیە؟ چۆن‌و بۆچی سەرفکراوەو خەرج دەکرێت؟**

برگەی (٣١) لە مادەی یەکەم: موڵکانە: رێــژەیــەک لە نەوتی بەرهەمهێنراو کە مسۆگەرە، بۆ حکومەتی هەرێم لە ناوچە گرێبەستەکەدا دابیندەکرێت، رێژەی سەدی موڵکانە (Royalty)یش وەک لــە برگەی (٥)ی مادەی (٣٧) دیاریکراوە نابێت لە (١٠٪) کەمتر بێت.

ئــەوەی جێی سەرنجە لــە برگەی دووەمی مادەی (٤١)دا باسی ئەوە دەکات، کە وەزارەتــی نــەوت دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی هەرێم، ئینجا دەتوانێ موڵکانە بە عەینی، یان بە کاش بەپێی مەرجەکانی گرێبەست وەربگرێت، ئەویش بە مانگانە، یان وەرزانە.

کەچی موڵکانەکە باس لە رێژەیەک لە نــەوت دەکــاتو باسی (کــاش)ی تێدا نییە! برگەی سێیەمی هەمان مادە دەڵێت: وەرگرتنی بــڕە پارەکانی لە موڵکانە پەیدادەبێت بەپێی نرخەکانی بــازاڕی جیهانیی نەوت دەبێت! پرسیار ئەوەیە، ئایا وەزیری نەوت بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی هەرێم، چۆن دەتوانێت موڵکانە وەربگرێت؟ ئەگەر ئەنجومەنی هەرێم پێکنەهێنراوە، ئەی دەسەڵاتی لە کێ وەرگرتووە؟ کێ دەزانێ بایی چەند ملیار دۆلار گرێبەست کراوە؟ داهاتی موڵکانە لەو گرێبەستانە چەندە؟ ئایا لانیکەمی، کە لە (١٠٪)یــە وەرگیراوە، یان زیاتر؟ ئەی ئەو داهاتە لای کێیە؟ چۆن‌و بۆچی سەرفکراوەو خەرج دەکرێت؟ موڵکانەکە، لە کام بانک، یان لە کام ئەشکەوت‌و لە چ ژێرزەمینێکدایە؟

بــرگــەی (٣٣) لــە یــاســای (٢٢): سندوقی ژینگە: ئــەو سندووقەیە کە داهاتەکان لەخۆدەگرێت‌و بەپێی ئەم یاسایە دیاریدەکرێت‌و بەڵێندەرەکان بە بەشداریکردن تێیدا بەپێی مەرجەکانی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان‌و بەپێی مادەی (٣٧) لەم یاسایەدا پابەند دەبێت.

بەڵام بەگوێرەی برگەی (١٠) لە مادەی (٣٧) هیچ رێژەیەکی سەدی دیارینەکراوە بۆ کۆمەکی سندوقی ژینگەو تەنها باسی ریکەوتن دەکــات! کــام رێکەوتن؟ هی ژووره تاریکەکان؟ ئەمەش دەریدەخات کە دەسەڵاتی کوردی چەند پرسی پاراستنی ژینگەیان لا بێ نرخە!!

جێگری ســەرۆکی پارتی، نێچیرڤان بــارزانــی، لە چاوپێکەوتنێکیدا کە لە رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٥ لە رۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکراوەتەوە بە قاچاخبردنی نەوتی رەش بە خزمەتکردنی ژینگە لێکدەداتەوەو دەڵێت: «نەبردنە دەرەوەی کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر ژینگە»، ئەگەر بە قسەی ئەم زاتە بێت، ئەوا دەبێ وڵاتە یەکەمەکان لە هەناردەکردنی نەوتدا ئێستا وێرانەو کەلاوە بن‌و مێشومەگەز تێی دابــن! بۆ ئەوەی کوردستانیش بەدەردی ئەوان نەچێت، بۆ خزمەتی ژینگەی کوردستان نەوتە رەشە ئێسک قورسەکە هەر بۆ ئاودیوکردن باشە!

بەپێی مادەی چوارەم لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ئەنجومەنی هەرێم بۆ پرسی نەوت پێکدێت لە:

١– سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیــران– سەرۆک

٢– جێگری ســەرۆکــی ئەنجومەنی وەزیران– جێگر

٣– وەزیری سامانە سروشتییەکان– ئەندام

٤– وەزیری دارایی‌وئابووریی– ئەندام

٥– وەزیری پلاندانان – ئەندام

مادەی (٥)ی هەمان یاسا ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەی بەمجۆرە دیاریکردووە:

١– دانانی پرەنسیپەکانی گشتیی بۆ سیاسەتەکانی نەوت‌و پلانی بەدواگەڕان‌و پەرەپێدانی کێڵگەکان لە هەرێمدا لەگەڵ هەموارکردنیان.

٢– پــێــدانــی رەزامــەنــدیــی بــۆ ئەو گرێبەستانەی تایبەتن بە پرۆسەکانی نەوت.

٣– دیاریکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لە هەرێمدا بەشێوەیەک لەگەڵ برگەی دووەمی مــادەی (١١٢)ی دەســتــووری فیدراڵیی بگونجێت.

جێی خۆیەتی ئێستا پرسیار لە هەریەکە لــەو (٥) کەسە بکەین، کە بە ســەرۆک وەزیران دەستپێدەکات‌و بە وەزیری پلاندان کۆتایی دێت، ئەرێ بەراست کەستان جگە لە وەزیری نەوت ئاگاتان لە گرێبەستەکانی نەوت‌و داهاتەکانی هەیە؟ ئەگەر بەڵێ، ئەی کوا؟ گەر نا، ئەی بۆ بێدەنگن؟

کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان‌و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن پرسی ئاودیوکردنی نەوتی کوردستانیان وروژاندو داوایانکرد داهاتی ئەو قافلە درێژانەی تانکەرە نەوتەکان ئاشکرا بکرێت، ئیترسەرۆکی هەرێم لەژێر ئەم فشارانەدا داوای لە حکومەت کرد سنوورێک بۆ بەتاڵانبردنی نەوت دابنێن! ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاری دەرکردو بەقاچاخبردنی نەوتی قەدەغەکرد. دواتر هەردوو حیزب هاتنە سەرخەت‌و قافڵەی تانکەرەکان درێژتر بوون‌و کار گەیشتە ئــەوەی ســەرۆکــی حکومەت بەئاشکرا باسی ئەوە بکات، کە ئەم مەسەلەیە ئاسان نییە، چونکە لە بــەرژەوەنــدیــی گــەورە کاربەدەستانی هەرێم دەدرێت!!

سەرۆک کۆماری عێراقیش لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی ٢٠١٠/٨/١٣ لە شاری هەولێر، کە قسەی بۆ راگەیاندنەکانی پارتی‌و یەکێتی کرد، نکۆلیی لە بەقاچاخبردنی نەوت کردو بە پڕوپاگەندەی زاڵمانەی ئۆپۆزسیۆنی ناوبرد، بێئەوەی بۆمان روونبکاتەوە کە ئەو ملیۆنان دۆلارەی لەم کەین‌و بەینەدا دەستیان دەکەوێت چەندەو چۆنە؟ تەنیا ئەوەندەی وت؛ داهاتەکەی دەچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی فیدراڵیش لە (١٧٪)کەی بودجەی هەرێمی دەبڕێت!! کەچی وەزیری دارایی کە لەسەر لیستی یەکێتییە لە دەیان بۆنەدا بێئاگایی خۆی لەو داهاتە پیشانداوە!

مەلابەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، وەک ماڵپەڕی ستاندەرد لە رۆژی ٢٠١٠/٨/١٦ بڵاویکردووەتەوە، دان بە ئاودیوکردنی نەوتی هەرێمدا دەنێت، بەڵام ئەم قاچاخچێتییە لە ئەستۆی حیزبەکەی دادەماڵــێ‌و دەیخاتە ملی کۆمپانیاکانی نــەوت! نێچیرڤان بــارزانــی، سەرۆکی کابینەی پێنجەم‌و جێگری سەرۆکی پارتی، لە دیمانەیەکدا کە لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە لە ٢٠١٠/٨/٢٥ بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات، کە ئەو نەوتە قاچاخ نییەو بەرۆژی رووونــاک بە تانکەر دەبرێت‌و حکومەت دەیفرۆشێت! پارەکەشی کە لەو ئاتەڵ‌و واتە لە دەستکەوتووە بە (٢٠٠–٢٥٠) ملیۆن دۆلار قەبڵاندوویەتی؟ ئێ ئەگەر ئەم نەوتە بەقاچاخ نابرێت، خێرە وا سەرۆکی هەرێم داوای ریگرتنی دەکات‌و سەرۆکی کابینەی شەشەم د.بەرهەم، بڕیاری ســزادان بۆ قاچاخچییانی نــەوت دەردەکــات؟ گەلۆ سەیرە سەرۆکی کابینەی پینج ئاگای لەو داهاتەیە، کەچی د.بەرهەم ئاگای لێ نییەو وەک لە بانێکی بەربدەیتەوە وایە!!

وەزیــری نەوتیش یەکەمجار حاشای کرد کە نەوت ئاودیوبکرێت‌و بەڵێنیدا ئەگەر سەلمێنرا نەوت ئاودیوکراوە، ئەوا دەست لەکار دەکیشێتەوە!! دواتر بای دایەوەو وتی: داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتە لە حسابی تایبەتدا لە وەزارەتی دارایی دانراوە! کەچی بەڵێنی دەستلەکارکێشانەوەکەشی نەبردە سەر.

وەزیــری دارایــی بایز تاڵەبانیش، ئەم قسەیە بە بێ بنەما دەزانێ‌و رایگەیاند؛ یەک دۆلاری نەوت لای ئەو نییەو ئاگای لە وەها حسابێکیش نییە!! وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، بەپێی مادەی چوار دەبێت سەرۆک وەزیران سەرۆکی ئەنجومەنی نەوت بێت‌و هیچ شتێک بەبێ ئاگاداریی ئەو نەکرێت! وەزیری دارایی‌و پلاندانانیش ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن‌و کەچی ئاگایان لە مەحموی بێ زەواڵ نییە!

رۆژی (٢٦)ی ئابی (٢٠١٠)، د.رۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (السومریە نیوز)، بە پێچەوانەی نێچیرڤان بارازنی، پرۆسەی رێکخراوی تاڵانکردنی نەوتی خستە ملی ئەوانەی لەسەروو یاساوەن. دکتۆر راست دەکات، ئێ خۆ دیارە کێن ئەوانەی لەسەروو یاساوەن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە هاوڵاتییانی کوردستان وەک رەعیەتی خۆیان تەماشادەکەن!

پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە رۆژی ٧–٩–٢٠١٠ لە ماڵپەڕی خەباتدا (شتێک)یان بڵاوکردووەتەوە بەناوی (نە شەهرستانی‌و نە هاوشێوەکانی ناتوانن بەهیچ شێوەیەک تەگەرە بۆ رێــڕەوی سیاسەتی نەوتی هەرێم دروستبکەن). پارتی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی کەوتووەتە بەخشینەوەی تۆمەتی ئــەوەی کە ئــەوانــەی کەیسی تاڵانکردنی نەوتیان خرۆشاندووە خزمەتی دوژمنانی کورد دەکەن! ئەم تۆمەتەشیان داوەتــە پاڵ ئۆپۆزسیۆن! مــادام پارتی خۆی بە حیزبی حاکم دەزانێ حەق نەبوو بوختانی وای بۆ ئۆپۆزسیۆن هەڵبەستایە. ئەم زمانی تۆمەت بەخشینەوەیە سەردەمی بەسەرچووە، خەڵک دەزانێت کێ خەمخۆرو کێ بەرخۆرە!

ئەم قسەو لێدوانە دژبەیەکو ناماقوڵانە تەنیا شتێکمان پێ دەڵێت: ئەویش پاشا گــەردانــیــی، بــێ خــاوەنــی ئــەم وڵاتــەو دروستبوونی گروپی مافیاییە لە سایەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوادا.

لە سیناریۆیەکی گاڵتەجاریشدا، دەسەڵات پڕوپاگەندەی ئەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکەن، کە ئۆپۆزسیۆن دژی دەرهێنان‌و فرۆشتنی نەوتن!

لەڕاستیدا ئەم قەوانەشیان وەک هەموو سیاسەتەکانی تریان بۆ فریودانی کۆمەڵانی خەڵکە! خەڵکیش مەحوی نەمر گوتەنی؛ شکور هۆشیارن تــێ دەگــەن هەمووی خەراباتە!

لە بەرامبەر ئەم بوختان‌و دیماگۆجیەتەی دەسەڵاتدا، محەمەد تۆفیق رەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گــۆڕان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی رۆژنامە دەڵێت: «بزووتنەوەی گۆڕان بە مافی حکومەتی هەرێمی دەزانێت نــەوت دەربهێنێت، بــەڵام بە مەرجێک پرۆسەکە شەفافانە بەرێوەبچێت‌و داهاتەکەی ئاشکرابێت».

بێگومان ئەم داوایــە داوای خەڵکی کوردستانیشە، ئەم نەوتەی کە ئێستا تاڵان دەکرێت، دروست وەک پەندی مریشکەکەی لێهاتووە، پارەی نەوتی دووزەردێنە بۆ گیرفانە قوولەکانی هەردوو حیزب! تۆزو رەشاوی قیر، خراپکردنی جادەوبانەکان، پیسکردنی ژینگە، شێلانی هاوڵاتییان لە لایەن قافڵەی تانکەرەکانەوە، بەدناوکردنی تەجروبەی کوردستان، لە دەستکەوتە زێرینەکانی بەرهەمی سامانی ژێرزەوین بۆ خەڵکی رەشوڕووتی کوردستان!

ئاشتی هەورامی، وەزیــری نــەوت لە کــۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی ٢٠١٠/٨/١٩ دا، دەڵێت: «دەبێت ئەوانەی بە نەشارەزایی کەیسی نەوتیان ورووژانــدووە داوای لێبوردن بکەن».

ئێستا با بپرسین کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی داوای ئاشکراکردنی کۆنتراکتەکانی نەوت دەکەن؟ یان ئەوانەی گرێبەستەکان لە تاریکی ژوورەکــانــدا دەشارنەوە؟ کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی داوای وەستانی پرۆسەی مونەزەمی فەرهودکردنی نەوت دەکەن؟ یــان ئــەوانــەی کە شـــەووڕۆژ پرۆسەی ئاودیوکردنی نەوت درێژە پێدەدەن؟ کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی دەیانەوێت یاساکانی پەرلەمان کاریان پێبکرێت‌و یاسا سەروەر بێت؟ یان ئەوانەی یاساکان پیشێل دەکەن؟ کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی داوای ئاشکراکردنی داهاتی فرۆشتنی نەوت، داهاتی سندووقی ژینگە، داهاتی موڵکانە دەکەن؟ یان ئەوانەی کە ئەم داهاتانەیان لە گیرفانە قووڵەکاندا شـــاردووەتـــەوە؟ کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی داوای ئاشکراکردنی ئەو چەند ملیار دۆلارەی بەناوی شیرینی کۆنتراکتی نــەوتــەوە وەرگــیــراوە؟ یان ئەوانەی ئەو ملیاران دۆلارەی لوش داوە؟

بەڵێ ئەرکی بێ چەندوچوون، ئەرکێکی نیشتمانیی، نەتەوەیی، ئەخلاقی‌و دینیی ئۆپۆزسیۆنە تا ئاشکراکردنی دۆلار بــەدۆلاری داهاتی نەوت‌و هێنانەوەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت، واز لەوانە نەهێنێت کە داهاتی ئەم وڵاتە تاڵان دەکەن، دنیایەکی سەیرە، داواکــەی کاکی وەزیــر دروست پەندی دزوخاوەنماڵمان بیر دەخاتەوە، تا بەشەکانی تر جارێ بە دۆعا.

khalidramin@live.nl

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شــاخــەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# نەوتو ئاسایشی نەتەوەیی کورد



ئازاد چالاک

هەتا کورد نەوتی دەرنەدەهێنا، بەدەگمەن بەرپرسانو سیاسەتمەدارانی کورد، بیریان دەکەوتەوە کە شتێک هەبێت، ناوی ئاسایشی نەتەوەیی کورد بێت، هەربۆیە هەموو شتێک لەم هەرێمە ئاسایی بوو، تەنانەت شەڕی براکوژیو قڕکردنی یەکتر کارێکی یاساغ نەبوو و هەمووان بە ویستی خۆمان بێت، یان نا دابەشبووینو دوای ئەو سیاسەتە کەوتینو خۆمان بەباشو ڕەواو هەموو ناحەزەکانیشمان بەخراپو خائین لەقەڵەم دەدا.

ئەگەر بێتو ئاوڕێک لە مێژووی خەباتی زۆرێک لە حیزبە کوردییەکان بدەینەوەو سەرپێییانە هەڵوێستو بڕیارە چارەنووسسازەکانی سەرانی کورد هەڵسەنگێنین، دەبینین کە سەرکردەکانمان ئەوەی کە بیریان لێ نەکردبێتەوەو حسابیان بۆ نەکردبێت، مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی کورد بووە، هەربۆیە دەبینین کە زۆر بەئاسانی ئامادەیی تەواویان هەبووە کە نەک جارێک، بەڵکو چەندین جار خۆیان بخەنە باوەشی داگیرکەرو دوژمنەکانیانەوەو بەئاشکراو بەنهێنی پەیوەندیی گوماناوی جۆراوجۆر لەگەڵ دەزگا سەرکوتکەرو موخابەراتییەکانیان دروست بکەنو دایم ئەو بیانووشیان بەدەستەوە بووە کە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی خۆیانو حیزبەکانیان هەبووە، بۆیە بەناچاریی پەنا بۆ ئەم دوژمنو ئەو داگیرکەر دەبەنو دەستیان رادەکێشن بۆ سەر خاکو نیشتمانەکەیان، بۆ سەر هاوڵاتییانو برا شۆڕشگێڕە نەیارەکانیان.

ئەوەندەی ئەم پەیوەندییە گوماناوییانە لای سەرانی کورد گرنگ بووە، یەکڕیزیی گەلو پاراستنی سامانی سروشتیو مرۆییان لا گرنگ نەبووەو بەڵگە موخابەراتییەکانی عێراقو (بەدڵنیاییشەوە وڵاتانی بێگانەش) ئەوە دەسەلمێنن، کە چەندین بەرپرسی کورد ئەزموونێکی تاڵی دەرباری بێگانەو فایلداری ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی هەیە.

سەیر لەوەدایە ئەمڕۆ دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتو زەوتکردنی سامانی میللیو نەتەوەیی، بەرپرسانی کورد بیریان کەوتووەتەوە کە مەسەلەیەک هەیەو پێی دەوترێت، ئاسایشی نەتەوەییو ئەم ئاسایشە گرنگو مەترسیدارەش، دوای دەرهێنانی نەوتو بەتاڵان فرۆشتنی هاتووەتەکایەوە، کە باسکردنیانو داوای زانیاریکردن لەسەر بڕو جۆرو چارەنووسی ئەو داهاتە، بووەتە بڤەو هۆی لەرزاندنی کۆڵەکەی ئاسایشی هەرێمو خزمەتکردنی شۆڤێنیزمی عەرەبیو خەنجەرلێدانە لەسیاسەتە سەرکەوتووەکانی هەرێم!.

هەربۆیە بەڕێزان، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمو سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەریەک بەجۆرێک بەرەنگاری ئەو دەنگو قەڵەمە ئازادانە دەبنەوە، کە بوێرانە ئەم مەسەلەیە دەوروژێننو داوای ڕوونیو چارەنووسی ئەو داهاتە میللییە دەکەن، کە نایەتە بودجەی هەرێمەوەو بەهیچ شێوەیەک بۆ بەرژەوەندیی هاوڵاتییان بەکارنەبراوە.

یەکێکیان دەیەوێت لەژێر ناونیشانی ئاسایشی نەتەوەییدا بمانترسێنێتو چەواشەمان بکاتو ئەوی دیکەشیان بەدڵنیاییو متمانەیەکی زۆرەوە داوای یەک ملیار دۆلاری لەسەر ڕۆژنامە تۆماردەکاتو ڕۆژنامە ئازادو ئەهلییەکان بۆ هەولێر ڕاپێچ دەکاتو دەیەوێت پێمان بڵێت، کە پارتی بەدڵنیاییەوە لەهەولێر هەموو ئەو کەیسانە دەباتەوە! بۆیە تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش وازهێنانە لەباسکردنو ڕووژاندنی کەیسی نەوتو داهاتەکەی.

بەڵام، ئاخۆ بەڵگە ڕەسمییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، چۆن باس لەو سامانە دەکەنو چۆن مامەڵەی پێوە دەکەنو چۆن دەیفرۆشنو بۆ قازانجی کێ؟

بەپێی بەڵگە فەرمییەکان:

١- نزیکەی (٨٠)پاڵاوگەی بچووک هەن کە بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دانراونو زۆربەی بەرهەمەکانی نەوتی ڕەشو نەفتایە.

٢- سێ پاڵاوگەی بنەڕەتی لەناوچەی زاخۆو خەباتو بازیان هەن، کە لە (٥٠٪)ی بەرهەمەکانی نەوتی ڕەشەو ئەوەی دەمێنێتەوە نەوتی سپیو نەفتاو گازوایلەو هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دیزاینی ئەو پاڵاوگە بنەڕەتییانە.

٣- جگە لەو بەشە فەرمییەی نەوتو نەوتی ڕەش کە هی هەرێمە، بە ڕێگای نایاسایی لەپارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە، نەوتی ڕەش دێتە هەرێمی کوردستان.

٤- لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) دەرکردووە، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەپێی بەڵگە فەرمییەکانی خۆی، بەپێی یاسای فرۆشتنو بەکرێدانی سامانی دەوڵەت، بە ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) کاردەکات، نەک یاسای پەرلەمانی کوردستان، کە تیایدا کۆمپانیایەک دەستنیشانکراوە بۆ فرۆشتنو دیاریکردنی نرخی نەوت.

٥- بەپێی مەرجەکانی لێکزیادکردنی ئاشکرا، پێویستە هەر بەڵێندەرێک، ڕۆژانە (٨٥٠٠) تەن نەوتی خاو لەکێڵگە نەوتییەکانی تاوکێ، (٣٠٠٠) تەن لە تەقتەقو (٥٥٠٠) تەن ڕۆژانە بار بکات وەک بەرزترین ئاستو دابەشی بکات بەسەر پاڵاوگە بچوکەکان.

٦- هەر لەو مەرجانەدا هاتووە، کە بەڵێندەر ئەو بڕە نەوتە خاوەی کە لە کێڵگە نەوتییەکان بۆی دابیندەکرێت، پێویستە دابەشی بکات بەسەر پاڵاوگە بچوکەکانی هەرێمی کوردستان، کە هەڵگری مۆڵەتی فەرمین!

ئەوەی کە لەم چەند خاڵە گرنگەی سەرەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی خاو، کە جەنابی وەزیر بەسەرکەوتوویی دەزانێت لەهەرسێ پاڵاوگە سەرەکییە گەورەکەی هەرێم، (٥٠٪)ی نەوتی ڕەشە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە:

١- ئەگەر لەو پاڵاوگە گەورانە نیوەی ئەو نەوتە خاوە ببێتە نەوتی ڕەش، ئەی ئاخۆ لەپاڵاوگەکانی دیکە چەندی دەبێتە نەوتی ڕەشو ئەگەر هەموو ئەو پرۆسەیەو گرێبەستەکانی دەرهێنانی نەوت ئاشکرا بکرێن، کە چۆنو بە چ شێوەیەک ئەنجامدراون، ئایا دەرهێنانی نەوت بەو شێوەیە لەقازانجی ئێستاو نەوەی داهاتووی کوردە؟ یاخود پێچەوانەکەی، بەتایبەت کە کورد بەبێ دەرهێنانی ئەو نەوتەی هەرێم، (١٧٪)ی بودجەی عێراق وەردەگرێت.

٢- ئایا وا باشتر نەبوو کە پێش دەرهێنانی نەوت، چەند گرێبەستێک مۆر بکرایە لەگەڵ کۆمپانیا دیارەکانی جیهان بۆ بیناکردنی دوو پاڵاوگەی پێشکەوتوو لەهەرێم، یاخود زیاتر لەگەڵ هێنانی چەند کارگەیەکی پترۆکیمیاویی بۆ خزمەتی ئابووریی کوردستانو بەگەڕخستنی دەستی کارو بەدەستهێنانی شارەزایی لەو بوارەدا؟ ئایا لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک بۆ دەستیان بە ڕاکێشانو دامەزراندنی لولەی گواستنەوەی نەوت نەکرد، کە تایبەت بێت بە هەرێم بۆ تورکیاو سوریا وەک قۆناغی یەکەم بۆئەوەی ئەوەندە نەبەسترێینەوە بە بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوک، مادام بڕیارمانداوە پرسو ڕاوێژ بە بەغدا نەکەینو بە پاسکیلیش بێت نەوت دەفرۆشین.

کامەیان سوودی بۆ ئاسایشی نەتەوەییو ژێرخانی ئابووریی کوردستان زیاتر دەبوو؟ نهێنیی ئەم پەلەپەلکردنە-لەدەرهێنانی نەوتو ئاودیوکردنی بەوشێوەیە- چییە؟.

٣- جەنابی وەزیرو سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، دەبێت بۆمان ڕوون بکەنەوە کە بۆچی لەهەرێم (٨٠) پاڵاوگەی نایاسایی هەنو کێ بەرپرسیارە لەبوونی ئەو پاڵاوگانە، حیزبو حکومەتی هەرێم، یاخود ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان؟ ئەم پاڵاوگە ناشەرعییانە چۆن کار دەکەنو کێ نەوتی خاویان دەداتێ؟ کێ بەرپرسیارە، حیزبو حکومەت، یاخود ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان؟.

٤- جەنابی وەزیر دەفەرموێت، سەرچاوەیەکی دیکەی نەوتی ڕەش ئەوەیە، کە لەپارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە بەنایاسایی (قاچاخ) دێتە هەرێم.

ئەی باشە کە دەزانن ئەوە نایاساییو قاچاخە، ئەی کێ ڕێگە دەدات لەبازگەکانی هەرێم داخڵ بنو چۆن دەگەنە سەر سنووروو چۆن بارەکانیان ئاودیو دەکەن؟ ئایا ئەوە ئێمەی ڕۆژنامەنووسین کارئاسانییان بۆ دەکەینو شەریکین، یاخود حیزبو حکومەت؟

٥- کەس نازانێت، داهاتی ئەم پرۆسە سەرکەوتووە لەهەرێم چەندەو بەقازانجی کێیە؟ جگە لەو بڕە پارەیەی کە گوایە بۆ دابینکردنی گازوایل دەدرێت بە وێستگەکانی کارەبا، کە ئەوەش دیسان قسەی زۆری لەسەرە.

وەزیر دەفەرموێت، کە داهاتی ئەو پرۆسەیە بۆ حکومەتی هەرێمە، بەڵام پاش دەرکردنی گشت خەرجییەکانو پێدانی پارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە نەوتی خاو بەرهەمدەهێنن وەک (TTOPCOو DNO).

پرۆسەیەکی سەرکەوتووی لەو جۆرە، تا ئێستا چەندی خستووەتە سەر بودجەی هەرێم، یاخود ئەو حیسابەی کە بەم دواییە وەزیری دارایی دەڵێت، لەمانگی (٦)دا کراوەتەوە بۆ ئەو داهاتە، چەندەو بۆچی دەبێت لە مانگی شەشەوە بێت؟.

٦- دەبێت گرنگیو شەرعییەتی وەزارەتێک چی بێت کە وەزیر خۆی دان بە پاڵاوگەی نایاسایی بنێتو نەشتوانێت ڕێگریی لە بەقاچاخبردنی نەوت بگرێت لە سنووری هەرێمەکەی خۆیدا؟.

٧- ئایا کێ دەتوانێت گەرەنتی ئەوەمان بداتێ کە مەسەلەی هاتنی بەرهەمە نەوتییەکان بەقاچاخ بۆ هەرێم بۆ ئەوە نییە کە پەردەپۆشی هەموو پرۆسەی قاچاخچێتیو ئاودیوکردنی نەوتی هەرێمی پێنەکرێت؟، حکومەتێک کە قاچاخچێتی بۆ هەرێم قبووڵ کرد، ئاسانتر ئاودیویشی دەکاتو بەدڵنیاییەوە ئەو کارەش بۆ گیرفانی هاوڵاتییان ناکات.

٨- گرنگترین پرسیار ئەوەیە، کێ گەورەترین سوودمەندی ئەم پرۆسەیەیەو کێ گەورەترین زەرەرمەندییەتی؟ قازانجەکانی خەڵکی کوردستان چین، کە سێ بەشی ئەم پرسە پەیوەندیی بەقاچاخو کاری نایاساییەوە هەیەو هەڵوێستی کوردیشی لە بەغدا لاواز کردووەو بەشەکەی دیکەشی گوایە لەبەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەبێت نهێنیی بێتو نابێت ئاشکرا بکرێت! بەڵام لەهەمانکاتدا بەپێی داوای سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەبێت قەڵەمە بوێرو ڕۆژنامە ئازادەکان، بەهەر شێوەیەک بێت، بدرێنە دادگاو سزا بدرێن، یاخود دەبێت دەستەمۆو دەمکوت بکرێن.

# کێ دەیەوێت بەتەنیا سێوە حەرامەکە بخوات!

## نەوەکانی ئادەم، با میراتەکە بەشبکەین



هەندرێن شێخ راغب

ئەوکاتەی ئەمریکا ویستی دەسەڵاتی سەدام لە عێراق کۆتایی پێبهێنێت، سەرۆکی ئەمریکا لە قسەکردنێکدا وتی: ئێمە ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەتێک دەبینەوە، کە ئێستا لە جیهاندا خراپترین سیستمی حوکمڕانیی لەچنگیدایە. ڕاگەیاندنی ئەوکاتە وێنە شەیتانییەکانی سەدام حسێنیان بەهەموو لایەکدا پەخشدەکرد، کە سەیری تیڤیت دەکرد ئەو لەسێدارەدانو کوشتنو گرتنەت دەبینی، کە لەسەر دەستی بەعسییەکان جێبەجێکراوڕن، لەهەمانکاتدا وێنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کورد نمایش دەکرا، ئەمە وێنە شەیتانییەکانی سەدام حسێن بوون، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا بە فریشتەنیشاندانی ئەمریکا بوو، کە هاتووەو دەیەوێت جەنگی شەیتان بکاتو گەلانی عێراق لە چنگی ئەو ڕزگار بکات، واتە ئەمریکا فریشتەیەکەو هاتووە جەنگی شەیتان دەکات، بەڵام دوای جەنگەکەو دوای ئەوەی سیستمی تازەی دوای سەدام بینراو هەزاران تەرم لە کوچەو کۆڵان فڕێدران، هەزاران لەناو ڕوباری دیجلە بۆنیان کرد، هەزاران کەس ئاوارە بوون، هەزاران کەس کوژران، کە نەزانرا لەسەرچی کوژراون، ئیتر عێراق بووە گۆڕستانێکی گەورەو بەردەوام لە تیڤییەکانەوە وێنەی تەقینەوە خوێناوییەکانو مردنی بەکۆمەڵمان دەبینی، واتە دەمەوێت بڵێم ئەمە دەریخست جەنگی نێوان فریشتەو شەیتان نەبوو، واتە شەیتان هێشتا لە عێراقەو عێراق ئەو دنیا جوانە نییە کە پێمانوابوو دوای کۆتایی سەدام ئیتر کۆتایی شەیتان دەبینین، ئێستا خۆ سەدامو دەسەڵاتەکەی نەماوە، بەڵام ئەو هەموو گەندەڵییە چییە؟، ئەم هەموو کوشتنو تەقینەوەو تیرۆرە هەر کۆتایی پێنەهات؟، ئەو هەموو شۆڤێنیەتە هەر نەبڕا؟، بۆچی هێزە دینییەکان نەیانتوانی بەهۆی دینەوە لەناو ئەم کۆمەڵگە ئیسلامە! دنیایەکی ئارام دروست بکەن؟، بۆچی هێزە دیموکراتییەکان نەیانتوانیوە وێنەیەک لە دیموکراسی نیشانبدەن، کە هیچ نەبێت ئومێدێک ببینین، هاوڵاتی عێراقی هێشتا لە دۆخێکی خراپی هەژاریدایە، هێشتا زانکۆو ناوەندەکانی خوێندن پڕن لە تایەفەگەرییو ناکۆکیو هێزی ناعەقڵانی، ئەگەر ئەوانەی دوای سەدام هاتنو ئۆپۆزسیۆن بوون ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، شەیتانیش نەبن، ئەوا دەرکەوت فریشتە نینو ڕاستگۆ نین لەگەڵ دروشمی پێکەوەژیان، ئێمە ڕۆژانە ئاشتەوایی نیشتمانیمان گوێ لێدەبێتو دەبینین لەم بارەیەوە لێدوانی زۆر دەدرێت، زۆر جەخت لەوە دەکرێتەوە کە هێشتا ئاشتەوایی نیشتمانیی کۆسپی زۆری لەبەردەم ماوە، بەڵام دەپرسین ئەی ئێوە هەمووتان دژی دیکتاتۆر لە تاراوگە نەبوون، ئاواتتان ئازادییو سەربەستی نەبوو لە دەستی سەدام، هەمیشە نەتاندەگوت: ئێمە دژی دیکتاتۆرییو تاکڕەوینو ئەگەر دەسەڵات لەدەست ئێمە بێت، عێراق دەکەینە نموونەی پێکەوەژیان، ئێستا ئەم دەوڵەتە لەبەردەستی ئێوە لە هەموو کاتێک زیاتر لە بێمتمانەییدا دەژیت، لەهەموو کاتێک زیاتر لە جەنگ نزیکە لەناو خۆیدا، ترس هەیە لە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە هەیە، دیموکراسی لە عێراقدا بە هەنگاوەکانی یەکتر قبولکردنو وازهێنان لە کوشتارو توندوتیژیی دەستپێدەکات، نەوەکو بە کۆنگرەو کۆنفرانس، کە لەناویاندا متمانە بەیەکتر نییەو لەلای یەکیشەوە دادەنیشنو زەردەخەنەی سەر لێویان لە هەواڵەکان دەبینین. کاتێک کورد داوای مافێک بکات، ناکرێت بەو مەترسییە گەورەیە لێی بڕوانرێت، شیعەش بەهەمانشێوە، سوننەش بەهەمانشێوە، بەڵام لێرەدا دەکرێت پرسیار بکەین، کە ئایا دەکرێت هەتاهەتایە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ئەساسی کوردو شیعەو سوننە دابەشبکرێتو هاوسەنگیی دەسەڵاتی ئەوانو بەرژەوەندییان بپارێزرێت، یان ئەگەر دیموکراسی لەسەر ئەساسی دیموکراسیی زۆرینەو کەمینە بێت، چی لەو واقیعە دەکەین، دەبێت چی بکەین جەنگی نێوان فریشتەو شەیتانمان هێندە لێ تێکەڵ نەبێت؟، ئایا دەتوانین ئەم کۆمەڵگەیە بکەینە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، یاخود نەمانی ئەم چوارچێوەیە حەتمییەو ئیتر دەبێت جوگرافیای ئەم دەوڵەتە بگۆڕدرێت. ئێستا وێنەکانی شەیتانو فریشتە تێکەڵ دەبنو ئیتر ناتوانین وا بەئاسانی لەیەکتریان جیابکەینەوە، ناتوانین بڕیار وەربگرین لەسەر ئەوەی دەکرێت کام ئەزموونە بۆ داهاتوو پێویستەو دەکرێت چۆن سوود وەربگرین، ژیانی ئێمە لەناو ڕووداوی ئاڵۆزو ترسناکدایە، پلانگێڕی ناوخۆی ئەم دەوڵەتە هی ئەوە نییە بەرامبەری کەمتەرخەم بین، هی ئەوە نییە بێئاگابین لێی، ئەمەش وا دەکات بڵێین چۆن بتوانین شەیتان لەم وڵاتە دووربخەینەوە، چۆن بکرێت پێکەوە بژینو ئەو ناعەقڵانیەتە فڕێبدەین، بێگومان من ئومێدێکی لاوازم هەیەو خۆزگە دەخوازم وەکو کوردێک لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا نەمێنمەوەو بڕیاری چارەی خۆنووسین بەدەست خۆم بێت، هەرچەندە ئێمەش لەگەڵ یەکتر زۆر دڵرەقینو هێشتا کلتووری یەکتر جوانکردن لەناو ئێمە غایبە، بەڵام ئومێد نابێت بمرێتو بوەستینو هەنگاو نەنێین.

تا هەنووکەش وێنەکانی دوێنێ زاکیرەی عێراقییەکانی جێنەهێشتووە، شەیتان ئەم هەوارەی چۆڵنەکردووە، پێشناچێت وا زوو بەجێیبهێڵێت، تائێستا کورد لەسەر کەرکوکو خاکی ڕەسەنی خۆی ژیانی لێ تاڵە، خەمی زۆرەو کەسێک نییە جێگای متمانەی بێت، کەسێک نییە بڕوای پێبکات، کەواتە فریشتەبوونی ئەوانی تر لەکوێدایە، ڕاستە ئەوان فریشتە نین، بەڵام کورد هەرگیز لەسەر بەشەیتانکردنی ئەوی دی کاری نەکردووە، بەردەوام هاواری کردووە ئاشتی، ئەمەش مۆراڵە، وەلێ دەردە بەسوێکە بۆ کورد لەناوخۆدایە، چونکە کورد لەناوخۆیدا هەمیشە وێنەی شەیتانی بۆ کوردی بەرامبەر دروستکردووە، بۆیە خوێنی زۆرمان لەبەر ڕۆییوە، با پەند وەربگرینو هێندە یەکتر تووشی شۆک نەکەین، هێندە ئامادە نەبین بۆ ڕقلێبوونەوە، ئەمڕۆ ئەزموونی عێراقییەکان بۆ ئێمە زۆر جێگای گرنگپێدانە، چونکە پێمان دەڵێت، ئەها بەشەیتانکردنی یەکتر چەندە بەسوێیە!، ئەها ئەگەر ڕق هەبوو چۆن ئاسمانو زەویو سێوەکانیش بۆنی خوێن دەگرن، ئەها ژیان چەندە قورس دەبێت لەسەرشان کاتێک هەموومان بڕیارمانداوە وەکو شەیتان سەیری یەکتر بکەین.

کوردو عەرەبو ئەوانی دی، ئەگەر دەیانەوێت لەم عێراقەدا پێکەوە بژین، پێش هەموو شت پێویستە دڵیان لە شەیتان پاکبکەنەوەو خەون بە تەرمی یەکترەوە نەبینن، خەونی ترسناک بە کرۆشتنی جەستەی یەکترەوە نەبینن، وەلێ ئەم عێراقە سێوە حەرامەکەی بەهەشت نییە، تاوەکو بە خواردنی، خودا لێمان تووڕە بێتو ئێمەی نەوەکانی ئادەم بەر نەفرەتی خۆی بدات، بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە ئەم عێراقە سێوێکی ئێجگار بەپیتو بەرەکەتەو خوا بەخشیویەتی بەم نەتەوانە، بەڵام هەمووان حەزدەکەن سێوەکە هەر بە تەنیا بۆ خۆی بێت، هەمووان دەیانەوێت ئەوانی دی لە باخەکە وەدەرنێن، دەی کەواتە چی دەبێت ئەگەر سێوەکە بەشبکەینو هەر لایەکمان لەتی خۆی بۆ خۆی، چونکە دڵنیام خوای گەورەش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی نەوەکانی ئادەم چیتر ناتوانن پێکەوە بژینو بۆن بە سێوەکەوە بکەنو ملی یەکتر بشکێنن لەسەر خواردنی سێوەکە، دەی کەواتە مەردی خودا بن نەوەکانی ئادەم، کوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوورییو هەموو ئەوانی دی، وەرن بۆ ئەوەی چیتر ئەم سێوە بەحەرامی نەمێنێتەوە لەت لەتی بکەنو هەر لایەو پەشە میراتی خۆی بدەنێ، چونکە سەدان ساڵە لێرە خوێن دەڕژێت لەسەر ئەم سێوە حەرامە، دەی بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت، بەپێی شەرعو یاساو مێژوو جوگرافیا، وەرن ئەم سێوە حەڵاڵ بکەن، با نەوەکانی ئادەم چیتر لە سێوی حەرام نەخۆنو چیتر بەر نەفرەتی خوا نەکەون، ئیتر لەم زەمینە کاتی حەسانەوەو تامکردنی ژیان هاتووە.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

Kurdish Institute for Elections — K.I.E — پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ساڵی سێیەم ژمـارە (٨) سێشەممە ٢٠١٠/٩/١٤




مێزگردێک بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی «پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق»دا

ل ٢-٣



توانای دەستوری هەرێمی کوردستان لە دیموکراتیزەکردنی هەرێمدا

ل ٤

### بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێم:

# دەبێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریبکات

ئا: ڕای گشتی

تا ئێستا نازانرێت لە چ کاتێکدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامدەدرێت و ئەنجومەنی وەزیرانیش وەزارەتی ناوخۆی ڕاسپاردووە بۆئەوەی کاتی هەڵبژاردنەکەو ڕێوشوێنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکە بەڕێوەببات و ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت «بەپێی یاسا دەبێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاتی هەڵبژاردنەکە دیاریبکات نەک وەزارەتی ناوخۆ».

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبوایە لە ٢٠٠٩/١/٣١دا لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ئەنجامبدرایە بەڵام بە پاساوی تایبەتمەندێتی هەرێم ئەو هەڵبژاردنە دواخراو ئێستاش بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجومەنەکان دەتوانن دەست بەکاربن تا ئەوکاتەی هەڵبژاردنێکی دیکەیان بۆ ئەنجامدەدرێت، چاودێرانیش لەو بڕوایەدان تا دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دروست نەکرێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامنادرێت.

ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان باس لە گرنگی ئەو دەستە سەربەخۆیەی هەڵبژاردنەکان دەکات لەهەرێمی کوردستان بەوپێیەی کە هەرێم تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە دەستوری عێراق و پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیشدا ئەو مافە دراوە بە هەرێم کە کۆمسیۆنی جیاجیای هەبێت و یەکێکیش لەو کۆمسیۆنانە بریتییە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم»

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ وتی «بەبڕوای من یەکێک لە هۆکارەکانی دروستکردنی ئەم دەستەیەی هەرێم لە ئێستادا بۆئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەڕێوەببات».

لەلایەکی دیکەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم.

لەوبارەیەوە ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ ئەو مەبەستە «داوایان لە هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران کردووە».

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ «سایتی سبەی» ئەوەی خستۆتەڕوو کە کۆمسیۆن ئامادەکاری خۆی دەکات بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و سەرقاڵی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانەو وتی «بەڵام تائێستا ئاماری کۆتایی دەنگدەران دەستنیشان نەکراوە».

بەپێی پێشبینییەکانی کۆمسیۆن چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دەنگدەرانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم نزیکەی ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دەنگدەر بێت.»

سەبارەت بەسەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، حاکم سەردار هێمای بۆ ئەوەکرد، کە ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکەو وتی « هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێممان ئاگادارکردۆتەوە، هەروەها ڕونمان کردوەتەوە کە کۆمسیۆن بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەو ئامادەکارییەکان، پێویستی بە ١٨٠ ڕۆژ هەیە بەر لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە».

بەپێی یاسای ژمارە ٤ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەستنیشانکردنی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئەستۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە بەڵام هەتا ئێستا کاتی دەستنیشانکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەستنیشان نەکراوەو پێشتریش سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرەسمی داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئەو کاتە دەستنیشان بکات و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵیش ئاماژە بەوەدەکات کە «کەمتەرخەمییەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە».

لەم بارەیەوە د. کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەدەدات کە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردراوە بۆ ئەو کارە لەبەرئەوەی «دەبێت وەزارەتێک موتابەعەی هەڵبژاردنەکان بکات و لەو ڕۆژەدا ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر».

هاوکات ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ وتی «من نەمزانیوە کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوکارە ڕاسپێردراوە، بەڵام لەیاساکەدا زۆر بەڕوونی هاتووە کە دەبێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەستنیشانبکات».



# ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ پەرلەماندا تاووتوێی پرۆژەیاساکەیان دەکەن

ئا: KIE

سەعات ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٣١ لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی میوانداریی نوێنەرانی ژمارەیەک لەڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانیان کرد بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بڕگەو مادەکانی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان، کەپێشتر لەلایەن ژمارەیەک لەڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کرابوو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

لەدانیشتنێکدا پرۆژەیاساکە بەوردی گفتوگۆی لەسەرکراو لەلایەن ئەندامانی لێژنەکەوە چەندین سەرنج و تێبینیی و پێشنیاز لەپێناو زیاتر دەوڵەمەندکردنی پرۆژەیاساکە خرانەڕوو بۆئەوەی بکرێتە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل ئەویش بەهەماهەنگیی و پرس و ڕاوێژکردن بە نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمدا.

شایانی باسە بەمەبەستی ڕێکخستن و دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخراوەکان و هێنانەدیی یاسایەکی هاوچەرخ و مۆدێرن کە لەگەڵ کلتووری دیموکراسیی و مەدەنیدا بگونجێت، ژمارەیەک لەڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٩ پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کردو دوای پشتگیریکردنی پرۆژە یاساکەش لەلایەن ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە لەدانیشتنێکی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.



## زەڕەبین

## ڕۆڵی پرۆژەیاساکان لەکرانەوەی پەرلەماندا..

ئارام جەمال *

پرۆژەیاساکان لەدوو سەرچاوەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێن: یەکێکیان لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوەو ئەویتریشیان لەدوای ئیمزاکردنی لانیکەم دە ئەندام پەرلەمان لەسەر پرۆژەیاسایەک. ئەوەی هەتا ئێستا باوەو پیادەکراوە ڕێگەی دووەمیانە. ئێمە وەک «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن» بەبەشداریی چەند ڕێکخراوێکی تری ناو شاری سلێمانی توانیومانە دوو پرۆژەیاسای تایبەت بەڕێکخستنی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان بگەیەنینە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردووکیشیان لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئێستا لەگەڵ ئەو چواردە پرۆژەیاسایەی تری بەردەم دەرگای گرێدانی خولی دووەمی ئەمساڵی پەرلەماندا ریزیانگرتووەو چاوەڕێی سەرلەنوێ چوونەژوورەوەن بۆ ناو پەرلەمان بۆئەوەی خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێت و پەسەندبکرێن.

چەند شتێک لەم دیمەنەی سەرەوەدا جێگەی هەڵوەستەکردنە: یەکەمیان ئەوەیە کە جۆرێک لەڕێکخراوی ناحکومی قازانجنەویست و خەمخۆر بۆ پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا پەیدابوون گەیشتوونەتە ئاستێک کە بەشداری لەداڕشتن و گەڵاڵەکردن و پێشکەشکردن و بەدواداچوونی پرۆژەیاساکان دەکەن و هەموو خەمەکەشیان تەنهاو تەنها بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانە. دووەمیان ئەوەیە خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی ئەو هەمەجۆرییەی تێیکەوتووە جێگەی جۆرێک لەئومێدە کاتێک پرۆژەیاسایەک لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێت و دواتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت و مەسەلەکە بەوەشەوە ناوەستێت دەخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی. سێهەمیان ئەوەیە خەریکە جۆرێک لەهەماهەنگیی و پەیوەندییەکی تەواوکارانە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دروستدەبێت بەڕادەیەک کەهەردوولایان لەزۆر بواردا هەست بەپێویستیبوونی یەکتر دەکەن و ئەمەش بێگومان لەدوا ئاکامیدا بەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان دەشکێتەوە...

بانگهێشتکردنی، نوێنەرانی ئەو حەوت ڕێکخراوەی کەپرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانیان ئامادەکردووە، لەلایەن لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان پشتڕاستدەکاتەوە کە لانیکەم لیژنەیەکی سەر بەپەرلەمان هەیە گوێ لەبیروڕاو تێڕوانینەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەگرێت بۆ نووسینی ئەو ڕاپۆرتەی کەڕاسپێردراوە لەبارەی بڕگەو بەندەکانی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، بینوسێت. دەبێت ئێمەی ڕێکخراوەکان ڕێزو قیمەت بدەینە ئەو بانگهێشتکردن و خەمخۆرییەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی بۆئەوەی لەلیژنە هەمیشەییەکانی تریشدا ئەم ڕۆحیەتە جوانە دروستببێت و بانگهێشتی نوێنەرانی ئەو گروپ و چین و توێژانە بکەن کەپەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەپەسەندکردنی یەکێک لەپرۆژەیاساکانەوە هەیە. دەبێت پێ لەو ڕاستییەش بنێین کە ئەم نزیکبوونەوە مەدەنییەی پەرلەمان لەڕێکخراوەکان ئەنجامی کارێکی دوورودرێژی چەند ساڵانەیەو سەرەتای مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ کەتۆری ماف یەکەم هەوڵی خۆی وەگەڕخست و دەیان ڕێکخراوی لەدەوری بیرۆکەی داڕشتنی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان کۆکردەوەو لانیکەم تێڕوانینێکی لەلای ڕێکخراوەکان دروستکرد کەدەتوانن بەدەستی خۆتان پرۆژەیاسا ئامادەبکەن و دواتر فێری ئەوەش بووین کەدەتوانین لەڕێگەی زیاتر لە ١٠ ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن ئەگەرچی لەیەکەم هەوڵماندا ئەو ڕێگە یاساییەمان نەگرتەبەرو ڕاستەوخۆ خۆمان بووینە ئەندام پەرلەمان و لەڕۆژی ١٥ی تەموزی ٢٠٠٧دا بەئامادەبوونی نوێنەرانی ١٥ ڕێکخراوی ناحکومی لەهەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک پرۆژەیاساکەمان ڕاستەوخۆ پێشکەش بەسەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کردو ئەویش زۆر دەستخۆشی لێکردین بەڵام دوای زیاتر لەساڵێک کاتێک باسی چارەنووسی پرۆژەیاسا پێشکەشکراوەکەمان دەکرد لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر لێماندەهاتنە دەنگو دەیانگوت پرۆژەیاساکەتان بەشێوەیەکی یاسایی و ئسوڵی پێشکەش نەکردووە چونکە دە ئەندام پەرلەمان ئیمزای پرۆژەیاساکەتانی نەکردووە بۆیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکرێت! بەڵام ئێمە وازمان نەهێناو دەستێکمان بەبەردەوامی درێژدەکرد بۆ تەوقەکردن لەگەڵ دۆست و لایەنگرەکانمان لەناو پەرلەمانداو بەدەستەکەی تریشمان سەرقاڵی هەمووارکردنی هەندێک بڕگەو ماددەی ناو پرۆژەیاسای ڕێکخراوەکان بووین. خۆشبەختانە هەوڵە بەردەوامەکانی ئەم دوو دەستەو پێکهاتەی تازەی خولی سێهەمی پەرلەمان و هەوڵی تازەو بێ پێشینەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم یەکیانگرت و دەرگای گەورەیان لەبەردەم کۆمەڵێک پرۆژەیاسای تایبەت بەماف و ئازادییەکان کردەوەو لەئێستا بەدواوە بەپلەی سەرەکی ئەرکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە، وەک بەشێک لەدەرهاویشتەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەدنیای ئێمەدا، وابکەن ئەو دەرگایە بەکراوەیی ئێستایەوە بمێنێتەوە!.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE


رۆشنگەری
28
ئەخلاق و سیاسەت
سەرچاوە
حزبی سیاسی و تیۆری رێکخستن
سەرکردایەتی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا


کۆمپانیای بەڕێز company
لەئاسوودە خزمەتگوزاری کەم نەکراوەتەوە
سەوزایی-قوتابخانە-نەخۆشخانە-مزگەوت-
دایانگە-باخچەی ساوایان-شاری یاری-بازاڕ-
بنکەی پۆلیس-بنکەی ئاگرکوژانەوە-سەنتەری
گەنجان-کۆمەڵگای وەرزشی
bareaz
لەپرۆژەی ئاسوودە زۆرترین رووبەری زەوی، کەمتر خانوو و زۆرترین خزمەتگوزاری
ئاسوودە
ئاسوودە
بەچاوی خۆت ببینە


شاری پاشای نیشتەجێبون
شاری پاشا هەڵدەستێت بەفرۆشتنی شوقەکانی، بەڕووبەری ١٥٠م٢ بەباشترین
کەرەستەی بیناسازیو پاراستنی لەگەرماو سەرما بەتازەترین سیستەمی (عزل)
■ سێ ژووری نوستن
■ یەک ژووری میوانی گەورە
■ چێشتخانەیەکو مەخزەنێک
■ دوو حەمامو تەوالێت
■ دوو باڵەکۆنی دڵگیر
■ مەخزەنێکی ١٠م٢ لەژێر زەمین
◆ ناونیشان: سلێمانی - راپەڕین
بەرامبەر دەروازەی فرۆکەخانەی سلێمانی، تەنیشت قەیوان سیتی
ژمارەی تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠١٧٢٢٩٩ - ٠٧٧١١٥٢١١١٢ - ٠٧٥٠٣٢٨٢٤٥٨

## م.عابد: پێویستە ئەم دەستەیە لە هەرێمدا تەنها ئیش بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە محەلییەکان بکات نەک فیدرالییەکان

# نگاندن و لێکدانەوەی

# کان و ڕاپرسییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق»دا



دەکرێت، هەڵبژاردنیش وەک هەر پرۆژەیەکی ترەو بودجەی خۆی بۆ دەستنیشاندەکرێت، جگە لەمەش کۆمسیۆنەکە بۆخۆی دوو بەشە، بەشێکی مەجلیسی دەستەکەیەو بەشەکەی دیکە ئیدارەی هەڵبژاردنە، کە ئیدارەی ئینتیخابە هەمیشە بەو شێوە زۆرە ئەندامی نییەو لەکاتی هەڵبژاردندا لە ڕێگەی گرێبەستی کاتییەوە کارمەندەکانی دادەمەزرێنێت، بۆنمونە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا زۆربەی کات ٨٠٪ی کارمەندەکان بەگرێبەستی کاتین، بەدیوێکی تریشدا دەبینین نەتەوەیەکگرتووەکان هەمیشە باس لەوەدەکات ئیشکردن بۆ ئەوەی زەمانەت و نەزاهەتی هەڵبژاردن هەبێت باشترە لەوەی کە ئێمە لەبودجەکەی نەترسین.

م. دەرباز: سەبارەت بە تێچون من گرفتم لەگەڵ گرێبەستی کارمەندەکاندا نییە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بە دڵنیاییەوە دەبێت لەکاتی هەڵبژاردندا دەبێت گرێبەست لەگەڵ دەیان هەزار کارمەندا بکرێت، بەڵام بۆماوەی ٤ ساڵ دەستەیەک هەر لەسەرۆکەکەیەوە هەر لە بارەگاو شوێن و ئۆفیسی هەرسێ پارێزگاکەو کارمەندەکانیان تێچونێکی زۆری دەوێت و لایەنە داراییەکەی دەچێتە چوارچێوەی کاری وەزارەتی دارایی هەرێمەوە، ئەمە بۆخۆی کێشەیەکە لە ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر وڵات دیموکراتی بێت کێشەی ئەوە نابێت ئایا ئەم کۆمسیۆنە سەربەخۆیە یان سەربەخۆ نییە؟ لەوڵاتانی ئەوروپادا کۆمسیۆنیان نییەو شارەوانییەکان خۆیان هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەبەن و کەسیش نەیبیستووە قسە لەسەر نەزاهەتی هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئەمە لەوڵاتانی وەک ئێمەدایە کە کۆمسیۆنەکە دادەمەزرێت بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە پاک و نەزیە بێت و دەستی ئەحزابی گۆڕەپانەکەی تێدا نەبێت، بەڵام بەداخەوە دادەمەزرێت کەچی ناتوانین دەستی دەسەڵاتێکی باڵا لەناو ئەو کۆمسیۆنانەدا ببڕین.

رای گشتی: بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی چواری پرۆژەیاساکە، پرۆسەی کاندیدکردنی ٧ ئەندامەکەی دەستەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوەیە، ئێوە تێڕوانینتان لەسەر ئەم ماددەیە چییە؟ ئایا ئەمە ئالیەتێکی دیموکراتییە یاخود دەکرێت تەفسیری تری بۆ بکرێت؟

م. ئاریان: ئەمە ئەگەرێکە دەکرێت وابێت، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر زەمانەتی باشترە. تەنها دەستەی سەرۆکایەتی ٧ کەسەکە دەپاڵێون بەڵام دواتر چۆن دادەمەزرێنرێن ئەوە پێویستی بە دەنگدان هەیە لەناو پەرلەماندا بەڵام بۆ زەمانەتێکی باشتر ئەوەیە کە لیژنەیەکی تایبەت وەک ئەوەی ئێستا لەعێراقدا هەیە، لیژنەیەکی تایبەت هەڵدەستن بەپاڵاوتنی ئەو کەسانە، دەکرێت لەلای خۆشمان لیژنەیەکی تایبەت لەناو پەرلەماندا هەڵببژێرێت کە لیژنەکە لە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی تێدابێت، ئێمە پێویستمان بەو تەوافوقە نییە لە هەرێمدا وەک لە عێراقدا هەیە بەڵام لەسەرەتادا بۆ بنیاتنانی شتەکان پێویستمان بە هاوڕاییەک و هاوسەنگییەک هەیە، لەبەرئەوە پێدانی دەسەڵاتی کاندیدکردن بەدەستەی سەرۆکایەتی ئەو هاوسەنگییە ناپارێزێت.

م. عابد: لەراستیدا منیش پێم باش نییە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە بدرێت بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێویستە لەناو پەرلەماندا لیژنەیەک بۆ ئەوە هەبێت کە تایبەتمەند بێت بەپاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە. ئامانج لەبوونی ئەم لیژنەیە لەجیاتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەیە کە زۆربەی کوتلەکان لەناو پەرلەماندا بەشداربن لە پرۆسەی پاڵاوتنی ئەو ئەندامانەدا.

م. دەرباز: دەکرێت پاڵاوتنی دەستەکەی هەرێم زیاتر فراوانبکرێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ لیژنەیەکی ناو پەرلەمان ئەمە باشترە بەڵام ئالیاتی تەرشیحەکە چییە، ئێمە کێشەمان لەسەر ئالیاتەکەیە، ئایا ٧ کەس هەڵدەبژێرێت و تێکڕا بەجارێک دەخرێتە دەنگدانەوە ئەمە لەیاساکەدا روون نەکراوەتەوە، کە پێویستە ئەو ٧ کەسە بەجیا بەرنامەی خۆیان بخەنەڕوو لەپەرلەماندا بەجیا دەنگیان پێبدرێت. هەروەها بوونی ڕێژەی ژنانیش لە دەستەکەدا روون نییەو تەنها لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە کە دەبێت موراعاتی نوێنەرایەتی ژنان بکرێت نوێنەرایەتییەکەش سێ بە یەک دەبێت یان چوار بەیەک روون نییە.

رای گشتی: ئایا پێتانوایە پرۆژەیاساکە توانیبێتی ئەو ئیشکالیەتە چارەسەربکات کە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دوو کۆمسیۆنی جیاواز بەدوو جۆر ڕێوشوێن و ڕێکارو ڕێساوە سەرپەرشتی یەک هەڵبژاردن بکەن؟

م. عابد: ئەم دەستەیە حەقی نییە هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان ببات بەڕێوە بەڵام دەتوانێت هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان ببات بەڕێوە، بۆ هەڵبژاردنە فیدرالییەکان کۆمسیۆنی باڵا ئەو ئیشە دەکات و پرسێکی فیدراڵییە. پێویستە ئەم دەستەیە لە هەرێمدا تەنها ئیش بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە محەلییەکان بکات نەک فیدرالییەکان.

م. دەرباز: لێرەدا کێشەیەک دروستدەبێت ئەویش ئەوەیە کە نوسینگەی پارێزگاکانمان هەیەو کۆمسیۆنی بەغداش هەر پشت بەنوسینگەی پارێزگاکانی دەستەکەی خۆمان دەبەستێت، نوسینگەکانی پارێزگاکانی هەرێم ئەو کاتە مەرجەعیەتیان دەستەکەی هەرێم دەبێت، هەروەها کۆمسیۆنی بەغدا نوسینگەی تایبەتی نابێت لەهەرێمدا تاوەکو لەهەڵبژاردنە فیدراڵییەکاندا بەکاریبهێنێت و ئەوکاتە نوسینگەکانی کە سەر بەدەستەکەی هەرێمە هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان بەڕێوە دەبەن.

**رای گشتی: سەبارەت بە بڕگەی دووی ماددەی ٨ی پرۆژە یاساکە کە باس لەپلەی تایبەتی دەکات کە بۆ ماوەی ٥ ساڵ بێت و قابیلی نوێکردنەوەشە ئێوە سەرنجتان چییە لەسەر ئەم بڕگەیە؟**

م. عابد: لەراستیدا ئەم بڕگەیە زۆر بەناڕوونی باسکراوە کەدەڵێت ئەندامانی دەستە دەبێت بە دەرەجە یەکی قاصر بۆ ماوەی ٥ ساڵ، بەڕاستی دەبێت ئەم پلەیە تەحدید بکرێت و بەلایەنی کەمەوە دەبێت لەوەزیریش کەمتر نەبێت بۆ هەر ٧ ئەندامانی دەستەکە چونکە مادام کۆمسیۆنەکە سەربەخۆ دەبێت و سەر بە پەرلەمانیشە لەبەرئەوە ئەو متمانەیەی پەرلەمان دەیبەخشێت بەئەنجومەنی وەزیران دەبێت هەمان ئەو متمانەیەش بێت کە دەیبەخشێت بە ئەندامانی ئەم دەستەیە.

م. دەرباز: بەڕاستی من تێڕوانینێکی جیاوازم هەیە. دەبێت سەرۆکی دەستەکە پلەکەی زیاتر بێت لە ٦ ئەندامەکەی تر، ناکرێت ٧ کەس بە یەک پلە لە یەک دائیرەدا بن. ئەگەر ئەو کەسانە بە پلەی وەزیر دابمەزرێنرێن ئەوا وەزیر مانگانە ١٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت واتا مانگانە ٧٠ ملیۆن دینار تەنها دەدرێت بە ئەندامانی دەستەکەو ئەمەش خەیاڵییە.

م. ئاریان: لەراستیدا لەیاساکەدا پلەی تایبەت هاتووە بەڵام پلەکە دیارینەکراوە کە دەبوایە دیاریبکرایە کە مەبەست چییە لە پلەی تایبەت. ناشکرێت ئەندامانی دەستەکە هەموویان وەزیر بن، دەکرێت پلەیەکی خوارتر بێت لە وەزیر. سەبارەت بە خانەنشینکردنیشیان بە ڕێژەی لە ٨٠٪ دوای ئەو ٥ ساڵە، ئایا ئەو ئەندامانە دوای ئەو ٥ ساڵە بۆیان نییە بگەڕێنەوە سەر ئیشەکەی خۆیان! ئەوکاتە پێویست بەوە ناکات کە خانەنشین بکرێت ئەمەش لە پرۆژە یاساکەدا باس نەکراوە کە نابێت کەسێک کە گەڕایەوە سەر پیشەکەی خۆی موچەی حانەنشینیشی هەبێت و موچەی ئیشەکەشی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ٨٠٪ زۆر زۆرەو باشترە خانەنشینکردنیان لەسەر بنەمای یاسای خانەنشینی بێت لە هەرێمدا.

**رای گشتی: بەشێوەیەکی گشتی تێبینیتان چییە لەسەر پرۆژەیاساکە بەتایبەتی ئەو خاڵ و سەرنجانەی کە باسمان نەکردووە؟**

م. ئاریان: لەراستیدا ئەو پرۆژەیاسایە قسە زۆر هەڵدەگرێت و لەشێوەدا لەپرۆژەیاسا ناچێت، هەموومان دەزانین هەموو یاسایەک لەسەرەتاوە بەپێناسە دەستپێدەکات و هەمیشە ماددەی یەک تایبەتە بەپێناسە، وەکئەوەی دەستە چییە، کۆمسیۆن چییە؟ هەرێم چییە؟ هەڵبژاردنی هەرێم چییە؟ هەڵبژاردنی فیدراڵ چییە؟ ئەمە دەبێت دیاریبکرێت و ئەمەش خەلەلێکە لەپرۆژەیاساکەدا هەیە.

له مادەی چوارەمیشدا لەمەرجەکاندا ئەوە ئاماژەی پێنەدراوە کە نابێت ئەو کەسە لەسەر ماڵی گشتی دەوڵەمەند بێت، لەمادەی پێنجەمدا ئەم کۆمسیۆنە موسادەقە لەسەر چاودێرانی ناوخۆ دەکەن واتا ئەو ڕێکخراوانە تۆماردەکەن کە لەناوخۆدا چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن کە نابێت ئەمە سەلاحیاتێکی موتڵەق بێت و دەبێت شایانی تانە بێت لەلایەن دادگای تەمیزەوە. خاڵێکی جەوهەری ئەم پرۆژەیاسایە ئەوەیە کە تێکەڵییەکی زۆری تیایە. لەیاسای کۆمسیۆنی عێراقدا دادگایەکی تایبەت هەیە بۆ دادگای هەڵبژاردن بەڵام لەم پرۆژەیاسایەی هەرێمدا لەلایەکەوە بڕیارەکانی کۆمسیۆن تەمیز دەکرێنەوە لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات کە دەکرێت بڕیارەکانی ئیستئناف بکرێنەوە، نازانین ئایا ئەو بڕیارانە چین کە شایانی ئیستئنافن، ئایا لەبەردەم دادگای تەمیزدا دەبێت یان لەبەرامبەر ئەو دەستەیەیە کە کۆمسیۆن دروستی دەکات، یان ئایا دادگای تەمیز سەلاحیەتی ئیستئنافی هەیە یاخود نیەتی، ئەمە روون نییە ئەگەر دادگای تەمییز دەسەڵاتی تەمیزکردنەوەی بڕیارەکانی کۆمسیۆنی هەیە ئەی بۆ باسی ئیستئناف دەکات، بەبڕوای من باشتر وایە قسە لەسەر ئەوەبکەین کە دادگایەکی هەڵبژاردنی تایبەتمان هەبێت.

م. عابد: مادام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە کۆمسیۆنەکە تەنها هەڵبژاردنە محەلییەکان رابپەڕێنێت لەوکاتەدا پێویستە بۆ بڕگەی دووی ماددەی سێیەمی پرۆژەیاساکە وشەی «المحلیە»ی بۆ زیاد بکرێت و بەمەش ئەم دەستەیە تەنها سەرپەرشتی هەڵبژاردن و راپرسییەکانی ناوخۆ دەکات. لەبڕگەی ٨ی مادەی سێدا باس لەوەدەکات کە ئەندامانی دەستەی باڵا تەنسیق لەگەڵ لیژنەی راوێژکاریی حیزبەکاندا دەکات، ئەی بۆ تەنسیق لەگەڵ لیژنەی ڕێکخراوەکانیشدا نەکرێت.

هەروەها بڕگەی ١ی بەندی دووەم لە ماددەی چوار لەرووی دەستورییەوە کێشەی هەیەو پێویستە بکرێت بە «ان یکون مقیما فی الاقلیم» هەمان ماددە بڕگەی چوارەم باشترە وشەی «اختصاص»ی تێدا لاببرێت و ببێتە «ان یکون من ژوی الخبره فی العمل الاداری والانتخابی...» هەروەها لە بڕگەی ٦ی هەمان ماددەدا پێویستە دەسەڵاتی داپلۆسێنەر دیاریبکرێت. بڕگەی ١و دووی ماددەی ١٢ لەرووی تەکنیکییەوە هەڵەیەو پێویستە زاراوەی «الهیئە العلیا للانتخابات» بکرێتە «مجلس الهیئە».

م. دەرباز: لەبڕگەی ٢ی مادده چواردا تەمەنی ٣٥ دەستنیشانکراوە کە ئەمە زۆرەو ڕەنگە کەسانێک توانایان هەبێت و تەمەنیان لەوە کەمتر بێت و بەم هۆیەوە نەتوانن بەشداریبکەن لەکاتێکدا ئەندام پەرلەمان تەمەنی ٢٥ ساڵە وەزیر تەمەنی بۆ دیاری نەکراوە بەبڕوای من باشترە لاببرێت یان بکرێت بە ٣٠ ساڵ. لەبڕگەی ٧ی هەمان ماددەدا دەڵێت «دەبێت لەرووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت» کە ئەمەش وشەیەکی زۆر مەتاتییەو کێ دەستنیشانی ئەوە دەکات ئەم کەسە سیاسییە یان سیاسیی نییە، هەربۆیە باشترە بنوسرێت «نابێت لانیکەم تا ١٠ ساڵ پێش ئێستا ئینتیمای بۆ حیزبێکی سیاسی هەبووبێت». لەبڕگەی ١ی مادده (٦)دا کەتایبەتە بە «الادارە الانتخابیە»وە، تێیدا کۆمەڵێک شتی تێدا دیار نییە وەک مەجلیسەکەی و شێوەی دانانەکەی؟ ئیدارەی هەڵبژاردن ئەبێت رەئیسی ئیدارەی ئینتیخابی هەبێت، ئەی رەئیسی ئیدارەی ئینتیخابی کێیە؟ من پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەندێک لە سەرۆکی نوسینگەکان لەبەرئەوەی دەسەڵاتیان زۆرلایە هەندێک فرت و فێڵ هەیە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت بۆیە باشتروایە لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان بکرێن، لەماددەی ١١دا هاتووە کە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئیستیعانە دەکات بە شارەزایانی نێودەوڵەتی دەکرێت شارەزایانی ناوخۆیشی بۆ زیادبکرێت، بەتایبەتی ئێمە ئیش وکارەکانی خۆمان باشتر دەزانین، مادەی ١٣ لاببرێت چونکە وشەی «مکونات» تەفسیر زۆر هەڵدەگرێت و دەبێت تەحدید بکرێت.

### م. دەرباز: لەوڵاتان كۆمسیۆنێكی كاتی لەقازییەك و چەند حاكمێك و چەند كەسێك دروستدەبێت بۆئەوەی هەڵبژاردنێك بەڕێوەبات، بەڵام دامەزراندنی كۆمسیۆنێكی هەمیشەیی دەبێت بۆ چوار ساڵ مووچەی بەردەوامی پێبدرێت

## م. ئاریان: ئەو پڕۆژەیاسایە قسە زۆر هەڵدەگرێت‌و لەشێوەدا لەپڕۆژەیاسا ناچێت

# مێزگردێک بۆ هەڵسە

# «پڕۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنە

سازدانی: رای گشتی

**لەبەر گرنگی‌و هەستیاری ئەم پڕۆژەیاسایە دەبووایە زۆرترین کات بە پڕۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و ڕاپرسییەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق» بدرایە بۆ وتووێژو گفتوگۆکردن لەسەر شکڵ و پێکهاتەو ناوەرۆکەکەی. لەگەڵ ئەو ماوە کەمەی پێیدراوە بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پڕۆژەیاسایە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سروشتی ڕێکخراوەکەی ئێمەدا هەیەو لەجەوهەردا ئایندەی پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا دیاریدەکات هەربۆیە ئەوەندەی توانیبێتمان لەو ماوە کەمەی ڕەخساوە چەندین وتارو چاوپێکەوتنمان لەبارەی دیوە جیاوازەکانی ئەو پڕۆژەیاسایەوە لەپاشکۆی «رای گشتی»دا بڵاوکردۆتەوەو ئەم مێزگردەشمان وێستگەیەکی ترە لەناو هەمان ئەو ڕووبەرەدا.**

**بەشدارانی ئەم مێزگردە پێکهاتوون لە بەڕێزان: ئاریان محەمەد مامۆستای زانکۆی سلێمانی لەکۆلێژی یاسا، دەرباز محەمەد مامۆستای زانکۆی سلێمانی‌و خوێندکاری دکتۆرا لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، عابد خالید مامۆستای زانکۆی سلێمانی لەکۆلێژی زانستە ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتییەکان.**

**رای گشتی: لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵێک هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون بەبێئەوەی کۆمسیۆنێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی سەرپەرشتیان بکات، بە بڕوای بەڕێزتان تاچەند بوونی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و ڕاپرسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا بە گرنگ دەبینن؟**

م. ئاریان: لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە زەرورەتێکە لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەهەرێمدا ئەنجامدەدرێن، بەڵام ئەمە مانای وانییە ئیتر ئەمە لەدەرەوەی هەماهەنگی‌و چاودێریکردنی دامەزراوەی دەوڵەت ئەم هەڵبژاردنانە بەڕێوەبچن، واتا مانای ئەوەنییە کە ئەم کۆمسیۆنە هەڵبژاردن بەڕێوە دەبات ئیتر لەدەرەوەی هەموو چاودێریکردنێکە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەڵبژاردنانەی لەهەرێمدا ئەنجامدەدرێن وەک هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی پارێزگاکان‌و شارەوانییەکان یان هەڵبژاردنی پەرلەمان یاخود ڕاپرسیکردن لەسەر دەستوور، ئەمە پێویست دەکات دامەزراوەیەکی تایبەت لەهەرێمدا ئەو هەڵبژاردنە ڕێکبخات، بەڵام ئەمە مەرج نییە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دامەزراوەیەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدایە کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقە نەتوانێت هاوکاری ئەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنانە بکات کە لەهەرێمی کوردستاندا دروست دەبێت.

**رای گشتی: ئەم پڕۆژەیاسایە چەندێک دەستورییە بەگوێرەی هەریەک لەدەستوری هەمیشەیی عێراق‌و یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا؟**

م. عابد: هەرێمی کوردستان کە لایەنەکە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەکرێت ئەم کۆمسیۆنەی تایبەت بە هەرێم سەرپەرشتی بکات. ئەم پڕۆژەیاسایە دەستورییەو بوونی کۆمسیۆنەکە زەرورەتێکەو ئەمەش وا پێویست دەکات کە هەبێت‌و لەڕووی یاسایی‌و دەستوورییەوە هیچ گرفتێک نییەو ڕێگر نییە لەبەردەمیدا. هەروەها بۆ یاسای

چەند زانیارییەک لەبارەی ئەم پڕۆژەیاسایەوە:

– ئەم پڕۆژەیاسایە لە ١٦ ماددەو هەشت بەش پێکهاتووەو (بەشەکانی لەبەشی چوارەمەوە دەستپێدەکات)و هۆکارە پێویستەکانی دەرچوونی یاساکەی لەگەڵدا نییە.

– ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣ ئەم پڕۆژەیاسایە لەلایەن ١٣ ئەندام پەرلەمانی فراکسیۆنی کوردستانییەوە پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

– ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧، واتە چوار ڕۆژ دوای پێشکەشکردنەکەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

– یەکێکە لەو پڕۆژەیاسایانەی لەگرێدانی خولی دووەمی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستاندا ئەولەویاتی دراوەتێ بەمەبەستی پەسەندکردنی.

ژمارە ١١ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش کێشە نییە ئەگەر ئێمە ئیشکالیەتی دەستوریمان نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە من بڕواموایە ئەو پڕۆژەیاسایەی بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم داڕێژراوە هیچ ئیشکالیەتێکی نییەو دەستوورییە.

م. دەرباز: بەبڕوای من دەکرێت کۆمسیۆنەکە هەبێت بەڵام وەک زەرورەت لەئێستادا زۆر یاساو شتی دیکە هەن لەهەرێمدا زەرورترن، بۆ نمونە چاودێری دارایی گرنگترە لە بوونی یاسایەکی تایبەت بە کۆمسیۆنی هەرێم، ڕاستە یاساکە لە ڕووی دەستورییەوە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستانەوە بەڵام لەیاسای ژمارە ١١ی کۆمسیۆنی عێراقدا هاتووە کە کۆمسیۆن دەسەڵاتی حەسری هەیە بۆ هەموو هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا واتا ئەگەری تەعاروزێکی بچوکی هەیە لەگەڵ پێکهێنانی دەستەکەی هەرێمدا بەڵام ئەویش بەو شێوەیە نیە.

**رای گشتی: سەرەتا با لەناوی ئەو دەستەیەوە دەستپێبکەین کەپڕۆژەیاسایەکی بەزمانی عەرەبی بۆ ئامادەکراوەو لەلایەن ١٣ ئەندام پەرلەمانی سەربە فراکسیۆنی کوردستانییەوە، بەناوی «پڕۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و ڕاپرسییەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق»دا لەڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣دا، پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، بەڕێزتان بۆ ناوەکەی دەڵێن چی؟**

م. ئاریان: سەبارەت بەناوی دامەزراوەکە بەبڕوای من دوو هەڵە لەپڕۆژەیاساکەدا هاتووە: یەکێکیان هەڵەیەکی شکڵییەو ئەوی دیکەیان هەڵەیەکی بابەتییە. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا ناوی ڕاپرسی پێوە نییە بەڵام دەتوانێت پرۆسەی ڕاپرسییش ئەنجامبدات. ڕاپرسی‌و هەڵبژاردن هەردوکیان ئالیاتن بۆ سیستمێکی دیموکراسی. ڕاپرسی ئیختیاری پەسەندکردن یان ڕەفزکردنەوەی دەقێکی دەستوورییە،

لەکتێکدا هەڵبژاردن ئیختیاری کاندیدێک یان کیانێکی سیاسییە. هەڵە بابەتییەکەش ئەوەیە کە پێویسست ناکات دامەزراوەیەک هەبێت ناوی ڕاپرسی پێوەبێت‌و لەو دامەزراوەیەدا یەکەیەک هەبێت بەناوی ڕاپرسییەوە، چونکە بەڕاستی سیستمی سیاسیی لەوڵاتی ئێمەدا نوێنەرایەتییە، وەک سویسرا نیە کە لەسەر هەر بابەتێک ڕاپرسییەک ئەنجامبدرێت. هەرچەندە لەهەرێمی کوردستاندا سیستمە دەستورییەکە زۆر ئاشکرا نییە بەڵام ئەوەی لەواقیعدا دەیبینین سیستمی نوێنەرایەتییەو ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە نوێنەری خەڵکەو خەڵک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدار نابێتەوە بەڵکو ئەوە لایەنێکی سیاسییە کە ڕاپرسی لەسەر پڕۆژەیاسایەک دەکات یان هەمواری یاسایەک بکات.

م. عابد: ئەگەر ناوی دەستەکە کورت بکرێتەوەو بکرێت بە «کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان»دا مەعقولترە. سەبارەت بەوەی کە ڕاپرسی بچێتە سەر ناوەکەی یان نا، گرنگ ئەوەیە یاساکە ئەو مافە بدات بەکۆمسیۆن کە دەتوانێت ڕاپرسییەکانیش ڕێکبخات، ئیتر لەو کاتەدا ناوهێنانی ڕاپرسی لەناوەکەیدا گرنگ نییە.

م. دەرباز: منیش هاوڕام لەگەڵ مامۆستا ئاریان سەبارەت بەناوی دەستەکە، چونکە چ هەڵبژاردن‌و چ ڕاپرسی جۆرێکە لە پرۆسەی دەنگدان، بەڵام وشەی باڵا زیادەیە لەبەرئەوەی کۆمسیۆنەکەی بەغدا کۆمسیۆنی باڵایە، کۆمسیۆنی بەغدا لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵییەو لەیاساکەدا ڕێگەدراوە کەهەرێمەکان کۆمسیۆنی تایبەت بەخۆیان هەبێت‌و ئەوەی بەغدا کۆمسیۆنی باڵایە بۆئەوەی کە کۆمسیۆنی هەرێمەکان دروستبوون بە وشەی «باڵا»دا لەوانەی هەرێمەکان جیابکرێنەوە. پاشان لەبنەمادا ئەم کۆمسیۆنەی هەرێم هەر باڵا نییە لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنە فیدراڵییەکاندا کۆمسیۆنێکی تر هەیەو ئەویان باڵایە.



**رای گشتی: بۆ ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکی پێشوو لە هەرێمدا کۆمسیۆن ٣٩ هەزار کارمەندی هەبووە، ئایا ئەو ٣٩ هەزار کارمەندە ناکاتە بارگرانییەکی زۆر بۆ سەر حکومەتی هەرێم؟**

م. ئاریان: ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاچەند ئەو هەڵبژاردنانە دەچنە خانەی نەفەقاتی سیادییەوە یان نا، ئەگەر لەخانەی نەفەقاتی سیادیدا بێت ئەو کاتە دەبێت بودجەی ئەو هەڵبژاردنانە بەهەمان ئالیاتی پێشوو دابینبکرێت‌و هەمان ئالیاتیش دەگیرێتەبەر. کۆمسیۆن دامەزراوەیەکە ئیدارەی هەڵبژاردن دەکات، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن جیاوازە لە نەفەقاتی هەڵبژاردن، نەفەقەی هەڵبژاردن لەمیزانیەدا باسدەکرێت‌و پێویستی بە پڕۆژەیاسایەکی تر هەیە کەدەبێت لەپەرلەمانی عێراقدا پەسەندبکرێت. دەربارەی ئەوەی کە ئێمە ژمارەیەکی زۆر کارمەندمان دەبێت کۆمسیۆنیش بۆخۆی لە ڕێگەی گرێبەستەوە ئەم بابەتەی چارەسەرکردووە. بەڵام پێویستدەکات دامەزراوەیەک هەبێت تایبەت بێت بەهەڵبژاردنەوە تا شارەزایی‌و لێهاتویی لەو بوارەدا کۆبکاتەوە. ئەم کۆمسیۆنە ببێت بەدامەزراوە ئیتر ناچێتە ژێرباری تەیاراتی سیاسی سائیدەوە.

م. دەرباز: من پێموایە هەتا ئێستا بودجەی هەڵبژاردنەکان لەبەغداوە دابینکراوەو کەوتۆتە چوارچێوەی بودجە سیادییەکانەوەو لەسەر بودجەی ١٧٪ی هەرێم نەبووە بەڵام بەهەرێمکردنی ئەو کۆمسیۆنە وادەکات کە تارادەیەک بارگرانییەکی ماددیی بۆ هەرێمی کوردستان دروستببێت، تا ئێستا خەرجییەکانی ئۆفیسی سێ پارێزگاکەی کۆمسیۆنی باڵا لەهەرێمدا بەدابینکردنی مووچەی ئەندامەکانیشیەوە بەپلەی وەزیرو بەرەوخوار هەرهەمووی لەسەر بەغدا بودجەیان بۆ دابینکراوە، ئەمە لەڕووی داراییەوەو بۆ ماوەی چوار ساڵ بەبەردەوامی زۆر دەکەوێت. مەسەلەی پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی بەردەوام بۆ خۆی جێگەی وتووێژو گفتوگۆکردنەو قسە زۆر هەڵدەگرێت، لەوڵاتان کۆمسیۆنێکی کاتی دروستدەبێت لە قازییەکو چەند حاکمێک‌و چەند کەسێک بۆئەوەی هەڵبژاردنێک بەڕێوە ببات، بەڵام دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی هەمیشەیی بۆ چوار ساڵ واتا دامەزراندنی دەستەیەک بۆ چوار ساڵ‌و مووچەی بەردەوامی پێدەدرێت بەڵام لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا چوار هەڵبژاردن ئەنجامنادات. لەبەرئەوە بوونی کۆمسیۆنێکی بەردەوام جێگەی پرسیارە؟! من ناڵێم هیچ نەکرێت بەڵام پێویستە ئالیەتێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتێکدا کە هەڵبژاردن یان ڕاپرسی لەئارادا نییەو ناکرێت بۆچی ئەم کۆمسیۆنە ئەو کاتانەش ئیمتیازات وەربگرێت؟.

م. عابد: سەبارەت بە تێچوون، لەڕاستیدا بوونی هەردەستەیەک دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچوون لەسەر کوردستان بەڵام بەبڕوای من گرفتمان لەوەدا نییە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە میزانییەوە هەیەو هەموو ساڵێک لە هەموو وڵاتێکدا ئیشی لەسەر

## م. عابد: پێم باش نییە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە بدرێت بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڵکو پێویستە لەناو پەرلەماندا لیژنەیەکی تایبەتمەند هەبێت بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە

# توانای دەستوری هەرێمی کوردستان لە دیموکراتیزەکردنی هەرێمدا

خالید عومەر ڕەشید



بەشی دووەم

### ڕوبەڕوبوونەوەی دیموکراسیو ئیسلام

بەپێی بڕگەی یەکەمو دووەمی مادەی ٦ ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە ئاماژە بەوەکراوە کە نابێت یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلامدا، لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بەوە کراوە کە نابێت یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا، هۆکاری دانانی مادەیەکی لەم شێوەیە هەرچییەک بێت دەرئەنجامەکەی دژیەکییەک دروستدەکات لەو یاسایانەی کە دواتر بەپێی ئەم دەستورە دادەنرێن، چونکە ئەم دوو سیستمە لەزۆر لایەنی جەوهەریدا لێکجیاوازن، بۆ نمونە:

١- حوکمداریی لەئیسلامدا تەنها بۆ خودایەو خودا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە (بڕوانە سورەتی الانعام ئایەتی ٥٧)، بەڵام لەسیستمی دیموکراسیدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو سەرچاوەی دەسەڵاتو حەقیقەت زەوییە نەک ئاسمان، واتە دیموکراسی مەیلێکی عەلمانی هەیە.

٢- ئایینی ئیسلامو حوکمی ئیسلامی، دیموکراسی وەک سیستمی سیاسی ناناسێنێت بەڵکو وەک ڕژێمی حوکمڕانی دیموکراسی دەیناسێنێت، بەم واتایە لەحوکمی ئیسلامیدا سیستمی ئیسلامی سیستمی سیاسییەو دەشێت لەچوارچێوەی ئەم سیستمەدا دیموکراسی میکانیزمێک بێت بۆ هەڵبژاردنو بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕژێمی حوکمڕانی (دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری)، واتا بەشێوەیەکی گشتی تەنها دان بەهەڵبژاردندا دەنرێتو لەم هەڵبژاردنەشدا بەها ئیسلامییەکان ڕۆڵیان دەبێت لەبەرز نرخاندنی کەسەکاندا.

دیارە چەندان جیاوازی دیکە هەیە کەدەشێت لەدەرفەتی دیکەدا ئاماژەیان بۆ بکەین یاخود کەسانی پسپۆڕتر لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامبدەن، بەڵام ئێمە لێرەدا لەم دوو سەرنجە کورتەوە دەگەینە ئەوەی کەجیاوازی گەورەو جەوهەری لەنێوان ئەم دوو سیستمەدا هەیە، ئەمەش بەواتای ئیهانەکردنو خراپ نیشاندانی ئایینی (ئیسلام) نییە بەڵکو ئاساییە کە دوو سیستمی ئایینیو سیاسی جیاواز بن لەیەک چونکە هەر سیستمەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

دەبینین ئەم دەستورە ناتوانێت پشت لەبەهاکانی ئیسلام بکاتو دەستبەرداری دیموکراسیش نابێت لەهەمانکاتدا چارەسەرێکی مامناوەندی دانەناوە بەڵکو دژیەکییەکی خوڵقاندووە، بەپێی ئەم مادەیە دیموکراسیبوونی یاساکان یاخود بەئیسلامیبوونی یاساکان بەندە بەتەرازوی هێزە ئیسلامیو عەلمانیەکانی ناو پەرلەمانەوە، واتە ئەم دەستورە نەیتوانیوە بنەمایەکی جێگیر دروست بکات بۆ دانانی یاسایەک کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا.

### سەرۆکی هەرێم

سەرۆکی هەرێم هەر لەشێوازی هەڵبژاردنیەوە تاوەکو ئەو دەسەڵاتانەی پێیدراوە ئاماژەیەکی ترسناکە لەسەر ئەو سیستمە دیموکراسییەی کەئەم دەستورە بانگەشەی بۆ دەکاتو هەوڵی چەسپاندنی دەدات، چونکە:

١- بەپێی مادەی ٦١ لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆکی هەرێم «لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی، نهێنی، ڕاستەوخۆ» وە هەڵدەبژێردرێت، ئاشکرایە لەم شێوازی هەڵبژاردنەدا دەبێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت جا ئەم زۆرینەیە زۆرینەی سادە بێت یاخود ڕەها، بەم پێیە سەرۆکی هەرێم قورساییەکی گەورەی لەناو سیستمەکەدا دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر بەزۆرینەی ڕەها هەڵبژێردرێت، لێرەدا سەنگی سەرۆکی هەرێم لەنیوەی پەرلەمان زیاتر دەبێتو ناکەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمانەوە.

٢- لەمادەی ٦٠ تا مادەی ٦٩ کەبەگشتی باس لەدەسەڵاتو تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی هەرێم کراوە بەتایبەت لەمادەی ٦٥دا چەندین دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم دراوە، ئەم دەسەڵاتانە بەشێوەیەکن کەسەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری هەیە، ئەمەش لەلایەکەوە ڕژێمی حوکمڕانی لەڕێڕەوی پەرلەمانی لادەداتو لەلایەکی دیکەوە پێدانی ئەم دەسەڵاتانە بەکەسێک لەناو سیستمێکی دیموکراسیدا کارێکی نەکردەیە، چونکە چەمکی حوکمڕانی لەسیستمی دیموکراسیدا کردەیەکی دەستەجەمعییەو زیاتر پەرلەمانو هاوڵاتیان ڕۆڵی پلە یەکی تێدا دەبیننو سەرۆک تێیدا تەنها سیمبولە، تەنانەت لەسیستمی بەریتانیدا کە سیستەمێکی مەلەکییە دەوترێت کە مەلیک «مەلیکایەتی دەکاتو حوکم ناکات».

**بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی هەرێم بەپێی ئەم دەستورە دەتوانێت دەسەڵات بەرەو تاکڕەوی بباتو مەترسی لەسەر دیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان دروست بکات**

بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی هەرێم بەپێی ئەم دەستورە دەتوانێت دەسەڵات بەرەو تاکڕەوی بباتو مەترسی لەسەر دیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان دروست بکات.

لەم سێ سەرنجە کورتەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کەهەرچەندە بوونی دەستور دەتوانێت ببێتە خاڵێکی گرنگ لەپرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسیدا، بەڵام ئەم دەستورە لەتوانایدا نییە بەشێوەیەکی باش ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ بنیاتانی سیستمی دیموکراسی، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەتەنها بوونی دەستور مانای بوونی دیموکراسی ناگەیەنێت، بەڵکو چەندین پرسیاری دیکە لەو بارەیەوە هەن بۆ نمونە: ئایا خواستێکی جدی لەلای دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستانەوە هەیە بۆ بنیاتنانی سیستمی دیموکراسی؟ زەمانەتی جێبەجێکردنی مافو ئازادییەکانی ناو دەستورەکە چییە؟ ئەم دەستورە تا چەند ڕۆڵی دەبێت لەکەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەر لەدانانی دەستوور هەبوون؟

---

# یاساکان پەرە بەتواناکانی گەنجان دەدەن...!؟

## وڵاتی ئایسلەندەو مالیزیا بەنموونە

زەردەشت خالید



یاساکانی بواری پەرەپێدانی گەنجان، لەرووی میکانیزمو بابەتەوە، ئاراستەی جیاوازیان لەخۆگرتووەو ئەمەش بۆ جیاوازی ژینگەی مرۆیی ئەو کۆمەڵگەیانە دەگەڕێتەوە. ئەم نوسینەشم زیاتر بۆ خستنەڕووی ئەو پێکهاتەو میکانیزمانەیە کە لەئەزموونی هەندێک وڵاتدا کاریگەریی پۆزەتیڤو بەرچاویان لەبواری پەرەپێدانی گەنجانو لاواندا گێڕاوەو دەکرێت ئێمەش سوودیان لێوەربگرین. بۆ نموونە یاسای ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٧٠ی «یاسای لاوانی ئایسلەندە»دەستگیرۆییەکی باشی گەنجانو لاوانی وڵاتەکەی دەکات ئەویش لەڕێگەی بوونی لیژنەی گەنجانو لاوان لەسەرجەم ئەنجومەنی خۆجێیو ئەنجومەنی پارێزگاکانو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەکاروباری لاوانەوە. بەم هەنگاوەش گەنج لەبچووکترین جومگەی ئەم دەوڵەتەدا بۆتە خاوەن بڕیارو گوزارشت لە ئیرادەی خۆی دەکات. نەبوونی لیژنەی گەنجان لەناو ئەو یەکە ئیدارییانەدا دەبێتەهۆی پەکخستنی ئەو پرۆژەیەی کە لەبەرژەوەندی گەنجاندا نییە. دانانی ئەم لیژنانەی گەنجانو لاوانی ئیسلەندا لەڕێگەی ئەنجومەنێکەوە دەبێت بەناوی (ئەنجومەنی لاوانی دەوڵەت- State Youth Council)و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەش لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن.

ئەندامانی ئەنجومەنی لاوان لەیاساکانی هەندێک وڵاتدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لەخۆدەگرێت چونکە ئەو ئەنجومەنە نوێنەری هەریەک لەڕێکخراوە خوێندکاریی، ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوی کەمئەندامان، یانە وەرزشییەکان، نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بەکاروباری گەنجانو وەزیری گەنجانو لاوانی لەخۆگرتووە، ئەگەرچی ئەمەی دواییان تەنها مافی گفتوگۆکردنی هەیە بەبێ دەنگدان.

ئەم ئەنجومەنەی لاوان چەندین دەسەڵاتی کاریگەری پێسپێردراوە لەوانە «سەپەرشتیکردنو بەڕێوەبردنی کاری هەموو ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەندیان بەگەنجانەوە هەیە یان دروستکردنی هاوکاری لەنێوان ڕێکخراوو خوێندنگەو ناوەندەکانی تر لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی کارکردن لەسەر کاری هاوبەش یاخود ڕەوانەکردنی پرۆژە بۆ ئەنجومەنە خۆجێیەکانو پارێزگاکان بەمەبەستی سەرفکردنی بودجە بۆیان، هەروەها دانانی سیاسەتو پلانی ستراتیژی لەکاری لاواندا.

بێگومان ئەم دەسەڵاتەی ئەنجومەن کاریگەری زۆری هەیەو یەکێک لەو پرۆژە ستراتیژانەی لەساڵی ١٩٧٢دا ئایسلەندە پەیڕەوی کرد «پرۆژەی گەنجانی سەرکردەیە» کەئەمەش خۆی لەچەند خولێکی جۆراوجۆردا دەبینێتەوەو هەموو لاوانی ئایسلەندە دەتوانن لێی بەهرەمەندبنو بەشداری تێدابکەن. ئەم ئەنجومەنە توانای ڕێکخستنی کۆنفرانسی ساڵانەی بۆ ڕێکخراوەکانی لاوان هەیە بەمەبەستی هاندانو هەڵسەنگاندنو لەیەکتر نزیککردنەوەی گەنجان لەیەکتری.

**بەهۆی یاسای لاوانی ئایسلەندەوە، گەنج لەبچووکترین جومگەی ئەم دەوڵەتەدا بۆتە خاوەن بڕیارو گوزارشت لە ئیرادەی خۆی دەکات**

هاوکات لەهەردوو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی وڵاتی نامیبیاو یاسای ژمارە (٦٦٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی مالیزیادا ئەمجۆرە ئەنجومەنانەی لاوانو گەنجان بوونیان هەیە. بۆ نموونە ناوی ئەم ئەنجومەنە لەیاسای ناوبراوی مالیزیادا (یاسای کۆمەڵەی گەنجانو پەرەپێدانی گەنجان- Youth Societies And Youth Development)ە. ئەم یاسایە لە ١٢٥ مادەی یاسایی پێکدێتو لەئێستادا بەباشترین یاسای گەنجان دادەنرێت چونکە کۆکراوەیەکە لەیاسای زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیو بەشێوازی جۆراوجۆر سوودیان لێوەرگیراوە. ئەم یاسایە بەهەمان میکانیزمی سەرەوە ئەنجومەنێکی بۆ گەنجان پێکهێناوەو لەڕێگەیەوە سەرپەرشتی ڕێکخراوەو کۆمەڵەکانی گەنجانو بواری پەرەپێدانی گەنجان لەئاستە جیاوازەکاندا دەکات. لەبەشی (٥٥)ی ئەم یاسایەدا باس لەپەیمانگەیەکی ئەکادیمی فەرمی دەکات کە لەکەسانی پسپۆر پێکدێنو ناوی «پەیمانگەی مالیزی بۆ لێکۆڵینەوە لەبوارەکانی گەنجان»ە. ئەم پەیمانگەیە لێکۆڵینەوە پێشکەش بەئەنجومەنی لاوانو تێکڕای سەکتەرە جیاوازەکانی حکومەت دەکات، هەروەها ئەرکی وەرگرتنی ئامارو داتای هەیە لەسەر تێکڕای ژمارەی نەخوێندەوارانو باری خێزانیو باری تەندروستیو باری ئابووری گەنجان.

دیارە هەبوونی ئەم جۆرە پەیمانگانە بۆ کوردستان زۆر گرنگە چونکە بەرچاوڕوونی دەداتە حکومەت لەرووی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی لاوانو گەنجانو کارکردنی حکومەت لەسەر پلانو ستراتیژێکی هاوبەش بۆ کابینە یەکلەدوایەکەکانی حکومەت. هەروەها ئەم یاسایە بوارێکی باش بۆ داهێنانی گەنجانو پارێزگاریکردن لە داهێنانەکانیان دەڕەخسێنێت، کەئەم لایەنە گرنگە لەیاسای فنلەندای ژمارە ٧٢ی ساڵی ٢٠٠٦ دا هاتووەو تایبەتە بەپێدانی کۆمەک بە گەنجان بەمەبەستی سەرخستنی ئەو پرۆژانەی کە لەسەر هەوڵی تاکەکەسی دەدرێت یان لەناو ڕێکخراوێکدا بەئەنجامی دەگەیەنێت. بەداخەوە لەکوردستان هێشتا بەچاوی بازرگان سەیری گەنجانی گیرفان بەتاڵی ئەم هەرێمە دەکرێتو پرۆژەی قەرزی بچووک دەکرێتە میکانیزم بۆ پێشخشتنی پرۆژەی بچووک بەو بیانووەی خزمەت بەگەنج دەکات کەئەمەش تراژیدیایەکی تری ئەم هەرێمەیە بۆ گەنجان.

---

# کتێبێکی نوێ




بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو ئەندامانی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE» کتێبێکی لەژێر ناوی «ڕێبەری هاوڵاتیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو ئەندامانی خولی سێهەمی پەرلەمان» بڵاودەکاتەوە بە قەبارەی ١٣٠ لاپەڕەو بەتیراژی ٥٠٠٠ دانە.

ئەم کتێبە ڕێبەرێکە کە لەڕێگەیەوە هاوڵاتیان دەتوانن زانیاری پێویستیان لەبارەی هەر ١١١ ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستانەوە لەلا هەبێت لەڕووی ناوو تەمەنو ئاستی خوێندنو پسپۆڕییو ئەو لیژنەی هەمیشەییەی لەپەرلەماندا کاری تێدا دەکاتو ناوی فراکسیۆنەکەیو ژمارەی مۆبایلو ئیمەیلەکەیو...هتد؟!

لەپێشەکی ئەم ڕێبەرەدا کۆمەڵێک زانیاریو داتا هاتووە وەک بیرخستنەوەیەک سەبارەت بەلایەنە جیاوازەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٧/٢٥ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەندێک زانیاریی تر لەبارەی پەرلەمانی کوردستان بەگشتیو خولی سێهەمی پەرلەمانەوە بەتایبەتی.

لەم ڕێبەرەدا ناوی ئەندام پەرلەمانەکان بەپێی پیتی «ئەبجەد»ی ڕیزکراوەو وەک لەپێشەکی کتێبەکەدا هاتووە «ویستوومانە لەم ڕێگەیەوە خۆمان لەو پۆلێنکردنە فراکسیۆنییە دابەشکارییە دروو بخەینەوە کە ناهێڵێت نوێنەرایەتییە گشتییەکەی ئەندامپەرلەمان ببینرێتو ناچارماندەکات بەوەی تەنهاو تەنها لەڕێگەی تاکە فراکسیۆنێکەوە سەیری ئەندام پەرلەمانێک بکەین نەک لەڕێگەی گشتێکەوە کەپەرلەمانە، لەکاتێکدا هەر ئەندامێکی پەرلەمان نوێنەری هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات بەوانەشەوە کەدەنگیان پێنەداوە».